# نم نم

سەرنووسەر: شوان ئارەم ئەیڤەس

لە خەڵکەوە بۆ خەڵک

11 www.Nnmnm.com

ڕۆژنامەیەکی کولتوریی گشتییە پێنجشەممان بڵاودەکرێتەوە

پێنجشەممە 2010/2/4 نرخ: 1000دینار


## تلیاکی گەلان


ئایینە یان مەعریفەی ئایینی؟



5

## مژدێن عەبدوڵڵا

هەتا دەمێنم بە ئاواتی ئەوەوەم بە خۆشەویستێکی ڕاستگۆ بگەم



14

# «٣٠٪ی کچانی دەرچووی زانکۆ خەتەنەکراون»

تایبەت بە نم نم

بەپێی نوێترین توێژینەوەی ئەزموونی لەسەر خەتەنەکردنی ڕەگەزی مێینە لەهەرێمی کوردستان، زۆربەی ئەو ژنانەی بڕوایان بەمانەوەی خەتەنەکردن هەیە، بە«واجب»ێکی ئاینی ئیسلامی دەزانن‌و هەندێکیشی دەیگەڕێننەوە بۆداب‌و نەریتی کوردەواری، هاوکات ئەنجامگیری لەسەر ئاستی خوێندەوارییو بڕوابوون بەخەتەنەکردن کراوەو ئەوە دەرکەوتووە کە هێشتا ٣٠٪ی کچانی دەرچوو لەزانکۆ خەتەنەکراون، بەڵام «لەگەڵ پێگەیشتنی زیاتر پرسیارو گومان لەعادەتە ئازاربەخشەکان ئەکەن، ئەگەرچی بیانوی ئایین یان فەرزبوونیشیان پێوە لکابێت».

هەر بەپێی ئەو توێژینەوەیە کە ڕێکخراوی وادی ئەڵمانی زانیارییو ئامارەکانی لەڕێی چاوپێکەوتن‌و سەردانی مەیدانی بۆ ناوچە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان کۆکردوەتەوە، بەڵگە لەسەر ئەوە دەخاتەڕوو کە چۆن هەندێ لەدایکان سەرباری ئەوەی خۆیان بەئەزموونی مەترسیداری خەتەنەکردندا تێپەڕیوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕێگر نەبوون لەبەرامبەر خەتەنەکردنی کچەکانیان‌و دوبارەکردنەوەو گوێزانەوەی ئەو ئەزمونە «مەترسیدار»ە بۆ منداڵەکانیان.

ئەو توێژینەوەیە ٤٠لاپەڕەیەو وابڕیارە لەساڵیادی ڕۆژی جیهانی چالاکی دژ بەرووبەڕووبوونەوەی خەتەنەکردنی مێینە (٢/٦)داو لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا لە هەولێر تەواوی وردەکارییەکانی بۆ ڕایگشتی ئاشکرابکرێن.



## حەمەی حاجی مەحمود:

## سێ ژنم هەیەو حەزم لەساوەرە ....

3

## چاندنی بلوری

### دەبێتە دیاردە

پسپۆڕێکی نەخۆشییەکانی ژنان‌و منداڵ بوون ئاماژە بەوە دەدات کە لەئێستادا بەشێکی زۆری هاوسەران دەتوانن بەرێگەی نەشتەرگەری بلووریی ببنە دایک‌و باوک، ئەوەش بەیەکێک لەسەرکەوتنە «گەورە»کانی زانستی پزیشکی هەرێمی کوردستاندا ناوزەد دەکات.

بۆ ووردەکاری زیاتر لەسەر نەزۆکیو هەنگاوەکانی چارەسەرکردنی بەرێگەی چاندنی بلووری، لەنوێترین دیمانەیەدا لەگەڵ نم نم، د.ئامانج رەحیم زەنگەنە، پسپۆڕی نەخۆشییەکانی ژنان‌و منداڵ بوون‌و خاوەنی سەنتەری دوارۆژ بۆ چارەسەرەی نەزۆکی، زانیاری وردتر لەسەر هۆکارەکانی منداڵ نەبوونی هەندێ لەهاوسەران دەخاتەڕوو.

7

## ڕۆژانی هەینی

### سەردانی نەخۆش دەکرێت

بەهۆی زۆری سەردانی هاووڵاتیانەوە بۆ نەخۆشخانەکان، دکتۆرو کارمەندانی نەخۆشخانەکان بێزار بوون‌و هاووڵاتیانیش گلەییان لەکارمەندان‌و سیستمی نەخۆشخانەکان هەیە.

دوای ئەوەی سەردانی نەخۆش لەدوو ڕۆژەوە کرا بەیەک ڕۆژ، هاووڵاتیان گلەییان لەکارمەندان‌و سیستمی نەخۆشخانەکان هەیەو داوا دەکەن سەردانی نەخۆش هەموو ڕۆژێک کراوە بێت.

8

## دنیای منداڵان



11-10

# کاکە حەمە ماڵو منداڵەکەی لێی کەوتونەتە تەقە!

## «لەکاتی ئێمەدا گەنج هەر سەلامی دەزانی، ئێستا زانکۆش تەواو دەکەنو نازانن مێژووی میلەتەکەیان چییە؟»

**کاکە حەمەی حاجی مەحمود سکرتێری حیزبی سوسیالست دیموکراتی کورستان باس لەوە دەکات کە منداڵو خێزانەکەی بەگلەیین لێی، هاوکات ئاماژە بەوە دەدات کە گەنجانی دوای راپەڕین بەهۆی خراپی سیستمی پەروەردەوەو جیاوازییکردن لەدامەزراندنو خوێندندا، وایکردووە نەوەیەکی بێهێواو باوەڕبەخۆنەبوویان لێ بەرهەم بێت.**

شاخەوان مەحمود لەگوڵەخانە



**کاکە حەمە لەکاتی کێڵانی زەوییەکەی لە گوڵەخانە** — **فۆتۆ: تایبەت**

لەبەرئـــەوەی لەگووندەکەیاندا منداڵێکی کەم هەبووەو کەس نەبووە شەڕی لەگەڵدا بکات، شـــەڕی نەکـــردووە، «منداڵێکی هێمنو ئـــارام بوومو لەگەڵ هیچ منداڵکدا شـــەڕم نەکردووە، ئەگەر شەڕیشیان پێ بفرۆشتمایە نەمدەکرد»، بەڵام کاکە حەمە لەناو ئەو هاوڕێیانەیدا، لەهەموویان زیاتر شـــارەزای یارییەکانی ئەو سەردەمە بووەو هەمیشە براوە بووە، «لەیاری تۆپێنو باڵەو لەهەڵماتێنیدا زۆر باش بووم».

کاتێـــک تەمەنی کاکە حەمە گەشـــتوەتە ١٥ساڵ، بەهۆی خراپی ئاستی ئابورییانەوە، خەرێکـــی جوتیاریـــیو مـــەڕو ماڵات بەخێوکردن بـــووە، ئەوان زۆرجار خۆیان بەرهەمەکانیان بردووە بۆ شارو فرۆشتویانە، هاوکات و چەندین کاری وەک گەڵاشکێنی توتنی کردووەو شریتی توتنیشی لێداوەو ئاوی کشـــتوکاڵی داوەو لۆکەی چنیوەو درەوی گەنمو جۆی کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا بەتراکتـــۆرو گا جوتی کردووەو جۆماڵی کردووەو چاڵی گەنمیشی هەڵکەندووە.

لەکاتـــی راودا مەحەمەدی حاجی مەحمود راوچییەکی باش بووە لەناو هاوڕێکانیداو زۆرجـــار راوی پۆڕو ئاژەڵـــی کردووە، «زۆرجار بەئاســـمانەوە باڵندەم خستوەتە خوارەوە».

### لەپێشمەرگایەتی وەریان نەگرتووە

چەند جارێک واســـتەی کردووە بۆئەوەی بیکەنە پێشمەرگە، بەڵام لەبەر ئەوەی تەمەنی کەم بووە، بەپێشـــمەرگە وەریان نەگرتووەو کردویانەتە بەرگری میلی، باوکیشی چەند جارێک لەســـەر ئـــەو کارەی ناردویەتی بەشوێنیدا.

لەساڵی ١٩٧٥دا کاتێک هەرەس بەشورش دەهێنن، پێی خۆش نییە ئەو چەکانە بدرێتەوە بەحکومـــەت، بۆیە لەگـــەڵ چەند هاوڕێو کەســـێکی نزیکیدا قســـە دەکەن کە ئەو چەکانە وەربگرنو شۆڕش دروست بکەنەوە، لەگەڵ هاوڕێ پێشـــمەرگەکانی دەکەونە وتووێژ کە خۆیان تەسلیم دەکەنەوەو بەڵێنی ئەوەیان لێوەر دەگرن کە چەند چەکێکیان بدەنێ، «پێشـــمەرگەکانیش پێیان خۆش بوو، نزیکی سێ چوار چەکمان وەرگرتوو لەژێر زەویدا شـــاردمەوە، تا شۆڕشـــمان دروستکردەوەو لەچاڵەکەدا دەرمهێنا».

دوای ئەوەی بەچەند کەسێکی کەم شۆڕش دروســـت دەکەنەوە، پەیوەتدی بەخەڵکی ترەوە دەکەن، بۆئەوەی رێکخستن دروست بکەن، «پەیوەندیم بەهەر کەسێکەوە دەکرد دەیانوت ئەوە چۆن دەکرێت؟ ئەو شۆڕشـــە گەورەیە وای بەسەر هات».

### کاکە حەمە سزا دەدرێت؟

پاش ئەوەی لەشـــاخ نزیکەی هەفتەیەک نانیان دەست ناکەوێت بیخۆن، کاکە حەمە دەیەوێت بڕواتە خوارەوە بۆ گوندەکانو نان پەیدا بکات، بەڵام هاورێکانی رازی نابن، «وتیـــان ئەگەر تۆ رۆشـــتیتو دەستگیر کرایت لەلایەن حکومەتەوە، هەموو کورد تیادەچێت، چونکـــە ئێمە کاکڵە شۆڕشـــین»، هەربۆیـــە ئەویش بەدزی هاوڕێکانیەوە دەچێتە گوندێکو هەندێک نانو تەماتەیان بـــۆ دەباتەوە، کە نزیک دەبێتەوە ئەوانیش گومانی ئەوەیان کردووە کە کاکە حەمە، چوبێتە خوارەو دەستگیر کرابێت شوێنەکەیان چۆڵ دەکەن.

کاتێک کاکـــە حەمە دەبینن دەگەڕێنەوە شـــوێنەکەی خۆیان، بڕیاری ئەوە دەدەن کە سزای بدەن، دواتر چەکو تاقمەکەی پێدادەنێن، «لەو کاتـــەدا رادیۆ هەواڵی مردنی ماوســـیتۆنی ســـەرۆکی سینی بڵاوکردەوە، کە بەڵێنـــی بەکورد دابوو هاوکاری بکات، ئەوانیش بێتاقت بوونو وتیان تـــازە تەواو ئەویـــش مردو هیچ کەسێک یارمەتیمان نادات»، ئیدی کاکە حەمەیش لەو کاتەدا فرســـەت دێنێتو دەســـتدەکات بەنانو تەماتـــە خواردن، «حامیدی حاجی خالیدو د.رەزاو کاک بورهان لیژنەی ســـزادانەکەی من بوون، کاک حامیدش دەگریا بۆ ماوســـیتۆنو بـــەدەم گریانـــەوە لەپشـــتی بەردێکەوە دەستیهێنا بۆ تەماتەکەو بەشمدا».

پاش ئەوەی دێنەوە سەرخۆ، شەو داهاتووەو پرسیاری تەماتەکە دەکەن، کاکە حەمەیش دەڵێت: نەما، منو کاک حامید خواردمان.

### گەنجی ئەوسا بەس سەلامیان دەزانی

کاکە حەمە پێیوایە گەنجی ئێستاو سەردەم ئەو جیاوازی زۆریـــان هەیە، «لەکاتی ئێمەدا گەنج هەر سەلامی دەزای‌و دەچووە ماڵان داوای نانی دەکرد، دوای ئەوەیشی کە خۆیان ماڵو خێزانیان دروســـتکرد نەیاندەزانی میوانـــداری بکەن، ئەگەر میوانیان هەبوایە خۆیان نانیان دەخوارو میوانەکەیان بەجێدەهێشت، چونکە هەر وا راهاتبوون».

ناوبـــراو، جەخـــت لـــەوە دەکاتەوە کە گەنجەکانـــی دوای راپەڕیـــن بەهـــۆی نەبوونی پەروەردەیەکی باشـــەوە، نازانن مێژووی میلەتەکەیان چییەو شاعیرەکانو تێکۆشەرەکانی گەلەکەیان ناناسن، ئەوەش بەهۆی هەبوونی سیستمی کۆنی خوێندنەوە بوو، «هەتا زانکـــۆ تەواو دەکەن نازانن مێوژی میلەتەکەیان چییە، بەڵام قەعقاعو شاخی حەسارۆستو چەندین شتی تریان لەبەرە کە مێژوی ئەوان نییە».

کاکـــە حەمە ئاماژەش بـــەوە دەدات کە لەئێستادا چەندین گەنج بەهۆی بڕوانامەی ساختەو قبوڵخاسو واســـتەوە لەزانکۆو پەیمانگاکان وەردەگیرێـــنو دەردەچن، «دکتۆرێـــک لەنەشـــتەرگەری هەڵـــە دەکات یان بینایەکی چەند نهۆمی لەپڕ دەروخێت، ئـــەوە هۆکاری چییە؟ ئەوەیە کـــە بەهەقی خۆیـــان خوێندنیان تەواو نەکـــردووە»، هەربۆیە پێیوایە گەنجانی ئێســـتا بەهۆی جیاوازیان لەگەڵ هەندێ گەنجی بەرپرسو دەوڵەمەنددا، لەخوێندنو دامەزراندنو داهاتو هەندێ شتی تردا توشی بێهیوایی بوون.

### حەزی لەساوەرەو رقی لەبرنجە

کاکە حەمە، کە مرۆڤێکی قســـەخۆشو ســـادەو ســـاکارە لەمامەڵەکردن لەگەڵ دۆستو ئاشنایانیو هەمیشە سفرەکەی دێت بۆپێشـــوازی ئەو میوانانەی رووی تێدەکەن، بـــاس لەوە دەکات کە هەموو میلەتێـــک کولتورێکی خـــۆی هەیەو بەو کولتورەدا دەناســـرێتەوە، «ئێمەش وەکو کورد ئـــەو جلو بەرگەمان هەیە کەپێیدەناســـرێینەوەو خـــاکو زمانی تایبەت بەخۆمانو مێژوومان هەیە».

ناوبـــراو، ئامـــاژە بـــەوە دەدات کـــە ئەفغانییەک بۆ بەو مێزەرە ناشـــرینەوە کە دەڵێی بەتانییە کردویەتی بەسەریەوە، هیـــچ بەلایـــەوە نەنگی نییـــە، کەچی هاووڵاتیانی کوردستان روویان نەیەت جلی کوردیو جامانە ببەستن، «من کە دەڕۆمە دەرەوەی وڵات جامانەکەشم پێیە، زۆرجار لەو وڵاتانە خەڵکی ئەوێ وێنەیان لەگەڵ گرتووم».

بەوتەی کاکە حەمە لەئێستادا ئەوەی جلی کورد لەبەر بکات بەرۆشـــنبیر سەیری ناکرێت، «کەسێک قژی جوان دابێنیو چاکەتو پانتۆڵو بۆینباخ ببەســـتێت بەرۆشنبیر تەماشا دەکرێت!».

کاکە حەمـــە لـــە١٩٨٨/٨/١٨ وازی لەخواردنی گۆشتو برنجو پەتاتەو شەکر بەچا هێنـــاوە، بەڵام بـــەردەوام حەزی لەســـاوەرە، «خواردنو جـــلو بەرگ هەرچی بێت گوێی نادەمێو تائێســـتا هچ کرێمیکم بۆ قژم بەکارنەهێناوە، ئیتر نازانم بۆ داهاتوو».

سکرتێری حیزبی سۆسیال دیموکراتی کوردستان زۆر کەم تورە دەبێتو ئەو کاتەشی تورە دەبێت یان بێتاقەت دەبێت، خـــەوی دێتو حـــەز دەکات بخەوێت، هاوکات بەردەوام حەزی لەقسەی خۆشو مەجلیسی گەرمەو لەلاشی ئاساییە ئەگەر بکرێت بەکاریکاتێر، «چەند جارێک کراوم بەکاریکاتێر، ئێـــوەش دەتوانن بمکەنبەکاریکاتێر».

### ماڵو منداڵەکەی لێی کەوتونەتە تەقە

کاکە حەمەی حاجی مەحمود سێ ژنی هێناوەو خاوەنی چوار کورو شەش کچەو سێ منداڵیشی مردووە، باوکی لەتەمەنی ١٣ســـاڵیدا ژنی بۆ دەهێنێتو ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کـــە ئەو نەتوانێت خۆشەویستی بکاتو کچی تری خۆش بوێـــت، «ئەگەر خۆشەویســـتیەکیش دروست بوبێت شتێکی وانەبووە».

بەهۆی سەرقاڵی بەسیاسەتەوە، زۆرجار سکرتێری حیزبی سۆسیالست روبەڕی گلەیی خێـــزانو منداڵەکانی بووەتەوە، «زۆرجـــار بەدووســـاڵ نەمدیـــون، لەئێستاشـــدا جاری واهەیە دوومانگ نایان بینم، چونکە خۆم تەرخان کردووە بۆ ئیشی خەڵـــکو میلەت، بۆیە قەرزای خێزانو منداڵەکانمم»، هەربۆیە جەخت لەوە دەکاتەوە کە لەبەر ئەوەی هێشتا گەلی کورد نەگەشتووە ئاشتێکی باش، بەردەوام دەبێت لەخەبات، «میلەتەکەمو حیزبەکەم لەسەروی هەموو بەرژەوەندییەکانەوەیە».

کاکە حەمەی حاجی مەحمود ئێســـتا لەگوندی گوڵەخانەی ناوچەی شارەزوور دەژیو رۆژانی پشووی لەو گوندە بەسەر دەبات، بەوتەی خۆی لەدوای راپەڕینەوە گوندەکەی خۆیان ئاوەدان کردوەتەوە، «لەم گونـــدە لەدایک بـــوومو لەهەر پلەیەکیشدابم هەر لێرە نیشتەجی دەبم».

## وەزیری رۆشنبیریو لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان:

# تەلەڤزیۆنی نەورۆز سەر بەوەزارەتی رۆشنبیرییە، بەڵام تەلەڤزیۆنێکی رۆشنبیریی نییە

**لەیەکەم رۆژی دەوامی وەزیریدا، کاتێک دەیەوێت بەئۆتۆمبێلەکەی خۆیەوە بچێتە وەزارەتەوە، پۆلیسەکانی بەردەم پرسگەی وەزارەت، رێگەی نادەن ئۆتۆمبێلەکەی بەرێتە ژوورەو ئەویش خۆی ناناسێنێتو دواتر ناچار دەبێت ئۆتۆمبێلەکەی ببات بۆگەراجێکی نزیک وەزارەتی رۆشنبیریو لاوانو لەوێشەوە خۆی بەپێ بگەیێنێتە دیوانی وەزارەتەکەی.**

**د.کاوە مەحمود وەزیری رۆشنبیریو لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەمیانی دیمانەیەکی تایبەتیدا لەگەڵ نم نم ئەو بەسەرهاتەی خۆی بۆخوێنەران دەگێڕێتەوەو ئاماژە بەهەندێ کەموکوڕیی نێو وەزارەتەکەی دەدات.**

بەرزان عەلی حەمە لەهەولێر

بەرزان: کاتێک تەلەفۆنم بۆکردیت بۆ رێکخستنی ئەم دیدارە، زۆر بەپەلە وەڵامت دایەوەو وتت ئۆتۆمبێل لێدەخورم، ئەگەر پۆلیسی هاتوچۆ بیبینیتایەو مۆڵەتی شۆفێرییەکەی لێ بسەندیتایە، خۆت دەناساند؟

د.کاوە: لەوانەبوو رووم نەیەت بڵێم وەزیری رۆشنبیرییم، چونکە شیاو نییە د.کاوەیێک سەرپێچی بکات، لەبەر ئەوە من تەلەفۆنەکەی جەنابتم هەڵگـــرتو زوو کوژاندمەوە بۆ ئەوەی سەرپێچی نەکەم.

بەرزان: چۆن بوو پۆلیسەکانی وەزارەت تۆیان نەناسیوەتەوە کاتێک وەک وەزیری رۆشنبیریو لاوانی کابینەی نوێ چویتەتە وەزارەت؟

د.کاوە: پێم خۆش نییە ئەوە ببێت بەشتێکی دیعایی بۆخۆم، بۆیە هەر قسەشم نەکردووە، راستە ئەو کاتە بەسەیارەکەی خۆم هاتم بۆ وەزارەت، ئەوە زۆر ئاسایی بوو بەلامەوە، کە ئەوە روویدا سەیارەکەمم برد بۆگەراجێکی لای هۆڵـــی زەرد دامناو خۆم بەپێ هاتم، من ئێستاش ناچارم بەسەیارەی وەزارەت هاتوچۆبکەم وەکو شـــتێکی پرۆتۆکۆڵیو ئوسوڵی، کاتی هاتنم بۆ وەزارەت برادەرێک بەسەیارەی وەزارەت دێت بەشوێنمدا، بەڵام کاتێـــک دەوام تەواو دەبێت ســـەیارەی وەزارەت دادەنێـــمو بەســـەیارەکەی خۆم دەگەڕێمەوە.

بەرزان: وەزارەتەکەی تۆ دوو وەزارەتەو کراوە بەیەک، ئەمە ئاڵۆزی دروست نەکردووە؟ جگەلەوەش وتەبێژی حکومەتیت؟

د.کاوە: من بەئەرکێک وەرم گرتووەو داوام لێکراوە ببمە وتەبێژ، بۆ وەزارەتی وەرزشو لاوانیش، ئەوە ئێستا لەچوارچێوەی یەک وەزارەتدایە، ئەرکی وەزارەتیش هەر ئەوە نیە کە وەزیر ئەرکەکە ببینێت، بۆیە ئەگەر ســـبەی رۆژ من لەکارەکانمدا سەرکەوتو وبووم، ئەو سەرکەوتنە تەنها هی من نییە، بەڵکـــو دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەســـانەی کە بەخەمخۆرییەوە کارم لەگەڵ دەکەن.

بەرزان: کارنامەت بۆ وەزارەتەکەت لەچیدا خۆی دەبینێتەوە؟

د.کاوە: هەڵبەتـــە بەرنامـــەی وەزارەتەکان هەمـــووی زنجیرەیە، ئێمـــە تەواوکەری ئیشـــەکانی پێشـــووینو دوای ئێمـــەش کەسانێکی تر ئیشەکانمان تەواو دەکەن. ئێمـــە دەمانەوێت لەهێڵی گشـــتیدا کار بکەینو ئەوەمـــان کردووە بەنیشـــانەی سەرەکی، ئەوەبوو هەوڵماندا ئەو رۆشنبیرو وەرزشـــەوانو کەســـانەی کە بـــەردەوام بایەخ بەرۆشـــنبیری گشتی دەدەن، ئەوانە بەشداربن لەدەستنیشـــانکردنی بەرنامەو دانانـــی پێکهاتەی نوێـــی وەزارەت، واتە ئەمە دەبێتـــە هەنگاوێک بۆئـــەوەی ئەو خراپ حاڵیبوونەی کە نـــەک هەر لێرە، بەڵکو بەگشـــتی لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە لەنێوان چەمکی رۆشنبیرو چەمکی دەستەڵات، نەمێنێت.

ئێمەدەمانەوێت ئەو گرفتانە چارەسەربکرێت لەپێناو خزمەتکردنی رۆشـــنبیردا، واتە کە خزمەتی رۆشـــنبیر کـــرا خزمەتی دەســـتەڵات دەکرێت، چونکـــە ناکۆکی لەنێوان ئەم دوو چەمکەدا نییە، بەرژەوەندی دەســـتەڵاتێکی دیموکراتی پێشـــکەوتوو بەرژەوەندی رۆشنبیرانەو بەپێچەوانەشەوە، ئەم بەرژەوەندییەش بەوە بەرجەستە دەبێت کە بەشـــداربن لەنەخشـــەڕێی وەزارەتو لەچالاکییەکانیشدا.

ویستمان لەرۆژی توندوتیژی دژی ژناندا پێنج رۆژنامـــەو گۆڤار خەڵات بکەین کە لەساڵی ٢٠٠٩ بابەتیان لەسەر توندوتیژی ئافرەتان نوســـیوەو گرنگیـــان پێداوە، بـــەڵام ماوەکـــە کورت بوو ســـەندیکای رۆژنامەنووسان نەیتوانی ئەو کەسانە دیاری بکات.

بەرزان: وەزیری پێشووی رۆشنبیری باسی ئەوەی بۆ کردم کە لەچالاکییەکدا ئەگەر لەسلێمانیو هەولێر بکرێت، ئەوان لەیەک کاتدا کیتاب بۆ هەردوو وەزارەتی دارایی سلێمانیو وەزارەتی دارایی هەولێر دەکەن تاوەکو پارەکە سەرف بکەن، ئایا هەمان شت ماوە؟

د.کاوە: ئەوە بەشـــێک بوو لەپاشـــماوەی دوو ئیدارەیی، ئێســـتا کە حکومەت یەک بودجەی هەیـــە بەرەبەرە ئەو مەســـەلەیە چارەســـەردەکرێت، بەڵام تاوەکو بودجە بڕیار دەدرێت پاشـــماوەی دووئیدارەیی ماوەتـــەوە، بەڵام ئـــەو حاڵەتانە نامێنێت، مەسەلەکان لەوەدایە کە چۆن ئێمە هەنگاو بنێین دەســـت بگرینەوە لەســـەرفکردنی زیادە کـــە لەهەمـــوو مەجالەکەندا هەیە، دەستگرتنەوەش بەو مانایە نا کە چالاکیمان نەبێت، بەڵکو بزانین چەندە قازانج لەبواری رۆشنبیریدا دەکەین، چەند قازانج لەبواری پەرەپێدانی تواناکانو پێشکەوتنو پاراستنی کولتوری رەسەندا دەکەیت، چەندە قازانج دەکەین لەتواناکانی لاوانو وەرزشەوانان؟ ئەمە ئەرکەکەیە، پێموایە هەندێجار بابەتی ڤیســـتیڤاڵو هەندێک سەرفکردنی زیادە پێویستی بەچاوپیاخشاندنەوەیەکی جدی هەیە.

ئێستا ئیشو کارەکانمان لەژێر چاودێری داراییدایە، هەر بوارێکی سەرفی زیادە نەک هەر لەوەزارەتی رۆشنبیریو لاواندا، بەڵکو لەهەر وەزارەتێکـــی تردابێت ئەنجومەنی وەزیرانو چاودێـــری دارایی هەیەو لێی قبوڵ ناکات.


هەر هۆڵو تەلارو جێگایـــەک پەیوەندی بەوەزارەتی رۆشنبیرییەوە هەبێت ئێمە بۆ کاری رۆشنبیری بەکاری دێنین، هەندێجار هەندێ لایەن داوایان دەکاتو چالاکی تیا دەکەنو بەداواکارییە، بەڵام خۆی لەبنەڕەتەوە ئەم هۆڵانە هی وەزارەتی رۆشنبیرییە.

بەرزان: قسەی زۆر لەسەر تەلەڤزیۆنی نەورۆز دەکرێت کە کەناڵێکی سەر بەوەزارەتی رۆشنبیریو لاوانەو لاوازەو بەرنامەی چرۆپڕی نییە؟

د.کاوە: ئێمـــە کۆبوونەوەیەکی فراوانمان لەگەڵ کۆمەڵێک کەســـی پســـپۆڕ کرد کۆبونەوەیەکی فراوانیش لەگەڵ کارمەندانی ئەو کەناڵە دەکەین، بۆ ئەوەی زۆر بەروونو ئاشـــکرایی باســـی ئەزمونی تەلەڤزیۆنی نەورۆزو ئاستەنگەکانی بکەین، لایەنێکی تر کە تائێستا گرفتەو پێویستی بەچارەسەرە مۆرکی تەلەڤزیۆنەکەیە، تەلەڤزیۆنی نەورۆز لەرووی ئیداریو ئیشو کارەکانیەوە سەر بەوەزارەتی رۆشنبیرییە، بەڵام تەلەڤزیۆنێکی رۆشنبیریی نییە.

بەرزان: گلەییەکی زۆر لەوەزارەتی وەرزشو لاوانی کابینەی پێنجەم هەبوو لەلایەن گەنجانەوە، بەو پێیەی وەزارەتەکە چووەتە سەر وەزارەتی رۆشنبیری، ئایا چیتان کردووە بۆ نەهێشتنی گلەییەکانی گەنجان؟

د.کاوە: سەبارەت بەگرفتەکانی لاوان ئێمە چاودێریمان هەیە بۆ ئەو نەخشـــەرێیەی کە بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی لاوان هەبوو، جگەلەمەش کاردەکەین بۆ بەستنی کۆنفرانسێک بۆ گرفتەکانی لاوان، یەک کۆمەڵ پرۆژە هەیە بۆ ٢٠١٠ کە هەرهەمووی دەخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە.



**د.کاوە مەحمود**

# ڕەدووکەوتن ... چوار دەکوژێتو بکوژیش دەستگیر ناکرێت

## لەسۆران گەنجێکی ١٩ساڵ دایکو باوکی خۆی دەکوژێت

**چەند هەفتەیەک بەر لەئێستا، دوای ئەوەی بێوەژنێک لەناوچەی سواران ڕەدووی پیاوێک دەکەوێت، لەلایەن کەسو کاری ژنەکەوە تەقەیان لێدەکرێتو هەردووکیان دەکوژرێن، پاش گەورەبوونی کێشەکە دوو کەسی تریش دەکوژرێنو چەند کەسێکیش بریندار دەبن.**

ڕامیار سۆرانیو
ڕێژیار حەمید لەسۆران

ماوەیەکی کەم بەسەر ڕەدووکەوتنەکەی خەجێدا تێپەڕ دەبێت، کە ڕۆژێک لەگەڵ کەریمی مێردیدا بۆ بەسەرکردنەوەی پرسەیەک بەرەو گوندێک دەڕۆن، بەڵام پێش ئەوەی بگەنە پرسەکە، هەردووکیان لەلایەن کوڕە تەمەن ١٩ساڵەکەی خەجێوە تەقەیان لێدەکرێتو دەکوژرێن.
دوای ئەوەی خزمەکانی ئەو دوو خێزانە ئەو هەواڵە دەبیستن، بەرەو شوێنی ڕوداوەکە بەرشێدەکەونو پاش ئەوەی تەرمەکان دەبینن، تەقە لەیەکتر دەکەنو برایەکی خەجێو ژنێکی دووگیان کە هیچ پەیوەندی بەکێشەکەوە نابێت دەکوژرێت، هاوکات دووکەسی تریش لەو دوو بنەماڵەیە بریندار دەبن.

سەرەتای کێشەکە

هاووڵاتییەکی ئاگادار لەکێشەی ئەو دوو خێزانە کە نەیویست ناوی بڵاو بێتەوە، ئاماژەی بەوەدا کە دوای گیان لەدەستدانی هاوسەرەکەی یەکەمی خەجێ، کە خاوەنی چوار کچو سێ کوڕە، لەگەڵ کەریمدا پەیوەندی خۆشەویستی دروست دەکەنو ڕۆژێک دادەنێن تا خەجێ ڕەدووی کەریم بکەوێتو شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان بەجێبهێڵن.



ڕەدووکەوتن هەندێ لە عاشقان دەربازدەکاتو هەندێکیان دەکاتە قوربانی

بەوتەی ئەو هاووڵاتیە پاش دیارنەمانی ئەو ژنو پیاوە کێشە لەنێوان ئەو دوو بنەماڵەیەدا دروست دەبێت، بەڵام هیچ شەڕێکی لێناکەوێتەوە کە کەسی تیا بریندار ببێت، بەتێپەڕبوونی کات بەسەر ڕوداوەکە، چەند جارێک هەوڵ دەدرێت بۆئەوەی ئەو دوو بنەماڵەیە بەرەوە نزیکبوونەوەو ئاشتبوونەوە ببرێن، بەڵام کێشەکە هەر بەبێ دەنگی دەمێنێتەوە تا ڕۆژێک خەجێو هاوسەرەکەی بۆ پرسەیەک دەچنە قەزای سۆرانو لەوێ لەلایەن کوڕە تەمەن ١٩ساڵەکەیەوە بەر گولە دەدرێنو خەجێو کەریم دەکوژرێن.

خەڵکی ناوچەکە چی دەڵێن؟

دوای ڕوودانی ئەو کێشەیە، خەڵکی ناوچەکە نیگەران بوونو داوا دەکەن حکومەت کێشەکە چارەسەر بکاتو کۆتایی پێبێت.
سەلیم عەبدوڵا، هاووڵاتییەکی خەڵکی ئەو ناوچەیەو نزیکی هەردوو خێزانەکەیە. ئەو، ئاماژە بەوە دەدات کە گەورەبوونی ئەو کێشەیە بووەتە هۆی ئەوەی ئەوانیش نیگەرابن، «ڕوداوێکی ناخۆشو دڵتەزێن بوو، بەڵام پێویستە بەهەموومان هەوڵبدەین کێشەکە چارەسە بکەینو ئەو برینە سارێژ بکەین».
لەلایەکی دیکەوە سەربەست حەمەدەمین کە گەنجێکی دانیشتوی ناوچەکەیە، باس لەوە دەکات کە هیچ کەسێک نایەوێت ڕووداوی لەو جۆرەی توش ببێت، بۆیە پێویستە ئەو کارەساتە ببێتە دەرس بۆ کەسانی ترو دووبارە نەبێتەوە.
هاووڵاتییەکی دیکە کە بەفریاد خدر خۆی ناساند بە نم نم، دانیشتوی ئەو دەڤەرەیەو بەپێویستی دەزانێت کێشەکە لەوە گەورەتر نەبێتو هەوڵی چارەسەرکردنی بدرێت، هەروەک بەئەرکی حکومەتیشی زانی، «ڕێگە نەدات کێشەی لەو جۆرە دروست ببێت، ئەو کێشانەشی دروست بوون چارەسەریان بکات».

پۆلیسو لێکۆڵینەوە

بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سۆران عەمید ئەسکەندەر، ئاماژە بەوە دەدات ڕووداوەکە بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتیەوە ڕوویداوەو چوار کوژراو چەند بریندارێکی لێکەوتووەتەوە.
ناوبراو جەخت لەوە دەکاتەوە کە لێکۆڵینەوەکانیان بەردەوامە، بەڵام «تائێستا بکوژەکە دەستگیر نەکراوەو لەهەوڵی بەردەوامیداین بۆدەسگیرکردنی».

تێبینی:
ناوی ڕاستەقینەی هەندێ لەبەشدارانی ئەم ڕاپۆرتە واقیعییەی سۆران خوازراوە.

# پۆیلانە ... نۆماڵ پۆشتە دەکاتو خێزانەکانیش قەرزار

## «خزمم هەیە تەنها کاتی شوکردنەکەم پۆیلانەی کردووم، کەچی من چوار پۆیلانەی ئەوم کردووە»

**پۆیلانە، بەو خەڵاتو دیاریانە دەوترێن کە خەڵکی بەهۆی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانەوە، لەکاتی هاوسەرگیریو منداڵبوونو خانوو کڕینو چەند بۆنەیەکی دیکەدا دەیبەخشنە کەسانی نزیکو خۆشەویستیانو بەو هۆیەوە خزمایەتیو دۆستایەتی خۆیان بەتینتر دەکەنو پیرۆزبایی لەیەکتری دەکەن، ئەوەش نیگەرانی بۆ هەندێ لەهاووڵاتیان دروستکردووەو هەندێکی دیکەش بەدیاردەیەکی جوانی کوردەواریی دەزانن.**

شیلانو سالم لەهەڵەبجە

هەرچەندە لەگەڵ زەماوەندکردنیانو هێنانی پۆیلانەو ناوماڵ بۆیان نۆماڵەکان خۆشحاڵ دەبن، بەڵام ئەو خۆشحاڵییە تاسەر نابێتو هەرزوو دەبێت ژنو مێرد بکەونە خۆیان بۆئەوەی ئەوانیش بکەونە کڕینی پۆیلانە بۆخزمەکانیان.
سنوور ئەحمەدی تەمەن ٢٥ساڵ، ئاماژە بەوە دەدات کە هێنانی دیارییو پۆیلانە لەکاتی دروستکردنی خێزانو نۆماڵیدا دڵخۆشت دەکاتو بەشێکی پێداویستییەکانی ناوماڵت بۆدابین دەکات، «جۆرێکە لەسولفەو دەبێتە خاوەنی کەلوپەلی ناوماڵی خۆت هەرچەندە زۆرجار بەدڵت نییە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە ئەم دیارییو پۆیلانەیە بێبەرامبەر نییەو سبەینێ لەگەڵ هەر بۆنەو مەراسیمێکی ئەو خێزانەی پۆیلانەی بۆ کردویت، دەبێت سەردانی بکەیتو پۆیلانەیان بکەیتەوە»، هەربۆیە سنور پێیوایە ئەوکاتەوەکو گۆڕینەوەی شتی لێدێتو جاری واش هەیە لەبری دڵخۆشی، نیگەرانی لێدەکەوێتەوە.

پۆیلانە قەرزێکی خۆنەویست

«لەگەڵ شووکردنم دەیان تاقم شوشەمان لەلایەن خزمو کەسوکارو دراوسێو ناسیاوەکانمانەوە بۆهاتووە، کە لەهیچ شوێنێکدا جێیان نابێتەوەو هەمووی پارچەی دووبارەو هەرزان باین، کە بەبێویستو ئارەزووی خۆمان قەرزاری دەیان خێزان بووین»، ئەوە وتەی شەوبۆ کەمال بوو کە ماوەی چوار ساڵە لەگەڵ ڕزگاری خۆشەویستی، زەماوەندیان کردووە، «لەوکاتەوەی هاوسەرگیریمان کردووە، تائێستا بەردەوام قەرز دەبژێرینەوە».
بەوتەی شەوبۆ، هەموو سەری مانگێک لەگەڵ وەرگرتنی موچەی مێردەکەیدا بەشێکی بەپێی ئەو بۆنانەی لەو مانگەدا بۆ کەسوکارو خزمانیان هاتووەتە پێش، دیارییو پۆیلانەی پێدەکڕن.
هەرچەندە زۆرجار تێپەڕبوونی ڕۆژگار بەسەر بۆنەکاندا نرخی دیارییەکان زیاد دەکەن، بەڵام ئەو گرانبوونە نەبووەتە هۆی ئەوەی خێزانەکان ڕزگاریان بێت لێیو هەردەبێت هاوشانی ئەو دیارییە بکڕنو بیبەن بۆئەو ماڵەی پێشتر پۆیلانەکەیان بۆ هێناون.
لەلایەکی دیکەوە سومەییەی تەمەن ٣١ساڵ، ماوەی شەش ساڵە لەگەڵ ڕێبوار زەماوەندی کردووەو ئێستا خاوەنی کوڕێکن، لەگەڵ ئەوەی کە مێردەکەی فەرمانبەری حکومەتە، بەڵام نیگەرانە لەوەی هەموو پۆیلانەیەک مانگانە دەکەوێتە سەریان، «خزمم هەیە تەنها کاتی شوکردنەکەم پۆیلانەی کردووم، کەچی تا لەدایکبوونی کوڕەکەمان، من چوار پۆیلانەی ئەوم کردووە«، هەر بۆیە ئێستا پۆیلانە لەچاو جاراندا زۆر بووەو ناکرێت پارەیەکی کەم یان شتێکی بێنرخ بەری بۆ دیاری، «کاتێک ماڵی خزمەکەم چوار هەزاریان داوەتە سەعاتێکی دیوار بۆ ئێمە پارەیەکی زۆر بووە، بەڵام ئێستا بەسێ ئەوەندەی ئەو پارەیە ئەو سەعاتە ناکڕدرێتەوە«.

پۆیلانە کولتورە یان پێویستی؟

گرفتی پۆیلانە کە ئێستا زۆرینەی خێزانەکانی سەرقاڵ کردووە بووەتە هۆی ئەوەی زۆرێک لەدەستگیرانەکان هەڵوێستی لەسەر وەربگرن.
دیمەنی تەمەن ٢٦ساڵ کە ماوەی مانگو نیوێکە بووەتە دەستگیرانی سەربەستو لەقۆناغی خۆئامادەکردندان بۆ پێکەوەنانی ماڵو حاڵی خۆیان، پێیباش نەبوو کەس دیاریو پۆیلانەی بۆبهێنێت، «ئەمڕۆ وەکو جاران نەماوە، کچو کوڕ تاتەواوی پێداویستییەکانی ناوماڵی خۆیان تەواو نەکەن زەماوەند ناکەنو ماڵ دروست نەکەن، هیچ پێویست ناکات خزمێک یان دراوسێیەک بەکڕینی شەش پەرداخ بمکاتە قەرزاری خۆی».
بەبۆچونی ئەو کچە، ئەگەر خەڵکێکی زۆر پۆیلانەیان بکات ئەوا بەردەوام دەبێت خەریکی کڕینی پۆیلانەبێت بۆ ئەو کەسانە، «هەقە کۆتایی بەم بابەتە بهێنرێتو چیتر خێزانەکان ئەم گرفتە بۆخۆیان دروست نەکەن»، هەربۆیە جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەوان چاوەڕوانی دیاری کەس ناکەن بۆئەوەی دواتر قەرزداریان نەبن.



خۆشەویستی تەنها بە خۆشەویستی وەڵام دەدرێتەوە نەک بە قەرزی پۆیلانە

فۆتۆ: سۆران نەقشبەندی

بەبپچەوانەی بیرکردنەوەی ئەو کەسانەی پۆیلانە بەکێشە دادەنێن، هەندێک کەس بەکارێکی پێویستی دەزانێت بۆمانەوەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی.
یەحیا عەبدولکەریمی تەمەن ٣٤ساڵ، فەرمانبەرەو چەند ساڵێکە ژنی هێناوەو خاوەنی کچێکەو پێیوایە هۆکاری بەردەوامبوونی پەیوەندییەکان ئەو سەردانو پۆیلانانەیە کەسەرەتای زەماوەند خەڵکی دەیبەن بۆ یەکتر، «لەئەمڕۆی ئاڵۆزبوونی ژیانو کەمبوونەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا خزمی ئاسایی بەهۆی کەمبوونەوەی هاتوچۆو پەیوەندیانەوە لەیەکتری دابڕاندوە، بۆیە پێویستە ئەو دیارییو پەیوەندیانە زیندوو ڕابگیرێن».
بەوتەی یەحیا ئەگەر دوو کەس هاوسەرگیری بکەنو خەڵک دیاریو پۆیلانەیان بۆ نەباتو هاتوچۆیان نەکەن، پاش ماوەیەک کەس خزمو کەسی بوکو زاواکە ناناسێتو دورکەوتنەوە دروست دەبێتو ڕەحم نامێنێت.

دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە

توێژەرانی کۆمەڵایەتی باس لەوە دەکەن کە پۆیلانە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییەو مێژویەکی کۆنی هەیە، لەگەڵ ئەوەی بۆتە کێشە بۆ هەندێک خێزان، دەبێتە مایەی مانەوەی پەیوەندی خێزانەکان لەگەڵ یەکتردا.
زانا ئەحمەد عەلی وەک توێژەری کۆمەڵایەتی وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی لەپۆیلانە دەڕوانێت کە ڕەگو ڕیشەیەکی مێژووی هەیە لەکۆمەڵگەی کوردەواریدا، بەڵام ئێستا گۆڕانکاری بەسەردا هاتووەو چۆنیەتی دیارییەکە گۆڕاوەو لەقاڵبە مێژوویەکەی دەرچووە، «پۆیلانە هۆیەکی سەرەکییە بۆ مانەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان».
ئەوەش بەهۆی گۆڕانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانو کەمبونەوەی سەردانو هاتوچۆی هاووڵاتیانە لەنێوان یەکتری، هەربۆیە بەپێویستی دەزانێت کە ئەو جۆرە دیاریو پۆیلانانە بەردەوام بێت، بۆئەوەی ئەو پەیوەندیانە بمێننەوە.

# کامیان تلیاکی گەلانن: ئایین یان مەعریفەی ئایینی؟

## «زۆرکەس دێت رەخنە لەقورئان دەگرێت، بەڵام ناتوانێت ئایەتێک بەڕێکو ڕاستی بخوێنێتەوە»

**بەهۆی بڵاوکردنەوەی چەندین نوسینو وەرگێڕانی کتێبو ناملیکەو وتاری رەخنەگرانەوە، وردە وردە ململانێیەکی فکری لەنێوان عەلمانیو ئیسلامییەکان هەرێمی کوردستان سەری هەڵدەداتەوە، بەجۆرێک ئیسلامییەکان رەخنە لەو کەسانە دەگرن کە کتێب دژی ئاین بڵاو دەکەنەوەو تۆمەتباریان دەکەن بە نەشارەزایی لەئایینو عیلمانییەکانییش داوا دەکەن ئیسلامییەکان بەبەڵگەوە بدوێن نەک بەچاوسورکردنەوەو ترساندنی خەڵکی.**

بەرزان عەلی حەمە لەهەولێر

ئیسلامییەکان رەخنەی توند دەگرن لەوەی لەلایەن هەندێ کەسەوە، بەناوی خوازراوەوە کتێب دژی بەئاینی ئسلام، بەدوور لەهەر بنەماو رێسایەکی نووسین بڵاودەکرێتەوە.

تۆفیق کەریم بەرپرسی مەکتەبی راگەیاندنی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان پێیوایە چەندین کتێبو نوسین بەناوی خوازراو بڵاوکراونەتەوە کە هەموویان دژایەتین بۆسەر پیرۆزییەکانی ئیسلامو ئەوەش بەپلانێکی بەرنامە بۆداڕێژراو دەزانێت، «بەشێکی زۆر لەو کتێبانە راستەوخۆ دژایەتی دینی ئیسلامو قورئانی پیرۆز دەکەن، یەکێک لەو کتێبانە بەناوی ئایا قورئان پارێزراوە؟ شەش سەد بۆ حەوتسەد لاپەڕەیە، یەکێکی تریان بەناوی ئایا قورئان کەلامی ئەبەدی خوایە؟ کتێبێکی تریش بەناوی **٢٣**ساڵ پێغەمبەرایەتی».

### هەندێک کەس دەیانەوێت پشێوی بنێنەوە

تۆفیق، باس لەوە دەکات کە کۆی ئەو کتێبانەی لەژێر ناوی خوازراودا بڵاوکراونەتەوەو ئامانجیان دیارە کە پلانو بەرنامەیەکی داڕێژراوەو دژایەتی دینیان مەبەستەو بەلایانەوە ئایین تلیاکی گەلەو پێیانوایە ئایین رێگرە لەبەردەم پێشکەوتنی ئەو خەڵکەدا، هەربۆیە تۆفیق جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەو کتێبانە بۆ هەندێک کەس بووەتە دەستپێشخەری لەتووندترکردنی ئەو ململانێیەی لەنێوانی عەلمانیو ئیسلامییەکاندا هەیە، «ئەوانە بۆ نانەوەی پشێوییە لەناو بازاڕی رۆشنبیریداو رێگرێکی گەورەشن لەبەردەم نوسەرە راستیەکاندا کە لێکۆڵینەوەی زانستی بکەن».

لەلایەکی دیکەوە حامید عەلی بەرپرسی راگەیاندنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، جەخت لەوە دەکاتەوە کە ماوەیەکە حاڵەتێکی ناسروشتی سەری هەڵداوەو هەندێک ئیستیفزازات لەنوسینو بڵاوکراوەکاندا هەیە، «لەکۆتایی نەوەدەکاندا چەندین خەڵک هەبووە شتی نوسیوە کە لەلایەک پاڵنەری ئایدۆلۆژی بووە بەڵام هەندێک کەسیش بۆ ئەوە نوسیویانە کە کەسێک هەڕەشەیان لێ بکاتو ناو دەربکەن».

ناوبراو، رەخنە لەوە دەگرێت کە ماوەیەکە هەزاران نوسخە لەئینجیل وەردەگێڕدرێتە سەر زمانی کوردیو بڵاودەکرێنەوە، «ئەوە چ خزمەتێک دەکات؟ لەکاتێکدا مەسیحییەکان دەڵێن ئێمە ئاگامان لەوە نییە، چونکە ئەوە پەیوەندی نێوان ئێمەو موسوڵمانەکان تێکدەدات، بەڕاستی ئەمانە شتی ئیستیفزازین».

ئەو بەرپرسەی یەکگرتوو، باس لەوە دەکات کە هەندێک لە رۆژنامەکان فێربوون چەندین لاپەڕە تەرخاندەکەن بۆ وەرگێڕانی ئەو نوسینانەی کە عەرەبە مارکسییەکان دەینوسن، «زۆر کەس دێت رەخنە لەقورئان دەگرێت، بەڵام لەوانەیە نەتوانێت ئایەتێک بەڕێکو ڕاستیو بەڕەوانی بخوێنێتەوەو چوار حەدیسی لەبەربێت».

### پێویست ناکات هێزە ئیسلامییەکان هەڵەکە بقۆزنەوە

هەندێک لەنوسەرانو رۆشنبیران پێیانوایە کە بڵاوبونەوەی ئەو کتێبانە کاریگەری لەسەر عەقڵی ئەو کەسانە نابێت کە خۆیان بیرو باوەڕێکیان هەڵبژاردووە.

هەڵکەوت عەبدوڵا نوسەرو وەرگێڕ باس لەوە دەکات کە ئەو بۆ خۆی هەندێک کتێبی بەرچاو کەوتووە کە گومانیان خستۆتە سەر قورئانو پێغەمبەرایەتی، بەڵام ئەو کتێبانە نە لەرووی ئەکادیمیو نە لەرووی بەڵگەوە شایانی پشت پێبەستن نینو شایستەی ئەوە نین کەس بەرامبەریان نیگەران بێت.

ئەو نوسەرە پێیوایە بڵاوکردنەوەی هەندێک لەو کتێبانە کاریگەریان لەسەر ئایین نابێتو نابنە هۆی ناوزڕاندنی پیرۆزییەکانی هیچ ئایینێک، «پێویست ناکات هیچ هێزێکی ئیسلامی مەسەلەکە بۆمەبەستی تایبەتی لەقەبارەی خۆی گەورەتر سەیر بکەن، لەڕوانگەی خودی ئایینەوە».

ناوبراو جەخت لەوە دەکاتەوە کە مرۆڤ ئەقڵی پێدراوە بۆ ئەوەی بیر بکاتەوەو ئەوەش مافی خۆیەتی کە بۆخۆیو بیر بکاتەوەو لەهەموو دیاردەکانی گەردوونو کۆمەڵگە بڕوانێت، «ئەگەر ئایینێک لەڕووی بنەماو بونیادنانو کۆڵەکەکانیەوە بەهێزو تۆکمە بێت، لەبیرکردنەوەی تاکەکان ناترسێتو بەمایەی هەڕەشەی دانانێت».

هەڵکەوت عەبدوڵا هۆکاری کاڵبونەوەو لاوازی بیروڕای خەڵکی بەئایینەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ رەفتاری ئەو کەسانەی کە بەناوی ئایینەوە کەوتوونەتە قسەکردن، «کاتێک خەڵکی دەبینن لەسەدەی بیستو یەکەمدا کەسانێک لەژێر پەردەی ئاییندا هێرشدەکەنە سەر ئازادییە تاکە کەسییەکانیانو هەوڵدەدرێت بگێڕێنەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست، چەندان کاری تیرۆریستیی نامرۆڤانە دەرهەق بەهاووڵاتیان دەکرێت، گومان لەبنەماکانی ئەو ئایینەش دەکرێت کە بەناوییەوە ئەو کارانە ئەنجامدەدرێت».

### لەبری تەکفیرو توندوتیژی با هێزی عەقڵو لۆژیک دادوەربێت

بەبڕوای هەڵکەوت عەبدوڵا، ئەوانەی لەژێر ناوی خوازراودا رەخنە لەئایین دەگرن، بەهانە دەدەنە دەست هەندێک رەوتی ئیسلامی کە هێرش بکەنە سەر جۆرەکەی دووەم، کە مەبەستیان خستنەوەی پرسیاری مەعریفیو بەدەستهێنانی وەڵامی ئەقڵانییە سەبارەت بەئایین.


ئەو وەرگێرە پێیوابوو لەخۆرهەڵاتدا، تاکو ئێستا پانتایی حەرام فراوانەو هەرکەسێک بیەوێ نیشانەی پرسیار لەسەر «پیرۆزییەکان» دابنێ، بەکافر دەکرێتو تەنانەت خوێنیشی حەڵاڵ دەکرێت، «مەسەلەکەی سەلمان روشدی سادەترین نموونەی ئەو کارەساتەیە، هەر لەبەر ئەو هۆیەشە تاکو ئێستا کەس ناوێرێ کتێبەکەی سەلمان ڕوشدی وەرگێڕێتە سەر زمانی کوردی».

هەڵکەوت، سورە لەسەر ئەوەی کە سەردەمی ئەوە هاتووە هیچ هێزێکی ئایینی لەرێگەی هەڕەشەو تۆقاندنەوە بەرگریی لەبەها ئایینیەکانی خۆیان نەکەن، بەڵکو بەپەنابردن بۆ بەڵگەو سەلماندن، بکەوێتە گفتوگۆوە لەگەڵ ئەوانی بەرامبەری، وەک ئەوەی لەوڵاتە پێشکەوتووە خۆرئاواییەکان روویداو بووە هۆی پێشکەوتنی فیکرو ئەقڵ.

### چاپکردنی کتێب ئاراستەی خۆی وەرنەگرتووە

نوسەرو وەرگێڕ ئازاد بەرزنجی کە سەرپەرشتیاری گشتی زنجیرە کتێبەکانی دەزگای چاپو پەخشی سەردەمە، بێهیوایە لەوەی جوڵانەوەی رۆشنبیریو چاپو چاپەمەنی بەشێوەیەکی بەرنامەبۆدانراو ئاراستەی خۆی وەرنەگرتووە، «هەندێجار لەبازاڕدا چەند بنکەیەکی چاپەمەنی دەبینین کە کتێب بڵاودەکەنەوەو ئیشیان رەخنەگرتنە لەم دینو لەو فکرە، کەچی ناوەکەشیان خوازراوە، من هەندێک لەو کتێبانەم بینیوە رەخنەگرتنە لەئاینی ئیسلام».

بەرزنجی، جەخت لەوە دەکاتەوە کە کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی ئاینیەو هەندێک نوسەریش لەبەر ئەو هۆکارە ناوی خوازراو بەکار دەهێنن، «ئەگەر رەخنەکان دروست بنو لەسەر بنەمایەکی زانستی بن، با نوسەرەکان ناویان بڵاوبکەنەوە»، هەربۆیە پێویستە ئیسلامییەکان وەڵامی ئەو نوسینانە بدەنەوە کە لەسەر ئایینەکەیان نوسراونو بیبنەمان، «هەندێک لەو کەسانەی وەرگێڕان دەکەن، بەهۆی نەشارەزاییانەوە لەمێژووی ئیسلامو لێکدانەوەی قورئانو دەقەکان، کەوتوونەتە هەڵەوە، جگەلەوەش چەندین هەوڵ دراوە بۆ بەکارهێنانی دین بۆ مەبەستی تایبەتی، وەک چۆن دین بەکار دەهێنرێت بۆ تیرۆر».



فۆتۆ: ئاکام شێخ هادی

# رۆح ... جیهانێکی نەدیتراوو پەنهان

هەوراامان

واژەی پورروشا بەمانای کەس یان کەسێتی دێت. پورروشا بەزۆر مانا بەکارهاتووە لەتێکستە ڤیداییەکاندا. بۆنمونە لەریگ ڤیداو بهاگاڤادگیتادا دوو جۆر پورروشا باسکراوە. یەکەمیان ئاتمەن واتە رۆحی مرۆڤو دووەمیان پارامەتمان واتە رۆحی خودا کە سانکهیا رۆحی کەونی پێدەڵێت.

لە(ئوپانیشادەکان)یشدا پورروشا جارێک وەک (برەهمەن) خودای بێ خوداو کەسی بێ رەنگ و ناو بەکارهاتووەو جارێکیش وەک(ئاتمەن) بەکارهاتووە کەهەمان خودای ناو مرۆڤە، واتە پورروشا هەم رۆحی مرۆڤەو هەم رۆحی کەونە(واتە خودایە)و هەردوو رۆحی کەون و رۆحی مرۆڤ پێکەوە دەبەستێتەوە. لەڤیداکانداو لە فەلسەفەی تانترای بومی هینیدیشدا دەوترێت کەمرۆڤ جیهانی بچوکەو کەونیش مرۆڤی بچوکە.

بۆ یەکەمجار پورروشا لە(ریگ ڤیدادا) و لە(مەندالای دەیەم)دا وەک پورروشای مرۆیی باسکراوە، واتە وتراوە پورروشا دەپەنجەی هەیە و لەم پێناسەیەشدا مەبەستی لە جیهانی بچوکە کە مرۆڤە. لەیەکێ لەسەتسەنگەکاندا سوامی مادهاڤاناندا وتی: «پورروشا ئاگایی پاکو رۆحی بوونەوەرە».

پورروشا ئەو ئاگاییەیە کە هەموو شتێک لەو پێکهاتووە بێ ئەوەی ئەو لەهیچ پێکهاتبێت. فیزیکناسی بەناوبانگ نیلز بۆر (١٨٨٥-١٩٦٢) لەیەکێک لەدانپێدانانە زانستیانەکانیدا دەڵێت: «پاش ئەوەی دژایەتیەکی زۆری ئایدیالیستەکانم کرد دەربارەی ئەوەی کە گوایە رۆحێک بوونی هەبێت، بەڵام ئێستا بەشێوەیەکی زانستی لەو بروایەدام شتێک هەیە لەبووندا کە پێیدەوترێت ئاگایی. ئەم ئاگاییە مادە نیەو هەرگیزیش مادە ناتوانێت ئیشی ئەو ئاگاییە بکات».

میکانیکی کوانتۆم کە رێخۆشکەرە بۆ ئەوەی مرۆڤ زیاتر بچێتە بنجوبناوانی بوونەوەو نزیک بێتەوە لەئاگایی کەونی لەسەرەتادا لەرێگەی دۆزینەوەکانی (دیبرۆلی)یەوە سەری هەڵداو مقۆ مقۆی دروست بوو. دواتر (تارتاکۆفسکی) کە زانایەکی روسی بوو ، هەروەها (جێرمەر)و (داڤیشۆن) کە هەردووکیان خاوەنی خەڵاتی گەورەی فیزیا بوون بەتاقیکردنەوە هەندێ لەوردەکاریەکانی ئەم تیۆریەیان سەلماند.

(دیبرۆلی) باسی ئەوەی کرد کەبێجگە لەشەپۆلە کەهرۆ موگناتیسیەکانو شەپۆلە میکانیکەکان شەپۆلی تر هەیە کە پێیدەوترێت شەپۆلی مادە، واتە مادە توانای درێژبوونەوەی هەیە بۆ ناکۆتا. ئەم توانایە لەئاگاییەکی تەواوەوە دێت. هەربۆیە زانایانی دواتر کەوتنە سەر ئەو رایەی کە بڵێ شتێک هەیە لە بووندا پێی دەوترێت ئاگایی و بوونی مەعریفی کە نازانرێت سەرچاوەکەی چیەو کوێیە. ئەو ئاگاییەی کەئێستا زانست خەریکە لەرێگەی میکانیکی کوانتۆمەوە پەی پێدەبات هیچ نیە بێجگە لە پورروشا.

هەموو شتەکان لە پورروشا پێکهاتوون، بەڵام ئەمە مانای ئەوەنیە کە پورروشا پەیوەستە بەشتەکانەوە تەنها لەبەرئەوەی شتەکان لەو پێکهاتوون، بەڵکو پورروشا بێبەریە لەپەیوەستبوون بەشتەکانەوە. بەهەرحاڵ تاوەکو بابەتەکە ئاسانتر بکەمەوە لەخوارەوە بەخاڵ باسی تایبەتمەندیەکانی پورروشا دەکەم:

١. پورروشا پێکنەهاتووەو لەهیچەوە دروست نەبووە، چونکە هیچ بونەوەرێک یان زاتێک نیە بتوانێ ئەو دروست بکات.
٢. رەهایە لەهەموو جۆرە پەیوەستبوونێک بەشتەکانی دەرەوە.
٣. هەموو شتەکان واتە پراکریتی و هەموو رەگەزەکانی دیکە لە پورروشاوە پێکهاتوون.
٤. پورروشا (ساکشیترام)ە واتە شاهیدو گەواهە بەسەر هەموو شتەکانەوە.
٥. کار ناکات و بێبەریە لەکارماو دەستتێوەردانەوە لەکاری پراکریتی. واتە پورروشا وەک خۆی و لەمەقامی پورروشادا بوونی دروست نەکردووە، بەڵکو لەمەقامی پراکریتیدا بوونی دروستکردووە.
٦. بێبەریە لەهەموو ناوو وێنەیەک و هیچ وێنەیەکی نیە تا ئەوی پێبناسرێتەوە.
٧. پورروشا بێ رەگەزەو ناکەوێتە نێو هیچکام لەیاساکانی وزەی پراکریتیەوە، چونکە لەسەرو پراکریتیەوەیە.
٨. پورروشا لەزەتبەرە لەشتەکان و لەبەرئەم شتەکان وجودیان هەیە.
٩. بەبێ پورروشا هیچ شتێک ناتوانێت هەبێت.
١٠. پورروشا مایەی زیندویتی شتەکانە.
١١. هەموو شتەکان دەبەستێتەوە پێکەوە.
١٢. زاڵە بەسەر هەموو شتێکدا.
١٣. هیچ شتێک لەدەرەوەی ئەو نیە.
١٤. دەوری هەموو شتێکی داوەو سەرچاوەی هەموو شتێکە.
١٥. پورروشا کایڤالیامە واتە موجەرەدەو لەخۆیدا بۆ خۆیەتی.

لەتێکستەکانی وەکو ریگ ڤیداو ساماڤیداو ئاتەرڤەڤیداو بهاگاڤادگیتا و برەهماسامهیتاو پورروشاسامهیتادا وەسفی زۆری پورروشا هاتووە، بەتایبەت لە پورروشا سوکتا کە تایبەتە بەباسکردنی پورروشا. لەم تێکستەدا کە سەر بە سامهیتای ریگ ڤیدایە دەڵێت:

Om sahasra shirsha
purushaha
sahasrakshas sahasrapat
sa bhumim vishvato vritva
atyatishthad
dhashangulam

واتە: «پورروشا هەزار سەری هەیە، هەزار چاوو هەزار قاچی هەیە. دەوری هەموو جیهانی داوە».

وشەی هەزار (sahsra) بەمانای بێکۆتا دێت لەم سوکتایەداو مانای وایە پورروشا لە هەموو شوێنێک هەیەو نەک هەر لەهەموو شوێنێک هەیەو لەناو شتەکاندایە، بەڵکو لەدەرەوەی شتەکانیشدایەو دەوری ئەوانی داوە.

پورروشا بێکۆتاو فراوانە و تەنانەت هیچ وەسفێک وەسفی فراوانی ئەوی پێ ناکرێت هەربۆیە لە پورروشا سوکتادا هاتوە:

etavanasya mahima
ato jyayagamshcha
purushaha
padosya vishva bhutani
tripadasya mritam divi

واتە: «پورروشا لەوەش گەورەترە کە باسدەکرێت و هەموو بونەوەری لەیەک لەسەر چواری وزەی خۆی دروستکردووە».



# بورجەکان ... دڵخۆشکەرن یان دڵشکێنەر؟

## مەلایەک: ئەوانەی باوەڕیان بەبورجەکان هەیە ئەگەر لەسەری بمرن، بەبێباوەڕی دەمرن

**لەنێوان راستیو ناراستی ئەستێرەی بەختو جیهانی بورجەکاندا، هاووڵاتیان بیروبۆچونی جیاوازیان هەیە، هاوکات لەروانگەی بڕوادارانی ئاییینی ئیسلام یاساغیو حەرامەی بورجەکان دوپات دەکەنەوەو بەشتێکی لاوەکی کاتکوشتنی ناودەبەن.**

رامان سەعید لەسلێمانی

بەپێی رۆژی لەدایکبوونی هەر کەسێک دوانزە بورج هەیە، کە هەریەکەیان بۆ ئەو کەسانەیە کە لەماوەی ئەو مانگەدا لەدایکبوون، هەندێک لەبورجەکان رۆژو هەفتەو مانگو ساڵ دیاری دەکەن، بگرە لەرووداوە خۆشو ناخۆشەکانیشدا.

هەندێک کەس باوەڕی هەر بەبورج نیەو هەندێکی دیکەش متمانەی تەواوی پێی هەیەو بەشێکیش زۆرجار باوەڕی پێیەتیو هەندێجاریش باوەڕی پێینییە، ئەوەش وایکردووە بورجەکان ببنە جێگەی بایەخی خەڵکیو هەوڵبدەن لەراستیو ناراستییان بکۆڵنەوەو دڵنیاببنەوە لێی، بەڵام هەتا ئێستاش روون نییە کە ئایا بورجەکان راستەقینەیەکی متمانەپێکراون یاخود تەنها خورافیاتەو لەگەمەیەک زیاتر هیچیتر نییە.

شنار ئیسماعیلی تەمەن ١٨ساڵ، ئاماژە بەوە دەدات کە باوەڕێکی تەواوی بەبورجەکان هەیەو هەر رۆژنامەیەکی بەردەست بکەوێت یەکسەر ئەچێتە سەر بورجەکانو لەوێشەوە راستەوخۆ بۆ سەر بورجەکەی خۆی کە (کاوڕ)ە، تابزانێت بەختی لەورۆژەدا باشە یاخود خراپ؟ «باوەڕی تەواووم بەبورجەکان هەیەو پشت بەقسەو بابەتەکانی ئەبەستمو زۆر هەوڵیش دەدەم بەپێی رێنماییەکانی بورجەکەم بجوڵێمەوە».



هەموو شتێک لەبورجەکەم دەبینم

سیروان جەمالی تەمەن ٢٤ساڵ، خوێندکارێکی زانکۆیەو یەکێکی ترە لەوانەی باوەڕی تەواو بەپێشبینی ئستێرەی بەختو جیهانی بورجەکان هەیە، «کەمجار پێشبینی بورجەکەم راست دەرناچێت، لەبەر ئەوەی زۆر باوەڕم پێی هەیەو زۆریش سودم لێ بینیوە».

بەوتەی ئەو کوڕە هێندە هۆگری بورجەکان بووە، بەجۆرێک بەتایبەت دەچێتە سەر ئینتەرنێت بۆئەوەی پێشبینی بورجەکان بخوێنێتەو رێنماییەکان وەربگرێت، هەربۆیە ئاماژە بەوە دەدات کە پێویستە هەموو کەسێک گوێ لەو پێشبینیانە بگرێت، چونکە سودی دەبێت بۆیو توشی هەڵە نابێت، «من هەرکاتێک بەپێی رێنمایی بورجەکان ئیشم کردبێت توشی شتی خراپ نەبووم».

لەلایەکی دیکەوە هیوا عەلی تەمەن ٢٦ساڵ، باس لەوە دەکات کە رۆژی هاوسەرگیرییەکەی خستوتە رۆژی چوار شەمەوە، چونکە لەبورجەکەیدا نوسرابوو کە بۆ ئەو هەفتەیە رۆژی بەختی چوارشەمەیە.

ناوبراو، جەخت لەوە دەکاتەوە کە تائێستاش ئەگەر کارێکی گرنگی هەبێت دەیخاتە ئەو رۆژانەوە کە بورجەکەی بەرۆژی بەختو خۆشی ناوی دەبات، چونکە «من باوەڕی تەواوم بەبورج هەیەو پێموایە هەموو ئەوانەی لەو بورجەکەمدا ئەنوسرێن راستن».

کێ باوەڕی بەبورج نییە؟

لەگەڵ ئەوەی زۆرێک لەخەڵکی باوەڕیان بەبورجەکان هەیە، بەتایبەت گەنجان لەژیانی رۆژانەی خۆیاندا پشتی پێدەبەستن، زۆرێکی دیکە بەتەواوی رەتیدەکەنەوەو پێیانوایە هیچ راستییەکی تیا نییە.

هۆگر محەمەدی تەمەن ٢٣ساڵ، ئاماژە بەوە دەدات کە ماوەیەکی زۆر لەبورجەکانی کۆڵیوەتەوەو ئێستا شارەزایی باشی لەو بوارەدا هەیە، بەڵام پێیوایە هیچ راستیەک لەپێشبینی بورجەکاندا نییە، «ئەوانەی باوەڕیان بەبورج هەیە زیاتر ئافرەتانن، من بەهەڵخەڵەتاندنی خەڵکی ساویلکەی ئەزانم». ناوبراو، جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەو بورجانە جگەلەیارییەکی دەرونی زیاتر هچی تر نییە، «بۆنمونە بابەتەکانی هێندە بەگشتگیری دەنوسرێن ئەگەر تۆ جگەلەبورجەکەی خۆت هەریەکە لەبورجەکانی تریش بخوێنیتەوە وادەزانیت لەگەڵ تۆیەتی، چونکە ئەوان شتی گشتگیر هەڵئەبژێرن». هۆگر محەمەد ئاماژە بەهەندێ پێشبینی بورجەکان دەدات کە زۆرجار دەڵێت لەم هەفتەیەدا لەلایەنی سۆزدارییەوە توشی کێشە دەبیت، ئەوەش بۆ هەموو کەسێکە کە لەهەفتەیەکدا جارێک یان زیاتر روبەڕووی ئەو کێشانە دەبێتەوە.

لەلایەکی دیکەوە شیرین مەحمودی تەمەن ٣١ساڵ هاوڕایە لەگەڵ هۆگرداو پێیوایە پێشبینی بورجەکان، هیچ راستییەکی تیانییە، چونکە لەسەر بنەمایەکی راست نانوسرێنو بەپێی هەندێک بیرۆکەو راوبۆچونی هەندێ کەس دەنوسرێت.

لێکدانەوەی بورجەکان هەڵەیە

بەپێی زۆرێک لەلێکۆڵینەوە جیهانییەکان ئەو پێداویستیانەی کەلەئێستادائەستێرەناسەکان بۆ نوسینی بورج بەکاری دەهێنن هەڵەیە، چونکە ئەوان پشت بەشێوازە کۆنەکە دەبەستن کە بەر لەچەندین سەدەیە دانراوە.

موسا خوری جێگری سەرۆکی کۆمەڵەی گەردوونی سوری لەوبارەوە ئاماژە بەوە دەدات کە گەردوون بەدەوری زەویدا دەسوڕێتەوە، لەبەرئەوەی زەوی چەقو مەڵبەندی گەردونە، «بۆیە ئەو بیروبۆچوونە خراپترینو ترسناکترین بیرکردنەوەی ئەفسانەیی دروست دەکات».

تێگەیشتن لەبورجەکان کە ئەستێرەناسەکان پشتی پێدەبەستن تێگەیشتنێکی تەواو هەڵەیە لەرووی زانستییەوە، لەبەرئەوەی زانا کۆنەکان بەجۆرێک بیریان دەکردەوە کە شینایی ئاسمان وەکو سەرتۆپێکی لوسەو ئەستێرەکانی پێوەگیربووەو بەیەکسانی لەزەوی دوور دەکەونەوە، بەجۆرێک زەوی دەکەوێتە چەقی ئەو ئاسمانە شینەوە، تائێستاش ئەستێرەناسەکان پشت بەو بناغە هەڵەیە دەبەستن، دیارە خوێندنەوەی لەپی دەستیش لەروانگەی هەمان تێگەیشتنەوەیە، «ئەوان لەسەر (زویاک) کە شوێنی بورجەکانە ماونەتەوە، کە ئەمەش کۆنەو وەک پێش نۆزدە سەدە لەمەوپێشە بەبێ گۆڕان، لەکاتێکدا بورجەکان شوێنو کاتەکانیان گۆڕاوە».

باوەڕ کردن بەبورج حەرامە

عەبدولڕەحمان حسێن پێشنوێژو وتارخوێنی مزگەوتی مەولەوی لەسلێمانی پێیوایە بورجەکان لەرووی ئایینییەوە هیچ بنەمایەکیان نییە، چونکە ئەو بورجانە لەلایەن ئەستێرەناسو فاڵچییەکانەوە بەمەبەستی پارە پەیداکردن داهێنراون، «خوای گەورەش دەفەرموێت جگەلە ئەو هیچ کەسێکی دیکە لەغەیب نازانێت، تەنانەت پێغەمبەرانیش»، هەربۆیە ناوبراو جەخت لەوە دەکاتەوە کە بورج لەسەر غەیب دەدوێتو ئەوەش لەئاییینی ئیسلامدا قەدەغەکراوە، چونکە هیچ کەسێک شارەزای لێی نییەو ئەکەوێتە قاڵبی فاڵو جادووکردنەوە، «ئەو کەسەش کە باوەڕی بەو شتانە هەیە ئەگەر لەسەری بمرن ئەوا لەرووی ئاییینی ئیسلامەوە بەبێباوەڕی دەمرن».

ناکرێت هەمووماں دڵمان خۆش بێت

د.کەریم شەریف قەرەچەتانی پسپۆڕی بواری دەروونی، ئاماژە بەوە دەدات کە متمانە ناکرێت بەپێشبینی بورجەکان، چونکە ئەو بورجانە تەنها بۆ کەسێک نانوسرێنو بۆ هەموو خەڵکە، «ناکرێت ئێمە هەموومان پێکەوە دڵمان خۆش بێتو پێکەوەش بێزاربین». ئەو پسپۆڕە، جەخت لەوە دەکاتەوە کە پێشبینی بورجەکان هیچ متمانەیەکی ناکرێتە سەر کە خەڵک بەتایبەت چینی گەنجان خۆیان تەسلیمی ئەو پێشبینیانە بکەن.

# دۆنایدۆن دژایەتی بەهەشتو دۆزەخ دەکات؟

هاوبیر کامەران

دۆنایدۆن یان ژیانی دووبارە لەزۆر ئاییندا باسیکراوە وەک ئاینی یەهودی، مەسیحی، ئیسلام، یەزیدی، کاکەیی، بودایی، هیندۆسی، سیخی، جینی، تاوی، شینتۆییو زۆر ئاینی دیکەش.

لەئیسلامداو لەقورئاندا ئاماژە بەزۆر جۆری ئاژەڵ کراوە کە مرۆڤ بوونو بەهۆی کارنامەی خراپیانەوە بوونە ئاژەڵ، هەروەها قورئان لەسورەتی ئەلبەقەرەدا دەفەرموێت: «کیف تکفرون بالله وکنتم امواتا فاحیکم ثم یمیتکم ثم یحییکم ثم الیه ترجعون» (البقرە-٢٨).

هەرچەند نە لەسامهیتای ریگ ڤیداو نە لەسامهیتای ساماڤیداو یاجورڤیدادا بەرونیو راستەوخۆیی باسی دۆنایدۆن نەکراوە، بەڵام هیندۆیزمو ئایینی برەهمەیو یۆگاو تەواوی فەلسەفەو زانستە ڤیداییەکان بڕوایان بەزیندوبوونەوەی دووبارە هەیە لەجەستەی کەسێک یان شتێکی دیکەدا.

یۆگا بڕوای وایە کاتێک کەسێک دەژی دەبێت بگاتە پلەی کەماڵو خۆی بناسێتەوە کە ئەو هەقیقەتە. ئەگەر مەرگ مەودای نەدا مرۆڤ خۆی بناسێو بەهۆی هەر هۆکارێکەوە مرد، جا ئەو هۆیە کارەساتێکی سروشتی یان روداوێکی هاتوچۆ یان نەخۆشیەک بێت گرنگ نییە. ئەگەر مرۆڤ نەگەشتە هەقیقەت لەم ژیانەدا ئەوا پاش مردنی دەچێتە لەشی منداڵێکەوە کە هێشتا لەسکی دایکی دایەو رۆحی نەکراوە بەبەردا. ئەو کەسە لەو منداڵەوە دیسان لەدایک دەبێتەوەو دێت درێژە بەپێگەیشتنی رۆحی خۆی دەدات.

هەندێک لەهیندۆسەکان دەڵێن کاتێک مرۆڤێک دەمرێت تەنها دەچێتەوە مرۆڤێک، ئەگەر لەم ژیانەیدا کردارەکانی باش بوو لەژیانی داهاتوودا لەکەسێکو حاڵەتێکی باشدا لەدایک دەبێتەوەو ئەگەریش خراپ بوو ئەوا بەخراپیو لەکەسێکی خراپدا لەدایک دەبێت.

هەندێکی دیکەش دەڵێن مەرج نییە ژیانی داهاتوی مرۆڤ لەمرۆڤێکدا بێت، بەڵکو لەوانەیە بەهۆی کارنامەی زۆرباشی کەسەکەوە ژیانی داهاتوی ئەو لەفریشتەیەکدابێتو بەرز ببێتەوە بۆ جیهانەکانی سەروتر، بەڵام بەنیسبەت ئەوانەوە کە کرداری زۆر خراپیان هەیە دانابەزن بۆ جیهانە زۆر خراپەکان و نابنە ئاژەڵ بەڵکو ئەوەی پێگەیشتنی هاتبێتە پلەی مرۆڤ ئیدی ناگەرێتەوە بۆ لەشی ئاژەڵ.

دەستەیەکی دیکە لەهیندۆسەکان پێیانوایە مرۆڤە خراپەکان دەچنەوە لەشی ئاژەڵو باشەکان بۆ لەشی مرۆڤو زۆر باشەکان بۆلەشی فریشتەکان دەڕۆنەوە تا وردە وردە بتوانن سەروترو سەروتر هەنگاو بنێن، ئەوان دەڵێن خودا هەر خۆیەتی لەشێوەی رۆحی تاکەکەسیدا، ئەو لەو شێوەیەدا بەنەجوڵاوی لەبێگیانەکاندایەو بەخەوتویی لەگیاکانداو بەجوڵاوی لەگیاندارەکانو بەبێداری لەمرۆڤەکاندایە.

کەواتە کارنامە جێدەستی دیاری هەیە لەم لەدایکبونەوەیەدا. خودا ستەم لەکەس ناکات، هەرکەس باش بێت بەباشی دێتەوە ژیانو ئەوەشی کارنامەی خراپی هەبێت بەخراپی دەگوزەرێنێت. لێرەدا ئاگاداری ئەوەبین کە چاک و خراپ بەو شێوەیە نیە هەمووان بیری لێدەکەنەوە. لەوانەیە پێتوابێت منداڵێک کە لەسوید یان ئەلمانیا لەدایکبووە زۆر کارنامەی باشی هەبووە بۆیە پێش لەدایکبوونی ژمارە حسابی بانک هەیەو هەموو پێداویستیەکی ماددی لەبەر دەستدایە.

لەوانەیە ئەو پێداویستییە ماددیانە ئەو کەسە لەرێگەی پێگەیشتنی رۆحی خاوبکەنەوەو ئەمەش مانای وایە ئەو شتەی ئێستا هەیە نیشانەی کارنامەی خراپی ژیانەکانی پێشویەتی. هەندێجار هەژاریو نەداریو نەخوێندەواریو تەنهایی نیشانەی کارنامەی باشی کەسێکن، بۆنمونە ئەگەر ئەنیشتاین لەمەکتەب زۆر تەمبەڵو مێشک لاواز نەبوایە نەدەبوو بەو ئەنیشتاینەی کە تیۆری رێژەیی دۆزیەوە، ئەگەر باباتاهیری عوریان نەخوێندەوارو هەژارو تەنیا نەبوایە نەدەبوو بەو باباتاهیرەی کە تا ئێستا وەک کەڵە هۆنەرێکی رۆحانی باسی دەکرێت.

ئەگەریش سەدام حسێنو هیلتەر شانسی سەرۆک کۆماریان نەبوایە نەدەبوون بەپەندو عیبرەت بۆ هەموو خەڵکو مێژوو بەو شێوە قێزەونە باسی نەدەکردن.

هاتنەوە بۆ ژیان بەردەوامە تا ئەو کاتەی مرۆڤ دەگات بەهەقیقەت. لەوانەیە بەژیانێک یان دووان یان سەد یان هەزار ژیان ئەوە رووبدات، گرنگ ئەوەیە تا ئێمە نەگەینە هەقیقەت ناگەینە ئازادبوون لەسامسارا واتە ژیانو مردنی بەردەوامو ئەو هەموو ئازارەی کە لەم ژیانەدایە.

هەندێک پێیانوایە سامساراو لەدایکبوونەوەی بەردەوام دژی دینە ئاسمانیەکانی وەکو ئیسلامو مەسیحەتو یەهودیەتە، بەو بەڵگەیەی کە ئەو سێ ئایینە پێیانوایە بەهەشتو دۆزەخ هەیە پاش مردن.

لەڕاستیدا ئەو کەسەی بەتەواوی لەدۆنایدۆنو سامسارا تێنەگات ناتوانێت ئەو راستیە بزانێت کە دۆنایدۆن دژی بیروڕای ئایینە سامیەکان نییە. باشترە ئەوە بڵێم کە لە سامهیتای ریگ ڤیدا، یاجورڤیداو ساماڤیدادا بەروونیو راستەوخۆ باسی بەهەشتو دۆزەخ کراوە، ئاییینی هیندۆسیش کە بڕوایان بە دۆنایدۆن هەیە نکۆڵی لەبەهەشتو دۆزەخ ناکەن، بەڵکو ڤیداکانو یۆگا پێیانوایە کە پاش ئەوەی مردنو لەدایکبوونەوەی بەردەوام مرۆڤی گرتەوە، ئەوەی توانی رزگاری ببێت ئەوە دەگاتە نیرڤاناو رزگاری دەبێت لەو هەموو ئازاو نەهامەتیەی کە لەلەدایکبوونو مردندا هەیە، بەڵام کات رێگە نادات هەموو کەسێک بگاتە نیرڤانا یان سامادهی.

کاتێک هەیە کە بونەوەر لەناو دەچێت، بەپێی ڤیداکان ئەم بونەوەرە مادیە کاتێکی هەیەو پاشان لەناو دەچێت. کات زاڵە بەسەر دونیای مادیدا. ئەو کەسانەی تا لەناوچوونی دونیا (واتە ئاخر زەمان واتە کۆتایی کالپەیەک) نەگەشتونەتە سامادهی ئەوا دەمردن. لەرۆژی حەشر خودا هەمووان زیندودەکاتەوەو ئەوانەی توانیویانە بگەنە هەقیقەت بۆ بەهەشتو ئەوانەشی نەیانتوانیوە ئەوا بۆ دۆزەخ دەبرێنو لەوێ سزا دەدرێن تا پاک دەبنەوەو بەهۆی ئەو سزایەوە دەگەنە سامادهی و رزگاریان دەبێت.

دەمەوێت ئەوە بڵێم کە هیچکام لەدینەکان بەتەواوی باسیان لەهەقیقەتی ژیانو مردن نەکردوە، ڤیدا باسی ئەم دونیایە دەکاتو دینەکانی وەکو ئیسلامو دیان باسی دوارۆژی حەشر دەکەن. ڤیدا باسی ئەوە دەکات کە مرۆڤ دەبێت هەوڵ بدات بۆ پاکبوونەوە، بەڵام دینە ئارییەکان باسی ئەوە دەکەن کە ئەگەر مرۆڤ نەیتوانی بگات ئەوا خودا خۆی پاکی دەکاتەوە. ئەوەش بزانین زۆر کەمن ئەو کەسانەی کە دەگەنە هەقیقەت بەتایبەت لەم سەردەمەدا کە وەک پێشتر باسمان کرد سەردەمی (کالی)ەو مانا رۆحیەکان زیاتر دونیایی بوون تارۆحانی.

دۆنایدۆن دژایەتی ناکات لەگەڵ بەهەشتو دۆزەخ، بەهەشت مانای رزگاربوونی مرۆڤە لەئازار، دۆزەخ مانای بوونی مرۆڤە لەناو ئازاردا. ئەو بەهەشتو دۆزەخەش پەیوەندی بەکارنامەوە هەیەو کارنامەش پەیوەندی بەو ئیشوکارو بیرکردنەوەو پلان و قسانەوە هەیە کە ئێمە ئەنجامی دەدەین. ئەگەر باش بوو دەچینە بەهەشتو پاک دەبینەوەو خودا دەبینین و دەگەینە نیرڤاناو سامادهی، ئەگەریش خراپ بوون ئەوا دوردەکەوینە لەخوداو نیرڤاناو سامادهیو دەخرێینە دۆزەخەوە تا پاک بینەوە، خودا هەمووانی خۆشدەوێتو ناهێڵێت کەس تا سەر لەو ئازارەدا بمێنێتەوە. ئازارێک کە هەر ساتێکی وەک وایە هەرگیز تەواو نەبێت (خالدین فیها)، کەواتە منداڵێک لەدایک دەبێت، هەر لەسەرەتای لەدایکبوونیەوە مەخزەنی کارنامەکانی بۆ کارنامەی تازە دەکرێنەوەو لەگەڵ هەر جوڵەیەک کارنامەیەکی نوێ بەرهەم دێنێت، گەورە دەبێتو بیر دەکاتەوە کە پێویستە بگۆڕێتو بیری خراپ لەناو بەرێت. دەست دەداتە خوێندنەوەی وشە پیرۆزەکانی ڤیدا کە وەک ئاگر هەموو درکوداڵی نێو دەروون دەسوتێنن. پاش چەند ساڵ لەیۆگاو رامان لەناخو وردگەریو چاودێری، لەناکاو مەرگ یەخەی دەگرێت. کاتێک دەمرێت دەچێتە بەرزەخ و چاوەڕێ دەکات ژنو پیاوێک زەواج بکەنو پارچە گۆشتێک ئامادەبێت کە ئەم دیسان وەکو رۆحو کارنامەکان بێتەوە ناوی تا بەردەوامی بە پەرستشو چاودێرکردن بدات. کارنامەکانی منداڵدانێکی بۆ هەڵدەبژێرنو دەبینێ منداڵدانێک ئامادەیە و دێتەوە ناوی. دیسان لەدایک دەبێت، دەژیو گەورە دەبێت و دەمرێت و دیسان دێتەوە ژیان. هەر جارێک دێتەوە زیاتر تێدەگاتو زیاتر گەشە دەکات تاکاتێک کە ئیدی هەر لەو ژیانەدا روناک دەبێتەوەو کارنامەکانی پاک دەبنەوەو کەسەکە دەگاتە هەقیقەت.

ئیدی کاتێک جەستەی مادی بەجێهێشت ناگەڕێتەوە ناو دونیاو لەسوڕی سامسارا رزگاری دەبێت. کاتێک هەموو شتەکان لەناو دەچن جارێکی تر وەکو سەرەتا دەردەکەونەوە، ئەم هەموو هاتنو رۆشتنە لەپێناو ئەوەدابوو ئێمە پاکببینەوەو پێبگەین و بچینەوە ناو خودا، لەکوێوە هاتوین بۆ ئەوێ دەگەرێینەوە.

اناللە وانا الیە راجعون.




# سەنتەرەکانی چاندنی بلوری جمەی دێت

## «میللەتی ئێمە لەهیچ شتێک رازی نییە، لەبەرئەوەی تەندروستی بەلاشە»

پسپۆرێکی نەخۆشییەکانی ژنانو منداڵ بوون ئاماژە بەوە دەدات کە لەئێستادا بەشێکی زۆری هاوسەران دەتوانن بەرێگەی نەشتەرگەری بلووریی ببنە دایکو باوک، ئەوەش بەیەکێک لەسەرکەوتنە «گەورە»کانی زانستی پزیشکی هەرێمی کوردستاندا ناوزەد دەکات. بۆ وردەکاری زیاتر لەسەر نەزۆکیو هەنگاوەکانی چارەسەرکردنی بەرێگەی چاندنی بلووری، لەنوێترین دیمانەیەدا لەگەڵ نم نم، د.ئامانج رەحیم زەنگەنە، پسپۆڕی نەخۆشییەکانی ژنانو منداڵ بوونو خاوەنی سەنتەری دوارۆژ بۆ چارەسەرەی نەزۆکی، زانیاری وردتر لەسەر هۆکارەکانی منداڵ نەبوونی هەندێ لەهاوسەران دەخاتەڕوو.

شەنگە رەحیم
فۆتۆ: میترۆگرافی


د.ئامانج رەحیم زەنگەنە

شەنگە: نەزۆکی چییەو چۆن چارەسەری تەواوەتی دەکرێت؟
د.ئامانج: ناتوانین بەنەزۆکی بڵێین نەخۆشی، نەزۆکی حاڵەتێکە کە لەژنو پیاودا هەیە، ئەگەر ماوەی ساڵێک زیاتر بەیەکەوە بوونو منداڵیان نەبوو، ئەوا ئەتوانرێت چارەسەری بۆ بکرێت، یاخود ئەو هاوسەرانەی ماوەیەکی زۆر دوورن لەیەکەوەو تا ماوەی پێنج ساڵ یەکتر نەبینن رووبەڕوی ئەم حاڵەتە ئەبنەوە، بەمەش ناڵێین نەزۆک، لەبەرئەوەی ئێستا بەخۆشحاڵیەوە گەیشتوینەتە ئەوەی کەم حاڵەت هەیە کە ئیزن ئەدرێتو دڵنیا دەبیتەوە لەوەی کە بەهیچ جۆرێک منداڵی نابێت، بەڵام بەداخەوە لەهیچ شوێنێکی دنیا لەسەدادسەد چارەسەر ناکرێتو بەپێی حاڵەتەکان جیاوازی هەیە.

شەنگە: ئایا هۆکاری لەبارچوونی منداڵ بەرێگەی بلوری چییە؟
د.ئامانج: چۆن ژنێک کە بەئاسایی منداڵی لەبار دەچێت، منداڵبوون بەو رێگەیەش بەهەمان شێوەیە نەک لەبەرئەوەی منداڵەکە لەرێگەی بلوورییەوەیە ئەبێ لەباری بچێت، بەس ئەوەیە سێ رۆژ لەدەرەوەی سکەکە، دایکەکە دەکرێتو دەگەڕێنرێتەوە بۆ سکی دایکەکە، ئەگەر کۆرپەلەی باشیشی لێ دروست بوو بۆی هەڵدەگیرێتو بۆچەندین جاری تریش دەتوانرێتبەکاربهێنرێتەوە.

> **هەندێجار ژنەکە وەرئەگرینو هێلکەکەی زۆر باشەو تۆوی پیاوەکەش باشەو دەکرێت بەمنداڵو جوانترین کۆرپەلە دروست دەبێت، بەڵام کە دەیگەڕێنینەوە بۆ دایکەکەی وەری ناگرێتەوە، ئەو هۆکارەش کەس نایزانێتو زانست بەدوای ئەو هۆکارەدا دەگەڕێت**

شەنگە: لە چ مانگێکی سکەکەدا دڵنیا دەبنەوە لەبوونی منداڵەکە؟
د.ئامانج: لەدووەم رۆژی سووڕی مانگانەدا دەست پێدەکەین، لەدوانزە رۆژیدا هێلکەکە دەردەهێنینو لەرۆژی شانزەیەمیشدا منداڵەکەی بۆ دەگەڕێنینەوەو دڵنیادەبێتەوە لەوەی کە سکی هەیە. لەراستیدا نەزۆرکی لەهەردوو رەگەزەکەدا وەکو یەکە، مەرج نییە بەتەنها پەیوەندی بەژنانەوە هەبێت، لەوانەیە رۆژێک بێت پیاوان زیاتر رووبەروی ئەوە ببنەوە، چارەسەرەکەشی بۆ هەردوو رەگەزەکە وەک یەکە، ئەو ژنەی پیاوەکەی زوعفی هەبێت، رۆژی نەشتەرگەرییەکە تەنها تۆوەکەی وەردەگیرێتو پشکنینی بۆ دەکرێت، لەهەموو حاڵەتێکدا ژنەکە هەر بەنەشتەرگەریی تۆوەکەی دەردەهێنرێت، لەمەدا جیاوازن، لەبەرئەوەی ژنەکە هێلکەکەی لەهێلکەدانیایەتیو بەنەشتەرگەرییەکە دەردەهێنرێت، هەندێ پیاویش هەیە تۆوەکەی لەدەرەوە سفرە، بەڵام لەناو لەشیدا سفر نییە، دوای پشکنین کە دڵنیا دەبینەوە لەوەی سفر نییە، ئینجا عەمەلیەکە دەکەین، خۆشحاڵانە زیاتر لەحەوت هەشت نەخۆشم، لەو حاڵەتە بووە کە سفر بووە، بێئومێدیش نەبوونو سکەکەیان بووە، بەڵام ئەو کەسانەی لەدەرەوەو لەناوەوەش سفرە ئێمە ئیزنی ئەدەینو چاری نییە.

شەنگە: ئەو جۆرە حاڵەتانە زۆرن؟
د.ئامانج: بەڵێ زۆرە، تەنها رێگەی ئەوەیە تۆوی کەسێکی تر یان هێلکەی ژنێکی تر بەکاربهێنرێت. لەسەنتەری دوارۆژ بەهیچ جۆرێک ئەمە رێگەپێدراو نییە، خۆشم هیچ کات ئامادەنییم ئەو کارە بکەم ئەگەر رێگەپێدراویش بم، داواش کراوە لێم بەرازی بوونی هەردوولا، بەڵام ئەوە ناکرێتو شتێکی هەروا ئاسان نییە، زۆرکەس یەت ئەڵێ کێ ئەڵێ ئەمە تۆوی مێردەکەمەکە، هیچ مەجبور نین ئەوە بکەین، ئەدینمانو ئەخلاقیاتی زانستیمان رێگە بەوە نادات.

شەنگە: هۆکارەکانی نەزۆکبوونی ژنان یان پیاوان چینو کامانەن؟
د.ئامانج: زۆر زۆرە، زۆر کەس هەیە لەو رۆژەوەی لەدایک دەبێت بەهیچ شێوەیەک رەحمی دروست نابێت، هەیە هێلکەدانی بۆ دروست نابێت،

> **«ئەگەر کەسێک تازە شووی کردبوو نابێت بەهیچ جۆرێک رەحمی بەستێتو حەب بخواتو دەرزی مەنعبەکاربهێنێت»**

هەیە بەهۆی ئەوەی هۆرمۆنەکانی کەمو زۆر دەبێتو پێویستی بەچارەسەرە، یان بەهۆی ئەوەی نەشتەرگەرییەکی کردووەو بووەتە هۆی گیرانی بۆری رەحمیو دروستبوونی کیسێکی گەورە، پیاویش بەهەمان شێوە هەیە بەمناڵی هێلکە گونەکانی هەر لەسەرەوە دەمێنێتەوەو تا تەمەنی حەوت ساڵی دانەگیرێت ئەو پیاوە نەزۆک دەبێت، زۆر جار داشیبگرێت هەر نەزۆک ئەبێت.

شەنگە: ئەی چارەسەر لەرێی چاندنی بلوری بۆکێیەو تاچەند سەرکەوتووە؟
د.ئامانج: بۆ ئەوانەی کە بۆری رەحمیان نییەو داخراوە، بۆئەوەی کە پیاوەکە زوعفی هەیە، یان هێلکەی ژنەکە زەعیفەو تۆوی پیاوەکە سفرە، سفر بەو شێوەیەی کە لەناوەوە سفر نەبێت.
حاڵەتێک هەیە کە ئەوەیە هەندێجار ژنەکە وەرئەگرینو هێلکەکەی زۆر باشەو تۆوی پیاوەکەش باشەو دەکرێت بەمنداڵو جوانترین کۆرپەلە دروست دەبێت، بەڵام کە دەیگەڕێنینەوە بۆ دایکەکەی وەری ناگرێتەوە، ئەو هۆکارەش کەس نایزانێتو زانست بەدوای ئەو هۆکارەدا دەگەڕێت، چونکە بەڕاستی پارەیەکی زۆرو حاڵەتێکی دەروونی لەوانەدا روویداوە، بەڵام ئەو رەحمە ئەوە وەرناگرێتو قبوڵی ناکات.

شەنگە: ماوەی چەند تەندروستە بۆ نەبوونی سک کردن لای ژنان؟ ئەی مەنعکردن هۆکارە بۆ نەزۆکی؟
د.ئامانج: من پێمباشە مەنع نەکرێت لەسەرەتادا منداڵێک دروست بکەن، چونکە دوای ئەوە دەرناکەوێت کە ئایا ئەو کەسە خۆی وابووەن یان پەیوەندی بەمەنعەکەوە هەیە، لەبەرئەوەی ئەوەندە حاڵەتی نەزۆکی دەبینم هەرکەسێک یەتە لام پێیدەڵێم با بەزووترین کات سکت ببێت، ئەمەش نیعمەتێکی خوایەو باشترە بۆ ماوەیەکی کەم سک بکەن. ئەگەر کەسێک تازە شووی کردبوو نابێت بەهیچ جۆرێک رەحمی ببەستێت، نابێت دەرزی مەنع بەکاربهێنێت، یاخود حەب بخوات، نابێت لەولەب بەکاربهێنێت، تەنها بەرێگەی سروشتی مەنع ئاساییەو کاریگەری خراپی نابێت.

شەنگە: سەنتەرەکانی تایبەت بەنەزۆکی، بوونەتە هۆکارێک بۆ گەشبینی هاوسەران؟
د.ئامانج: بەنیسبەت سەنتەری دوارۆژەوە کە ماوەی ١٠ مانگە دەستی بەکارەکانی کردووە، ژمارەیەکی باش لەهاوسەران لەرێگەی نەشتەرگەری بلوورییەوە منداڵیان بردووەتە ماڵەوەو بوونەتە دایکو باوک کە ئەوە ئاواتێکی گەورەیانە، لە ٢٠١٠/١/١ یەکەم منداڵی بلوری لەدایک بوو لەسەنتەرەکەماندا، کە حەوت ژن بوون سەردانیان دەکردینو بوونە خاوەنی هەشت منداڵ، یەکێک لەو ژنانە دووانەی بووە، سیانیان لەسلێمانی، یەکێک لەو منداڵانە کچ بوو دووانەکەی تریان کوڕ بوون، ئەوانی تریش لەدەرەوەی هەرێم بوون.
رۆژانە ئەو نەشتەرگەرییە دەکەم، لە ٢/١شدا یەکێک لەنەخۆشەکانمان دوو کوڕی بوو، سک بگەیەنرێتە بەرهەم شتێکی زۆر گرنگە، راستە ئەو عەمەلییە دەکرێت، بەڵام ئەوە گرنگە منداڵەکەی بباتە ماڵەوە، ئەبینی زۆریان لەقۆناغێکدا لەباریان دەچێتو تووشی حاڵەتێکی دەروونی خراپ دەبنەوە.

شەنگە: زیاتر لەچ شوێنێکەوە سەردانتان دەکەن؟
د.ئامانج: لەعێراقو دەورووبەرێو لەئەوروپاوە سەردانم دەکەن، لەئێستادا چوار کەسم لایە لەنەرویجو دانیمارکەوە هاتوونو لێرە بۆیان ئەکەم، کە لەوێ سەری نەگرتووەو دێتە ئێرە، نەخۆشمان هەیە لەعەمان سەری نەگرتوە لێرە سەری گرتووە.

شەنگە: لەرووی مادییەوە ئەوجۆرە سەنتەرانە ئاسانکاری بۆ هاووڵاتیان کردووە؟
د.ئامانج: بەڵێ، لەبەرئەوەی چەند سوودێکی هەیە بۆ هاووڵاتیان، چونکە مەسرفێکی زۆریان بۆ گەراوەتەوە، گرنگترین شت ئەوەیە کە لەماڵی خۆیدایە هیچ کرێیەک نادات، هەروەها لەرووی دەروونییەوە ئاسوودەیە، ئەگەر یەکێک شەووڕۆژ بەو حاڵەوە لەشوقەیەکدا حەپس بێت کاریگەری خراپتر لەسەر کەسەکە دروست دەکات، لە رووی زمانو لێکتێگەیشتنەوە دیسانەوە سوودی هەیە.

شەنگە: بەشێوەیەکی گشتی هاووڵاتیان رازین بەو نرخەی لەبەرامبەر چارەسەری نەزۆکی دەیدەن؟
د.ئامانج: میللەتی ئێمە لەهیچ شتێک رازی نییە، لەبەرئەوەی هەمیشە تەندروستی بەلاش بووە، لەبەر ئەوە کە تۆ پێیدەڵێیت چارەسەرێک بە٢٠وەرەقە( دووهەزار دۆلار )، ئەچێت بەئاسماناو قبوڵی نییە، سادەترین نەشتەرگەری کە لێرە بە ١٠٠ دینار بێت لەدەرەوە بە ٣٠ وەرەقە بێت ئەچێت ئەیکات.

شەنگە: ئەمە پەیوەندی بەبێمتمانەیی هاووڵاتیانەوە هەیە لەبەرامبەر دکتۆرەکانی هەرێم یان چی؟
د.ئامانج: نەخێر، ئەمە پەیوەندی بەوەوە هەیە کە لەوەتی حکومەت دانراوە، تەندروستی بە بەلاش بووە، کفرە تەندروستی بەبەلاش بێت، ئامادەن پارە بەهەموو شتێک بدەن، بەس کە دێتە سەر تەندروستی خۆیو پارە، هەست ئەکات هەر بەبەلاشەو فێر نەبووە پارە بدات، لەکاتێکدا لەهەموو لایەنەکانی تر گرنگترە، بۆچی پارەیەکی وا نەبێت خەستەخانەکانی پێ پێشبخرێت، ناڵێین بێنە ئەهلی، بەڵکو بوونی پارە بۆ خەستەخانەکان سوودی بۆ خەڵکەکەشو میللەتیش هەیە، هەموو مەسرەفی حکومەت بۆ تەندروستییە، هەر باشە ئەوەندەشی پێدەکرێت کە بەپارەیەکەی کەم نەشتەرگەرییەک ئەنجام دەدرێت.

---

## تەکادن

# پەردەی کچێنی دەستکرد

کەژاڵ ئیسماعیل لەهۆڵەندا

ئەوەی مایەی نیگەرانییە ژن لەکۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا بەردەوام روبەروی کێشەی گەورە دەبێتەوە، تەنانەت داهێنانو تەکنۆلۆژیای نوێی جیهانی لەپیناو بەختەوەری مرۆڤایەتییدا دێنە نێو بازاڕەکانو لەبەختی ژن بەخراپ بەسەریدا دەشکێتەوە، هەروەک ئەو هەموو ستەمو سوکایەتییەی لەرێگەی مۆبایلەوە توشی هاتووەو بەردەوام مۆبایل بۆتە دوژمنێکی گەورەی ژن.
ئەوەی لێرەدا دەمەوێت باسی لێبکەم، یەکێکی دیکەیە لەداهێنانی وڵاتە پیشکەوتووەکان، وەک بەرهەمێک بۆ خزمەتکردن بەمرۆڤایەتیو ساڵانێکیشە لەلایەن ژمارەیەک لەوڵاتانەوە خراوەتە نێو بازاڕەکان ئەویش پەردەی کچێنیی چینی دەستکردە کە بەهەر رێگەیەک بێت گەیشتۆتە بازاڕەکانی جیهانو لەناویشیاندا بازاڕەکانی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست.
دوابەدوای روداوی تەڵاقدانی خانمێکی سعودی بەتۆمەتی خیانەتکردنو هەڵخەڵەتاندنی هاوسەرەکەی لەیادی دووەمین ساڵوەختی هاوسەرگیریاندا.
چیرۆکی ئەو خانمە گەرچی لەنێوان ساویلکەییو دڵسۆزیدا گومانی لەسەرە، بەڵام زۆر بەخێرایی لەتەواوی کۆمەڵگە عەرەبییەکاندا بڵاوبۆوە، ئەوە لەکاتێکدا ئەو خانمە بۆ سەلماندنی خۆشەویستی خۆیو بێپرسی هاوسەرەکەی جارێکی دیکە کچێنیی خۆی گەڕاندەوە بەدانانی ئەو مادە پلاستیکیەی ئێستا لەناو بازاڕەکاندا بەنرخێکی هەرزان کە نرخەکەی لە ١٥دۆلار تێناپەڕێت، کاتێکیش هاوسەرەکەی هەستی پێکرد بێئەوەی بیر لەهیچ شتێک بکاتەوە ژنەکەی بەتۆمەتی خیانەتکردن، تەڵاق دا.
ئەگەرچی پەردەی کچێنی دەستکرد، شتێکی تازە نییەو لەساڵی ١٩٩٣ لەهەریەک لەیابانو ئەمریکاو لەساڵی ١٩٩٥ وڵاتی تایلاند بەرهەمی هێناو دوابەدوای ئەوان بەهۆی بەرزی نرخی بەرهەمە یابانییەکە، وڵاتی چین بەرهەمی هێنا، بەڵام بڵاوبونەوەی پەردەی کچێنیی بەو خێراییو نرخە هەرزانە باسوخواسێکی گەورەی دروستکرد لەنێو ناوەندە بەرپرسەکانو پیاوانی ئایینیدا بەتایبەت لەوڵاتە عەرەبییەکانی: میسر، مەغریب، تونس، سوریاو سعودییە، هاوکات وڵاتی چینیان بەوە تاوانبارکرد کە بەرهەمێکی دژ بەئەخلاقی بەرێگەی نایاسایی گەیاندۆتە بازاڕەکانی ئەو وڵاتانەو مەسەلەکە گەیشتە دەسەڵاتدارانی چینو ئەو وڵاتانەی دیکە، ئەوەش لەکاتێکدایە کە وڵاتی چین خۆی بەوڵاتێکی خۆرهەڵاتی دەزانێتو نزیکەی ٢٠ملیۆن موسوڵمان لەو وڵاتەدا ئەژیو ئەو بەرهەمەی لەپێناو رووداوگەلی کوشتن لەسەر شەرەفپارێزی خستۆتە بازاڕەکانییەوە.
پیاوانی ئایینی، فرۆشتنی پەردەی کچێنیی دەستکرد بەکارێکی نائەخلاقیوو بۆ مەبەستی بڵاوکردنەوەی بەدڕەوشتیو گەندەڵی باس ئەکەن، بەجۆرێک یەکێک لەموفتییەکانی وڵاتی سوریا خوێنی ئەو کەسانەی حەڵاڵ کردووە کە بەرێگەی نایاسایی ئەو بەرهەمە ئەگەیەننە بازاڕەکانی ئەو وڵاتە.
لەلایەکی دیکەوەو لەکۆتایی ساڵی رابوردودا ماڵپەرێکی هۆڵەندی کە بەزمانی عەرەبی بەناوبانگترین رادیۆی عەرەبی ئەو وڵاتە پەخش ئەکات، مەسەلەی پەردەی کچێنیی وروژاندو باسی لەوەکرد کە ئەو بەرهەمە بەتایبەت بۆ وڵاتە موسوڵمانەکان دروستکراوە، چونکە لەو وڵاتانەدا لەدەستدانی پەردەی کچێنیی کارەساتێکی ئینسانییەو ئاکامی کوشتنە، چونکە شەرەفی خێزان بەندە بەو پەردەیەوە، ئەوە جگەلەوەی زۆربەی رۆژنامەو ماڵپەرە ئایینییەکان باس لەچۆنێتی ریکلامکردن بۆ ئەو بەرهەمە دەکەن کەبەم شێوەیە بڵاو دەکرێنەوە: لەماوەی پێنج خولەکدا کچێنییت بگەڕێنەرەوە ... کچێنییت ... بێ ئازارەو بە ١٥دۆلار بیکڕەو ...
هەموو ئەوانە، وێڕای ئاگادارکردنەوەی لایەنە پەیوەندیدارەکانە لەئاکامی خراپی بەکارهێنانی ئەو پەردەیە، بەڵام رەواجێکی زۆری هەیەو بەتەنها لەساڵی ١٩٩٧دا، لەوڵاتی چین ١٠٠٠هەزار حاڵەتی دانانی پەردەی کچێنی هەبووە. لەراستیدا مەرجی دانانی ئەو پەردەیە تەنها لەدەستدانی پەردەی کچێنیی نییە، بەهۆی ئەنجامدانی کاری سێکسی یان بەزۆر دڕاندنی لەئەنجامی دەستدرێژی سێکسی، بەڵکو گەلێک حاڵەت هەن، ئەبنە هۆی لەدەستدانی ئەو پەردەیە وەک کەوتنە خوارەوە لەشوێنێکی بەرز، برینداربوون بەئامێرێکی تیژ، نەبونی پەردەکە بەهۆکاری زکماکی، بەڵام ئەوەی جێی نیگەرانییە لەکۆمەڵگە ئیسلامییەکندا پیاو کچێک ناخوازێت یان نایەوێت گەر بەهەر هۆکارێک پەردەی کچێنی لەدەستدابێت، چونکە سوننەتی بەهاوسەربوون بەستراوە بەدڕاندنی ئەو پەردەیە لەیەکەم شەوی هاوسەرگیریدا، هاوکات شەرەفی بنەماڵە بەپەردەی کچێنییەوە بەستراوەو لەدەستدانی ئاکامی کوشتنو سەرشۆڕی بنەماڵەی لێدەکەوێتەوە.
لەهەمووی سەیرتر رای گەنجانی ئەو وڵاتانەیە کە پێیانوایە چیتر متمانەیان بەکچ نییەو گومانیان لەپەردەی کچێنییان هەیە، ئەگەر سروشتی خۆیان بێت پێیانوایە پێویستییان بەخۆداچونەوە هەیە پێش ئەوەی بەرووداوێکەوە گیرۆدەبن، ئەوەش لەکاتێکدایە کە وڵاتی چین بێئاگایی خۆی راگەیاندووە لەگەیشتنی بەرهەمەکەی بۆ بازاڕەکانی ئەو وڵاتانە.
سوعاد ساڵح مامۆستای فیقهی ئیسلامی لەزانکۆی ئەزهەر لەوڵاتی میسر، لەبەرنامەیەکی راستەوخۆی کەناڵی دریم دا، ئاماژەی بەوە دا کە کۆکردنەوەی پارە بۆ دانانی پەردەی کچێنی کارێکی خێرەو سەدەقەیەکی گەورەیە. ئەو خانمە پێیوایە داخستنی دەرگای تۆبە بەڕووی کچێکدا کە پەردەی کچێنی لەدەست دابێت، کارێکی نامرۆڤانەیەو ستەمێکی گەورەیە، جگەلەوەش ئاشکراکردنی لەلایەن پیاوێکەوە تاوانێکی گەورەی نامرۆڤانەیەو بۆشاردنەوەی تاوانی کچێک کە خۆی دەستی لەئەنجامدانیدا نییە، خێرێکی گەورەیە.

سەرچاوە:
• ماڵپەری www.rnw.nl
• ماڵپەری ئەلمیسراوی

# داراو زارا دەپرسن

داراوزارا: بڕیارمانداوە هەرکاتێک پرسیارێکمان هەبوو لەبارەی ئەرکە: بایۆلۆژیی، دەروونیی و سێکسییەکانی خۆمان، بەبێ هیچ ترس و شەرمو خۆخواردنەوەیەک بیخەینە بەردەم کلینیکی نم نم، تاوەکو بەراوێژ لەگەڵ کەسانی پسپۆڕو پشتبەست بەسەرچاوەی زانستیی، وەڵامی پرسیارەکان وەرگرینەوەو گومانەکانمان نەهێڵین و ببینە خاوەنی رۆشنبیرییەکی زانستیی دروست لەبارەی رۆحو جەستەی خۆمان، ئێوەی خوێنەریش دەتوانن بەشدارو هاوکارمان بن لەرێی ناونیشانەکانی رۆژنامەکەمانەوە.

ئا: سەنتەری خێزان بۆراوێژکاری دەروونیو کۆمەڵایەتیو پەروەردەیی

**دارا: من دووچـاری خەمۆکێ بووم، بەڵام هەست دەکەم ئارەزووی سێکسیم زیادی کردووە، لەکاتێدا بۆچوون وایە دەبێت ئارەزووی سێکسـیی لەکاتی بوونی ئەو نەخۆشـییەدا کەم بێتەوە یان نەمێنێت؟**

وەڵام: نەخۆشی خەمۆکی چەند پلەیەک یان چەند جۆرێکی هەیە، لەکاتی بوونی خەمۆکی سـادەو خەمۆکی مامناوەندا ئەگەری زیادبوونی ئارەزووی سێکسـی دەکرێت، بەڵام لەکاتی بوونی خەمۆکی توندا ئارەزووی سێکسیی کەم دەبێتەوە یان نامێنێت.

**زارا: من کچێکی دەستگیراندارم، ئایا ئەوهەڵانە چییە کە ئەگەر ژن ئەنجامی بدات دەبێتە هـۆی دوورکەوتنەوەی پیاو لەپەیوەندییە سێکسـییەکانی لەگەڵ هاوسەرەکەی؟**

وەڵام: دیـارە هـۆکارەکان زۆرن، بەڵام گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

١. گرنگی نەدانـی ژن بەپاکوخاوێنی جەستەو پۆشاکی.

٢. گرنگی نەدان بەخۆڕازاندنەوە لەژووری نووستنداو فەرامۆشکردنی کەشێکی لەبار بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی سێکسی.

٣. رەچاونەکردنی توانا سێکسییەکانی پیاوو جۆری کارو پیشەی پیاو.

٤. باسـکردنی کێشەو گرفتو گلەییو گازندەکان لەژووری نووسـتن و پێش ئەنجامدانی پرۆسەی سێکسی.

**دارا: بوونی نەخۆشێکی دەروونی لەناو خێزاندا کاریگەری لەسـەر ئەندامانی تری خێزان نابێت؟**

وەڵام: نەخۆشـی دەروونی نەخۆشییەک نییـە بتەنێتەوە بۆ کەسـانی تر، بەڵام دەتوانین بڵێین بوونی کەسێکی نەخۆش لەڕووی دەروونییەوە کاریگەری دروست دەکات لەئەنجامی تێکچوونی رەوشـی گشـتی ناوخێزان و پەیدابوونی ژانکۆ بـۆ ئەندامانـی خێـزان، گرفتەکەش کاتێک زیـاد دەکات کەخێزان بوونی ئەم حاڵەتە نەخۆشـییە پەردەپۆش بکات و پێیان عەیب بێت نەخۆشەکەیان ببەنە لای پسپۆڕێکی دەروونی، خۆشبەختانە ئێستا لەکوردسـتان ناوەند و سەنتەری تایبەت بەنەخۆشییە دەروونییەکان هەیە و ژمارەیەک کلینکی دەروونی هەیە، لەکاتی بوونی نەخۆشی دەروونیدا لەناو خێزاندا واپێویست دەکات نەک هەر نەخۆشەکە چارەسـەر بکرێت بەڵکو خێزانەکەیشی رێنمایی دروست وەربگرن.

**زارا: مـن ژنێکم چەنـد رۆژێکە بۆم دەرکەوتـووە کـە دووگیانـم، ئایا ئەنجامدانی پرۆسەی سێکسیی لەگەڵ هاوسـەرەکەم لەمـاوەی دووگیانیدا زیانی نابێت بۆ دووگیانییەکەم؟**

وەڵام: لەسێ مانگی یەکەمی دووگیانیدا ژنان دووچاری هەندێ نیشـانەی وەک رشانەوەو ماندووبوون و گێژبوون دەبنەوە، هەروەهـا لەم ماوەیدا ئـارەزووی ژنی دووگیـان بۆ خواردن کـەم دەبێتەوە، بۆیە لەسێ مانگی یەکەمی دووگیانییدا ئارەزووی سێکسیی ژنی دووگیان کەم دەبێتەوە، ئەم راستییەش دەبێت لەلایەن هاوسـەرە پیاوەکانـەوە رەچاو بکرێت، بەڵام مانگەکانی چوارەمو پێنجەمو شەشەم گونجاوترین سێ مانگن بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی سێکسیی بۆ ژنی دووگیان، سێ مانگی کۆتاییش هەستیارەو دەبێت پیاوان زۆر بەورياییەوە مامەڵەی سێکسیی بکەن لەگەڵ هاوسەرە دووگیانەکانیادا، دەبێت لەسێکسـی رووبەڕوو خۆیان بپارێزن واتە پیاو نابێت خۆی بدات بەسەر سکی هاوسەرەکەید، بۆ ئەوەی زیان بەهاوسەرو کۆرپەلەکەی نـەگات، دەبێت لەهەردوو باری تەنیشـت یان لەدواوە بۆ پێشەوە پرۆسەکە ئەنجام بدرێت.
باشتریش وایە لەو ماوەیەدا ژنی دووگیان نەگاتە ئۆرگازم، ئەویش لەبەر گرژبوونی ماسولکەکانی منداڵدانی.

# پەیوەندییە سۆزدارییەکان
# بنچینەترین هۆکاری جیابونەوەی ژنو مێرد



بروسک مەحمود

بۆچی خەڵک دەیانەوێت لەیەکتری جیاببنەوە؟
ئاسانە هۆکارێک دابنێیت بۆ برەودان بەداوایەکی جیابونەوە. لەڕاستیدا سەدان هۆکاری ناوازە هەن کە بۆچی کەسەکان جیابونەوەیان دەوێت. هەندێک کات، زیاتر لەهۆیـەک لەئارادایە، ئەمانەی خوارەوە هەندێک هۆکاری شیاون بۆ جیابونەوەی هاوسەران لەیەکتری:

کێشەی پەیوەندییەکان
پێدەچێـت کێشـەی پەیوەندییەکان لەنێوان دوو کەسـدا پێش بەیەکەوە بوون کۆتایی پێبێت، بەڵام هەندێجار کاردەکاتە سـەر هاوسەرگیرییەک کە باش بناغەی نەگرتبێت. باسـکردنی هەستەکان سەبارەت بەو لایەنانەی کە بۆ تاک گرنگن شتێکی یەکلاکەرەوەیە، بـەڵام پێدەچێت هەندێـک کات، لەلایەن هاوسەرانەوە پشتگوێ بخرێت. پێدەچێت هەندێک هاوسـەر پێشتر گرنگییەکی کەم بدەن بەو بابەتانەی لەکاتی هاوسەرگیریدا درکی پێدەکەن، لەوانەیە کێشەی پەیوەندییەکانی پێش هاوسـەرگیری خراپتـر بێت وەک لەدوای هاوسەرگیری.

کێشەی مادی
پـارە یاخود ئەو لایەنانەی پەیوەندیان پێوەی هەیـە، بەدڵنیاییەوە هۆکارێکی نارەزاییە لەنێوان جوتەکاندا. پێدەچێت هاوسەرەکان بتوانن بەسەر ئەم گرفتەدا زاڵ ببـن. بەڵگەکان پێشـبینی ئەوە دەکەن کە پارە بنچینە یاخود هۆکاری سەرەکی جیابونەوە نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، فاکتەرێکی گرنگە. دووبارە، نەبونی پەیوەندیـی گرنگترە لەچاو کەمی پارەدا.

شێوازەکانی خراپ مامەڵەکردن
چەندین شێوازی خراپ مامەڵەکردن هەن کە دەبنە هۆکاری جیابونەوە، ئەمە تەنها هەڵسوکەوتی جەستەییو عەمـدی ناگرێتـەوە، پێدەچێت مامەڵەی خراپ لەشێوازی سێکسیو هەسـتییدا هەبێت. رەنگە لایەنێک بەدوای ئـەوەدا بگەڕێت لەڕێگەی شـێوەزارێکی تونـدەوە بێڕێزی بەرامبـەر لایەنەکەی تـر بکات، هەروەها پێدەچێـت خواردنەوەی کحولو مادەی هۆشبەرو قوماركردنی زۆر کـە وەک شـێوازێکی خراپ مامەڵەکردن ئاماژەی پێدەکرێت ببێتە هۆی تێکدانی هاوسەرگیری، رەنگە هیچ مامەڵەیەکی خراپی جەستەییو فەرمانی لەنێوان هاوسەرگیریەکەدا نەبێت، بەڵام گران دەبێت بۆ کەسێک کە لەگەڵ کەسێکی ئالودەبوودا ژیانی رۆژانەی بەسەربەرێت.

بێباوەڕی لەپرۆسەی هاوسەرگیریدا
یاسای هاوسـەرگیری کە لەنەتەوە فرەژنخوازەکاندا هەیە ئەوەی ئاشکرا کردووە کە پێویسـتە پرۆسـەی هاوسـەرگیری بەتەواوەتی لەنێوان کەپڵەکاندا رێکبخرێتو پرۆسەیەکی دوولایەنـە بێـت تاکو هـەردولا بەشـێوەیەکی نهێنیانە سـەیری چواردەوریان نەکەن و نەتوانن پێکەوە بمێننەوە، ئەگەرنا پێدەچێت لایەکیان داوای جیابونەوە بکات، ئەگەر هاتوو بەڵگەی بێباوەڕی لەپرۆسەکەدا بینی.

کێشەسێکسییەکان
سێکس لایەنێکی بنچینەیی پرۆسەی هاوسـەرگیرییە. دەبێت هاوسەرەکان ئەم کارە ئەنجـام بدەن مەگەر ئەوەی کە لایەنێـک پێش هاوسـەرگیری بزانێت لایەنەکەی تر کێشەی سێکسی هەیـەو قبوڵـی بـکات. لەهەندێک باردا، رەنگە حەزلێنەبون لەسـێکس یاخـود نائاسـاییبوونی حاڵەتەکـە لەدوای پرۆسەکە دەستپێبکات، ئەگەر هاوسەرەکان نەتوانن چارەسەری ئەمە بکەن، لەوانەیە ببێتـە هۆکارێک بۆ لەیەک جیابونەوە.

پێکەوە نەگونجان
ئەمـەش وەک یەکێک لەهۆکارەکانی جیابونەوە لەقەڵـەم دەدرێت. چەندین جۆر شـێوازی نەگونجانـدن هەیە، بۆنمونە رەنگە هاوسـەرەکان لەهەمو شتێکدا نەگونجێن و نەتوانن بەشێوەیەکی سـۆزدارانەو ژیرانـەو سێکسـیانە بارودۆخێکی گونجاو دروست بکەن یـان لەبارودۆخی پێکەوە نەگونجاندا نەتوانن لەگەڵ کەسێکدا ژیان بەسەر بەرن کە نەتوانێت تەواوکەری بێت.

# دانیشتنی زۆر ماڵوێرانی لەدوایە



ئا: چنوور قادری

پسـپۆڕانی بواری تەندرووسـتی لەهوشدارکردنەوەیەکی نوێدا ئاماژە بەوە دەدەن کە دانیشتن بۆماوەیەکی زۆر دەتوانێ بۆ تەندرووستی مرۆڤ مەترسیدار بێت.
بەپێـی راپۆرتێکی ئەسۆشـەیتد پرێس، بیرمەندان بەشـێوەیەکی بەربڵاو خەڵک وریا دەکەنەوە لەوەی دانیشتن بۆماوەیەکی زۆر، تەنانەت بۆئەو کەسانەی کە وەرزش دەکەن، دەتوانێ روبەڕبووی مەترسـییەکی گەورەیان بکاتەوە. ئەو پسـپۆڕانە جەخت لـەوە دەکەنەوە کە گرنگ نییە شوێنی دانیشتنەکە لەفەرمانگە، قوتابخانـە، ئۆتۆمبێـل بـێ یان دانیشتن بێ لەپشت کۆمپیۆتەر یان لەبـەردەم تەلەڤزیۆن، بەڵکو بەتەنیا دانیشـتن بۆماوەیەکی زۆرو بەبێ هەستان لەشوێنێکو بەبێ جموجۆڵ تاکەکەس تووشی کێشە دەکات.
ئەگەرچی توێژینەوەزانستییەکانی ئەم بوارە هێشتا لەقۆناغی سەرەتاییدان، بـەڵام بەپێی ئـەو لێکۆڵینەوانەی تائێسـتا کراون دانیشـتنی زۆر دەبێتە هۆی قەڵـەویو بەو هۆیەوە مرۆڤ تووشی جەڵتە دەبێ، هەروەها ئیمکانی ئەوەش هەیە گیانی لەدەست بـدات. بیرمەندان ئامـاژە بەوە دەدەن کە تائێستا نازانن کە ماوەی دانیشتنەکان تاچەند کاتژمێربێت زۆر مەترسیدار دەبێت، بەڵام باشتر وایە کەسـەکان زووزوو لەسـەر شوێنی دانیشـتنەکەیان هەستن و کەمێک پیاسـە یان جموجۆڵێک بکەن.
لەشی مرۆڤ دوای چوار کاتژمێری بەردەوام دانیشتن، کۆمەڵێک پەیامی مەترسـیدار بۆ مێشک دەنێرێت. تەنانەت ئەو کەسـانەی کە وەرزش دەکـەن، ئەگـەر وەرزشـەکەیان بەیەکجاریی ئەنجام بدەن، باشتروایە کە وەرزشە جەستەییەکانی خۆیان بەدرێژایـی رۆژ دابـەش بکەن، چونکە پسـپۆڕان و شـارەزایان تائێستاش لەهەوڵی ئەوەدان لەرێی توێـژ ینەوەکانیانەوە ئـەو ماوەی دانیشتن بدۆزنەوە کە مەترسیدار نەبێتو دیـاری بکەن هاوکات ئەو رێگاچارانەشـی بدۆزنەوە کە بەر لەشوێنەوارە خراپەکانی دانیشتنی زۆر دەکەن.

# کێ لەهەڵسوکەوتی خراپی مامۆستایان بەرپرسە؟

**ئەو منداڵانەی لەسەرەتاوە دەخرێنە بەر خوێندن توشی هەندێک کێشەو گرفت دەبنەوە، توێژەرانی دەروونیش ئەو هۆکارانە بۆ ترسو نامۆیی خوێندکار دەگەڕێننەوە لەمامۆستاکانیان.**

ژەنیار شاخەوان لەسلێمانی

مامەڵەو هەڵسوکەوتی خراپی مامۆستا لەقۆناخی سەرەتایدا، دەبێتە هۆی نائارامی باری دەروونی خوێندکاران و بوونی ترس و شەرم. لەو ڕۆژەوەی مامۆستاکەی لەسەر پیسبوونی کتێبەکانی لێی توڕە بووە، سیڤانی تەمەن حەوت ساڵ، حەز ناکات لەوانەی ئەو مامۆستایەدا دابنیشێت و بەردەوام حەزی لەدەرەوەی خوێندنگەکەیەتی، «لەبەر ئەوەی کتێبەکانم کەوتبوویە ناو قوڕەوەو پیس ببوو، مامۆستاکەم لێم توڕە بوو دەستمکرد بەگریان». سیڤان لەپۆلی دووەمی بنەڕەتییەو یەکێک بووە لەخوێندکارە زیرەکەکانی ئەو خوێندنگەیە، بەڵام بەوتەی یەکێک لەمامۆستاکانی ماوەی دوو هەفتەیە ئارەزووی خوێندنی نەماوەو خۆیشی هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێنیتەوە کە مامۆستای یەکێک لەوانەکانیان بەردەوام لێیان توڕە دەبێت، «زۆرجار ناهێڵێت بچینە دەرەوەی پۆل بۆ پشوو وەرگرتن».

زۆر رقم لەو مامۆستایەیە، هەر بەمن دەڵێ تەمەڵ

پەرژین نەوزاری تەمەن شەش ساڵ، لەپۆلی یەکەمی بنەڕەتییەو ماوەی چەند مانگێکە دەخوێنێت، لەوانەکانیدا زیرەک نییەو هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە لەمامۆستاکەیان تێناگات، «مامۆستاکەمان زۆر خێرا وانە دەڵێتەوەو من لێی تێناگەم». ئەو نایشارێتەوە کە لەو پۆلەدا هەر ئەو کەم شت فێر بووەو بەو هۆیەشەوە مامۆستاکەیان بەناوی تەمەڵی پۆلەوە بانگی دەکات، «زۆر رقم لەو مامۆستایەیە، چونکە هەر بەمن دەڵێت تەمەڵ».

بەکارهێنانی توندوتیژیو وتەی ناشیرین دەبێتە هۆی شێواندنی باری دەروونی خوێندکاران و تۆراندنیان لەهۆڵەکانی خوێندن. ئارام عەلی تەمەن هەشت ساڵ، لەپۆلی دووەمی بنەڕەتیەو لەوانەکانیدا ئاستێکی خراپی هەیە، بەوتەی خۆی زۆر لەمامۆستاکانی دەترسێت و ئەو کاتەشی شتێک دەزانێت، لەترسا ناتوانێ لەبەردەمی مامۆستادا بیلێت، «جارێکیان شعرێکم بۆ مامۆستا وت، یەک دێڕم لەبیر چوو، مامۆستاکەم بەتوڕەییەوە وتی دانیشە حەیوان».

مامۆستایان سزا دەدرێن

زۆرێک لەمامۆستایان باس لەوە دەکەن کە لەپۆلەکاندا هەندێک خوێندکار هەن کە درەنگ تێدەگەن و پێویستیان بەچەند جارێک دوبارەکردنەوە هەیە. ئیسماعیل ئەحمەد مامۆستای قۆناخی بنەڕتییەو ئاماژە بەوە دەدات کە دوو خوێندکار هەیە دوای هەموو خوێندکارەکان لەوانەکە تێدەگەن، «ئەوانە تەمەڵ نین، بەڵام مێشکیان درەنگ ئەو وانانە وەردەگرن و رەنگە لەداهاتودا زۆر زیرەکیش دەربچن».

بەبڕوای ئەو، هەندێک مامۆستا ڕێگە نادات خوێندکارەکانی بەئارەزوی خۆیان هاتوچۆو جموجوڵ بکەن لەقوناخی یەکەم و دووەمی بنەڕەتیدا ئەوە دەبێتەی هۆی بێتاقەتی خوێندکار لەوانەکەی. بەرپرسانی پەروەردە جەخت لەوە دەکەنەوە کە بەردەوام خول بۆ مامۆستایان دەکەنەوەو سزای ئەوانەشی دەدەن کە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ خوێندکاردا توندە بەتایبەت خوێندکارانی بنەڕەتی.

**«هەر من کەم شت فێر بووم‌و بەو هۆیەشەوە مامۆستاکەمان بەناوی تەمەڵی پۆلەوە بانگم دەکات، بۆیە زۆر رقم لەو مامۆستایەیە، چونکە هەر بەمن دەڵێت تەمەڵ»**

بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی شێخ حسەین مستەفا، ئاماژە بەوە دەدات کە ئەوان ساڵانە خولی وانەوتنەوە بۆ مامۆستایان دەکەنەوەو لەگەڵ گۆڕینی پرۆگرامی خوێندنیشدا شێوازی وانەوتنەوەکان فێری مامۆستا دەکەن، «ئەو مامۆستایانە تازە دادەمەزرێن و لەسەرەتایی وانە دەڵێنەوە خۆیان وانە وتنەوەیان خوێندوەو لەسەر خوێندنگەکانیش پراکتیکیان کردووەو لەکاتی کردنەوەی دەورەشدا بەشداریان پێدەکەین». ئەو بەڕێوەبەرە جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەو مامۆستایانەی توندوتیژی بەرامبەر بەخوێندکار بەرکاربهێنن بەتایبەت خوێندکارانی بنەڕەتی، سزادەدرێن.

منداڵان لەقوتابخانە دەتۆرێنرین

پسپۆڕانی بواری دەروناسی ئاماژە بەوە دەدەن کە پێویستە، لەکاتی فێرکردنی منداڵدا لەقۆناخی سەرەتایدا مامۆستا هێمن و لەسەر خۆبێت. گۆنا حەمەساڵح وەک توێژەرێکی دەروونی باس لەوە دەکات کە ئەگەر منداڵ هەست بەترس و شەرم بکات، ئەوکاتە هیچ شتێک وەرناگرێت و بەردەوام دەترسێت، ئەگەر قسەبکات و هەڵە بێت، مامۆستاکەی لێی توڕە دەبێت، هەربۆیە ئەرکی مامۆستایە چەند جارێک وانەکان بۆ خوێندکار دووبارە بکاتەوە تا تەواو تێدەگات، «مامۆستای سەرکەوتوو هێمن و لەسەر خۆ، بەخەندەوە وانە دەڵێتەوەو خوێندکاران تێدەگەیێنێت». ئەو توێژەرە دەروونییە پێیوایە منداڵ لەو تەمەنەدا پێویستی بەجوڵانێکی زۆر هەیە، بۆئەوەی ئەو وزەیەی هەیەتی خەرجی بکات، «پێویستە مامۆستاش ڕێگیریان نەکەن».



منداڵان چاوەڕوانی گۆڕینیان لەمامۆستاکانیان هەیە

فۆتۆ: شاخەوان مەحمود

# ئۆپێرای هونەرەکان

بڕوا کامل عەتار

شانۆ منداڵکی لێیە بەشێوەی ستیل وەستاوە دەمو چاویو جلو بەرگی سپیە. منداڵێکی تر دێتە سەر شانۆ کە نواندنی شانۆ دەکاتو جل وبەرگی رەسمی شانۆی لەسەر نەخشێنراوە، دێیتە سەر شانۆو بەپەیکەرەکە دەڵێت: چەند بمێنیتەوە هەر خۆم خۆشەویسترم لای خەڵکان، منداڵکی تر دێتە سەر شانۆو دەڵێت: نەخێر منم، لەماڵی هەموتانا هەڵواسراوم.
دەنگە دەنگ لەنێوان منداڵەکان زیاد دەکات.

١

منداڵیک دێت کە بەرجەستەی مۆزیک دەکاتو جلو بەرگی وێنەیەکی کلیلی مۆزیکی لەبەردایەو دەڵێت:


**بڕۆن خۆتان لادەن لەم ناوە**
**دانیشن بەقسەی پیاوانە**
**با بۆتان باس بکەم تۆزیکی ئەم ژیانە**
**دۆ هەستی هەمووانە**
**ڕێ دڵی جگەرگۆشەکانە**
**می ڕۆژی عاشقانە**
**فا خۆراکی مرۆڤانە**
**صۆ ڕەنگی هونەرەکانە**
**لا لابردنی کارە خراپەکانە**
**سی ئاوازی گۆرانیەکانە**

منداڵێکی دیکە، کە بەرجستەی وێنە دەکات دەکەوێتە گۆرانیو دەڵێت:

**وێنە وێنە وێنە**
**وێنە خەونەکانە**
**وێنە ڕەنگەکانە**
**وێنە ئارەزووی ژیانە**
**وێنە وێنە وێنە**
**ئەگەر جارێ وێنە لەشانۆ؟**
**ئەگەر جارێ وێنە لەمۆزیک؟**
**نەبێت دەڵێن کوا**
**وێنە وێنە وێنە**
**دەبا هەموومان پێکەوە بڵێین**
**گەورەی هونەر کێیە؟**
**بڵێین**
**وێنە وێنە وێنە**

٢

منداڵکی تر کە بەرجەستەی شانۆ دەکات دەست دەکات بە گۆرانی وتن:
نەخێر با من بۆتان باس بکەم کێ گەورەی هوونەرە
شانۆیە شانۆ



**مۆزیک**
**ئەوەی کە شانۆ نەکات**
**هەست بەژیانش ناکات**
**شانۆ ژیان‌و نانە**
**شانۆ خەندەو گریانە**
**چاک گوێبگرن هاورێیان**
**پێکەنین‌وگریانتان**
**لای ئێمەوە هەڵدەکاتە**
**هەر لای ئێمەش ونی دەکەین**
**ئەمە ڕەوشی ژیانە**
**شانۆش هەستیارەکانە**
**شانۆ دەنگی گەلە**
**گەلیش بۆخوی شانۆی ژیانە**

٣

منداڵی پەیکەر دەکەوێتە گۆرانی:

**ئەی بۆ باسی من ناکەن**
**لەسەر جادەو کۆڵانتان**
**هەر خۆمم بەتەنیا**
**بەباران‌و بەفرو گەرما**
**بەرگەش ئەگرم لەسەرما**
**کەس نییە بێت بەدەورما**
**یەکەم ڕۆژی دانانم**
**پیاوی گەورە دێتە سەردانم**
**من و هاوڕێکانم خەڵکی باش لەبیر ناکەین**

لێرەدا مامۆستایەک دێتە سەر شانۆ دەڵێت
مامۆستا: ئافەرین قوتابیەکانم دەستان خۆش بیت
بەس ئەزانن هونەرەکان بەیەکەوە جوانن و هەموویان بەسوودن
قوتابیەکان: بەڵێ

## وشیاریی لەسەر نەخۆشییە دەروونییەکان زیاد دەبێت

لڤین نیرۆیی لەدهۆک

بەڕێوەبەرایەتی سەنتەری تەندروستی دەروونی لەدهۆک جەخت لەسەر زیاتر ئاشکرابوونی حاڵەتە دەروونییەکان دەکاتەوە نەک زیادکردنیان، لەبەرئەوەی هاووڵاتیان زیاتر وشیاربوونەتەوەو سەردانی پزیشکی دەروونی دەکەن.

د.نزار عیسمەت بەڕێوەبەری ئەو سەنتەرەیەو ئاماژە بەوە دەدات کە جگەلە وشیاربوونەوەی خەڵکی، پزیشکە دەروونییەکانیش پسپۆڕێتیان لەدەستنیشانکردنی حاڵەتە دەروونییەکاندا زیاتر بووە، «لەچەند ساڵی ڕابردوودا ١٨٤٢ کەس بەهۆی نەخۆشی دەروونییەوە سەردانی سەنتەرەکەمانیان کردووە و زۆرینەشیان لەرەگەزی مێ بوون».

د.نزار عیسمەت ئاماژە بەوە دەدات کە نەخۆشی دەروونی هەموو تەمەنەکان - منداڵ، گەنج، ژن، پیاو، بەتەمەن - دەگرێتەوەو ئەو کاتەشی کە نەخۆشەکان چارەسەردەکەن هەوڵدەدەن تەنها لەرێگای ئامۆژگارییەوە چارەسەریان بکەن بەبێ دەرمان، بەڵام هەندێک حاڵەت هەیە بەبێ دەرمان چارەسەرنابن، بۆیە هەردوو ڕێگاکە بەکاردەهێنن، «بۆنموونە منداڵ زیاتر تووشی نەخوشی میزکردن بەخۆکردن، کێشەی قسەکردنو ترس دەبنەوە، گەنجیش زیاتر تووشی ترسو خەفەتو تورەبوون دەبنەوە».

## ڕۆنی ماسی گرنگییەکی لەرادەبەدەری هەیە

لەئینگلیزییەوە: دیار جەزا

بۆماوەی چەندین ساڵە بیستوومە کە رۆنی ماسی سودی زۆرە. هاوڕێیەکم سوێند دەخوات رۆنی ماسی نەخۆشی ئەکزیمای کوڕەکەی ئەوی رەواندۆتەوە، هاوڕێیەکی دیم رۆنی ماسی بەکاردێنێ تاکو ڕێگری لەسەرما بکات. لەبڵاوکراوەکاندا دەبینم کە وەرزشکارانی گۆڕەپانو مەیدان بەمەبەستی پاراستنی ئەژنۆکانیان پێویستە رۆنی ماسی بەکاربێنن. لەئەورووپاش پزیشکان لەرەچەتەکانیاندا پێشنیازی رۆنی ماسی بۆنەخۆشەکانیان دەکەن، هەربۆیە منیش بڕیارم دا توێژینەوەیەکی بچووک لەوبارەیەوە ئەنجام بدەمو زانیارییەکی زیاتر بەدەست بێنم. رۆنی ماسی ترشە چەوری ئۆمیگا-٣ لەخۆ دەگرێت، لەبەرئەوەی جەستەی ئێمە لەتوانایدا نییە ئەم ترشە چەوریانە بەرهەم بێنێ (تەنها لەرێگەی خوێنەوە بەدەستی دێنێ)، بۆیە ئەم ترشانە بەترشە چەوری بنەڕەتی ناوزەند دەکرێن.

سێ چەشنە جیاوازەکانی ترشە چەوری ئۆمیگا-٣ بریتین لەترشی ئەلفالینۆلێنیک، ترشی ئەیکۆساپێنتاینۆیک، ترشی دۆکۆساهێسینۆیک. فرمانی سەرەکی رۆنە ئۆمیگاییەکان کەمکردنەوەی ئاوسانە کە سوودبەخشە لەرووبەرووبونەوەی چەندین گرفتی تەندروستی. ترشە چەورییەکی گرنگی تر )ئۆمیگا-٦(ە، بەڵام ئەمیان لەخۆراکی ڕۆژانەماندا زۆر بڵاوە، چونکە لەگۆشتدا بوونی هەیە.

ئەو کەسانەی ڕێژەیەکی باش لەترشە چەوری ئۆمیگا-٣، ئۆمیگا-٦یان هەیە چاوەڕوان دەکرێت کەمتر دووچاری گرفتە تەندروستییەکانی وەک: نەخۆشی دڵ، شێرپەنجە، ئاوسانی جومگەکان ببنەوە، لەگەڵ ئەوەش، باشترین ڕێژەی ئەم رۆنە بەگوێرەی ئەو بارودۆخە دەگۆڕێت کە تۆ لەبارەیەوە نیگەرانیت. لەئەنجامی کەمبوونی ڕێژەی ترشە چەورییەکانی ئۆمیگا-٣ لەژەمە خۆراکییەکانماندا، بەکارهێنانی رۆنی ماسی ڕێگەیەکی گرنگە لەزیادکردنی ژەمە خۆراکەکانو بەدەستهێنانی ترشە چەورییەکانی ئۆمیگا-٣و ئۆمیگا-٦ بەشێوەیەکی باشتر.

کاتێ گەشتێکم بەنێو وێژەی پزیشکیدا ئەنجامدا ژمارەیەکی بەرچاوم لەو توێژینەوانە بەدیکرد کە سوودەکانی زیادکردنی ترشەچەوری ئۆمیگا-٣ ژەمە خۆراکییەکانیان خستبووە روو. هەندێ لەو رەوشانەی توێژینەوەیان لەبارەوە کرابوو لەخوارەوە دەستنیشان دەکەم. ئەمە لیستێکی گشتگیر نییە، بەڵام دەستپێکێکی گرنگە:

پەستانی بەرزی خوێن، نەخۆشییەکانی دڵ، چارەسەری خەمۆکی، نەخۆشی ئەکزیما، چارەسری تەنگەنەفەسی، ئاوسانی جومگەکان.

# لەسلێمانی تەنها ڕۆژانی هەینی سەردانی نەخۆش دەکرێت

## «لەماوەی تەنها ڕۆژێکدا ١٥هەزار کەس سەردانی ٣٠٠ نەخۆشیان کردووە»



زۆر جار زۆرسەردانکردنی نەخۆش کاریگەری نەگەتیڤی لەسەر باری دەرونی نەخۆشەکان بەجێدەهێڵێت

فۆتۆ: شاخەوان مەحمود

**بەهۆی زۆری سەردانی هاووڵاتیانەوە بۆ نەخۆشخانەکان، دکتۆرو کارمەندانی نەخۆشخانەکان بێزار بوونو هاووڵاتیانیش گلەییان لەکارمەندانو سیستمی نەخۆشخانەکان هەیە.**

بێستون فەتاح لەسلێمانی

دوای ئەوەی سەردانی نەخۆش لەدوو ڕۆژەوە کرا بەیەک ڕۆژ، هاووڵاتیان گلەییان لەکارمەندانو سیستمی نەخۆشخانەکان هەیەو داوا دەکەن سەردانی نەخۆش هەموو ڕۆژێک کراوە بێت.

کاروان سەرداری تەمەن ٣١ساڵ، ئاماژە بەوە دەدات کە بەهۆی ئەوەی هەفتانە ڕۆژێک یان دوو ڕۆژ دانراوە بۆسەردانی نەخۆش، قەرەباڵخیەکی زۆر دروست دەبێت، «زۆرجار لەرۆژەکانی تردا کەسێک زۆر پێویستی بەسەردانی نەخۆشەکەی هەیە، بەڵام ئەگەر واستەی نەبێت لەو نەخۆشخانەیە، نەخۆشەکەی بشمرێت نایکەنە ژورەوە».

کاروان، جەختی لەوە کردوە کە زۆرجار پۆلیسو کارمەندانی نەخۆشخانەکانی پەلاماری ئەو هاوڵاتیانەن دەدەن کە کەسێکیان نەخۆشەو دەیانەوێت سەردانی بکەن، «بەچاوی خۆم بینیومە بەچوار پۆلیس لەکوڕێکی گەنجیان داوە، لەبەر ئەوەی ویستویەتی دایکی ببینێت کە زۆر هیلاک بووە».

ڕێگەی تورکیا ئاسانە یان سەردانی نەخۆش

شیلان کاوەی تەمەن ٣٧ساڵ، باس لەوە دەکات کە کارمەندانی نەخۆشخانەکان بەشێوەیەکی رەق مامەڵ لەگەڵ میوانانی نەخۆشەکان دەکەن، «زۆرجار وتومە ڕێگەی تورکیا ئاسانترە لەسەردانی نەخۆش لەنەخۆشخانەکاندا».

بەبڕوای ئەو ژنە پێویستە نەخۆشخانەکان بەردەوام کراوەبن لەبەردەم میوانانداا بۆئەوەی هەمووی لەرۆژێکدا نەچن بۆ سەردان، «ئەو سیستەمە هەڵەیە کە لەهەفتەیەکدا تەنها یەک ڕۆژ سەردان هەبێت، پێویستە وەکو وڵاتانی ئەوڕپا بێت کە بەردەوام نەخۆشخانەکانیان کراوەن»، هەربۆیە جەخت لەوە دەکاتەوە کە زۆر جار لەلایەن کارمەندانەوە ڕووبەڕوی قسەی ناشرین دەبنەوە.

نەخۆشی نەخۆشخانەکانیش بەهۆی کێشەی نێوان کارمەندانو میوانەکانیانەوە، لەهەردوولا بێزار بوون.

سەروەت یاسینی تەمەن ٤٠ساڵ، ماوەی دوو ڕۆژە بەهۆی ڕوداوی ئۆتۆمبێلەوە بریندار بووەو ئاماژە بەوە دەدات کە میوانێکی زۆری هاتووە، بەڵام نەیان کردونەتە ژوورەو لەگەڵ کارمەندەکانیشدا بووە بەکێشەی، «بێزار بووم لەنێوان میوانەکانمو کارمەندانی نەخۆشخانەکەدا، میوانەکان هەر تەلەفۆن دەکەنو دەڵێن ڕێگەمان نادەن، کارمەندو پۆلیسەکانیش زوو زوو دێنو دەڵێن نابێت کەس سەردانیت بکات»، هەربۆیە ئەو لەنێوان هەردوکیاندا بێزاربووەو بەوتەی خۆی لەهەردوو لا بێزار بووە.

سەردان لەدوو ڕۆژەوە دەکرێت بەیەک ڕۆژ

فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی بڕیاری داوە، کە سەردانی نەخۆش لەگشت نەخۆشخانەکاندا بکرێتە ڕۆژی هەینی کە پێشتر دوو ڕۆژ بووەو لەکاتژمێر هەشتی بەیانیەوە بۆ هەشت شەو بەردەوام بێت.

د.ڕێکەوت حەمەرەشید بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی سلێمانی، ئاماژەی بەوەدا کە ئەو بڕیارە بەشێوەیەکی گشتی لەخزمەتی نەخۆشەکاندایەو بۆ پاراستنی نەخۆشخانەکانو سەلامەتی پاکوخاوێنی نەخۆشەکانەو داوای لەهاوڵاتیانیش کرد هاوکاریان بکەن لەجێبەجێکردنی بڕیارەکەدا.

لەلایەکی دیکەوە سەروەر سدیق لێپرسراوی بەشی کارێگیری نەخۆشخانەی فێرکاری شاری سلێمانی، هۆکاری دەرکردنی ئەو بڕیارە دەگەڕێنێتەوە بۆزۆری سەردانی نەخۆش کە لەتەنها ڕۆژێکدا ١٥هەزار کەس سەردانی ٣٠٠نەخۆشیان کردووە.

سەروەر ئاماژە بەوە دەدات کە هیچ شوێنێکی خزمەتگوزاری یان شوێنێک بەقەبارەی نەخۆشخانەکەیان بەرگەی ئەو ژمارە زۆرەی هاووڵاتیان ناگرێت، «نەخۆش هەیە لەرۆژی سەرداندا زیاتر لە١٠هاوڵاتی سەردانی دەکەن لەگەڵ بونی ژمارەیەکی زۆری منداڵیشدا».

ناوبراو، باس لەوە دەکات کە ئەو بیرۆکەیەیان لەوەوە سەری هەڵدا کە قەرەباڵغییەکی زۆر دروست دەبوو، کارگوزارەکانیش لەو ماوەیەدا فریا نەکەوتوون نەخۆشخانەکە پاک بکەنەوە، «نەخۆشخانەکان زیانی زۆریان پێدەگەیشت لەڕووی پاکوخاوێنییەوە، ئەو کەسانەشی سەردانی نەخۆشیان دەکرد، چەند کەسێک لەسەر قەڵەوێرەکە دادەنیشتنو دەیان شکاند».

بەپێی ئەوەی ساڵانێکی زۆر لەوڵاتی سوید بووە، د.سەرنج عەبدوڵای مامۆستای بەشی کۆمەڵناسی زانکۆی سلێمانی، ئەو بڕیارە بەکارێکی نەشیاو دەزانێتو دەڵێت: «سەردان بەو شێوەیە کارێکی سەیرەو لەڕووی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانەوە بەدیاردەیەکی نەگونجاو پێوانە دەکرێت».

کارمەندانی نەخۆشخانەکان بڕیارەکەیان پێباشە

محەمەد حەسەن کارمەندی بەشی پرسگە بڕیارەکەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی بەباش دەزانێتو ئاماژە بەوە دەدات کە کەمکردنەوەی ڕۆژانی سەردانی نەخۆش سوودێکی زۆری لێدەبینرێ بۆ کەمکردنەوەی قەرەباڵخی، کە پێشتر هەموو سێشەمەو هەینیەک خەڵکێکی زۆر سەردانیان دەکردنو قەرەباڵخی دروست دەبوو.

ناوبراو، ئەوەی ڕونکردەوە کە جگەلەو ڕۆژە لەرۆژانی تردا هیچ هاووڵاتیەک ناکەنە ژورەوە، «کاتێک نەخۆش داخڵ دەبێت، پزیشک بڕیار دەدات چەند کەسێک بەدیارییەوە بمێنێتەوە، تەنها پێویستی بەپزیشکێکو کارمەندانە نەک بەکەسو کاری»، هاوکات کامەران محەمەد کە کارمەندێکی تری نەخۆشخانەی فێرکارییە، جەخت لەوە دەکاتەوە کە کەمکردنەوەی ڕۆژی سەردان دەبێتە هۆی ئەوەی کە نەخۆشەکان، ماندوو نەبنو بتوانن پشوو بدەن، «ئەگەر هەموو ڕۆژێک سەردان هەبێت، نەخۆش ناتوانێت پشوو بدات».

# چۆن دەبیتە کەسێکی ڕووەکی؟

بروا مەحمود

چۆنیەتی بوون بەکەسێکی ڕووەکی، خێراترین ئاڕاستەی گەشەکردنە لەوڵاتە پێشکەوتووەکاندا، لێرەدا چەند هۆکارێک دەخرێنەڕوو کە کاریگەریان هەیە لەسەر ئەوەی ببیتە کەسێکی ڕووەکی، لەوانە:

١. قەدەغەکردنی گۆشت یەکێکە لەهەرە ڕێگا باشو ئاسانەکان بۆ دابەزینی کێش. کێڵگە پێشکەوتووەکانی بەشێوەیەکی بەرچاو بۆ زیادبونی سودی مادی گەشەیان پێدراوە. خواردنی گۆشتی چەور هەلی توشبون بەنەخۆشییەکانی جەڵدەی دڵو شێرپەنجە زیاد دەکات.

٢. هەمو ساتێک لەرۆژی کارکردندا, سەدان ئاژەڵ لەکوشتارگەکاندا سەر دەبڕدرێنو تێیاندا ئازارو ئەشکەنجە شتێکی ئاساییە، هەر بۆنمونە بەتەنها لەهەر سەعاتێکدا لەئەمریکا ٥٠٠٠٠٠ ئاژەڵ بۆ خواردن سەردەبڕدرێن.

٣. هەمو ساڵێک ملیۆنەها کەیسی پیسبوونی خواردن تۆمار دەکرێنو زۆربەی زۆریشیان بەهۆی خواردنی گۆشتەوەیە.

٤. لەڕاستیدا گۆشت هیچ مادەیەکی بەسودی وەک پرۆتین، ڤیتامینو مادە ئۆرگانیەکانی تێدا نییە.

٥. وڵاتە ئەفریقییەکان کە تێیدا ملیۆنەها خەڵک لەبرساندا دەمرن، میوەو دانەوێڵە بۆ وڵاتە پێشکەوتوەکان دەنێرنە دەرەوە تا ئاژەڵەکان بۆ ژەمی خواردنی ئێوارانمان قەڵەو بکەن.

٦. گۆشت لەکلکو قاچو دڕکە پەتکو سۆسج پێکهاتوەو هیچی تر.

٧. ئەگەر بێتو ئێمە لەجیاتی ئەوەی ئەو ڕووەکانەی خۆمان بەرهەمیان دێنینو دەیدەینە ئاژەڵەکانمان بیخۆین, ئەوا کەمی خۆراکی جیهان لەشەوێکدا بەرەو نەمان دەڕوات. لەیادتان نەچێت کە ١٠٠هێکتار زەوی تەنها دەتوانێت گۆشتی ٢٠کەس دابین بکات، بەڵام لەهەمان کاتدا خواردنی ٢٤٠ کەس دەستەبەر دەکات.

٨. هەمو ڕۆژێک دەیان هەزار کەڵەشێر سەردەبڕدرێت، تەنها لەبەر ئەوەی ناتوانن هێلکە بکەن، لێرەدا هیچ یاسایەک نییە سەبارەت بەم لەناو بردنە. هەندێکیان دەخنکێنو هەندێکیشیان دەبنە خۆراکی ئەوانی تر.

٩. ئەو ئاژەڵانەی بۆخواردنی ئێوارانی ئێمە ئامادە دەکرێن بەئازارو ئەشکەنجەوە لەناو دەبرێن. لەراستییدا کوشتن کارێکی بێبەزەیی و نامرۆڤانەیە.



١٠. ئەگەر کەسێکی خۆراکی بیت، ئەوا ئاسانترە بۆئەوەی لاشەت بەرێکوپێکی بمێنێتەوە.

١١. نیوەی دارستانەکانی جیهان بۆ بەرهەمهێنانی لەفەی گۆشتی گا لەناوبراون. سوتاندنی دارستانەکان ٪٢٠ی گازی دژ بەخانوە شوشەکان لەخۆدەگرێتو نزیکەی هەزار مادەی سودمەندیش لەناودەبات.

١٢. کەمیو نەبوونی ئاوی خاوێنی جیهان بەهۆی کێڵگە ئاژەڵییەکانەوە بەرەو خراپتربون دەڕوات. بەرهەمهێنەرانی گۆشت گەورەترین پیسکەری ئاوەکانن. بەرهەمهێنانی پاوەندێک گۆشت پێویستی بە٢٥٠٠گالۆن ئاو هەیە. ئەگەر پیشەسازی گۆشتی ئەمریکا لەلایەن باج دەرانەوە پشتگیری لێنەکرایە ئەوا پاوەندێک هەمبەرگر ٣٥دۆلار دەکەوت.

١٣. ئەگەر گۆشت بخۆیت مانای وایە ئەو هۆرمۆنانە دەخۆیت کە دەدرێن بەئاژەڵ. هیچ کەسێک نازانێت کاریگەری ئەم هۆرمۆنانە لەسەر لەشی مرۆڤ چی دەبێت. لەهەندێ بەشی جیهاندا یەک لەچواری هەمبەرگرەکان ئەو هۆرمۆنانەی تیادایە کە لەبنچینەدا دەدرێنە گایەلەکان.

١٤. نەخۆشییەکانی وەک: شێرپەنجەی سنگ، شێرپەنجی کۆڵۆن، شێرپەنجەی پرۆستات، پەستانی بەرزی خوێن زیاتر لەو کەسانەدا دەردەکەوێت کە گۆشتخۆرن. ئەو کەسانەی کە ڕووەکین ٪٢٢جار کەمترو بۆماوەیەکی کورتتر لەگۆشتخۆرەکان سەردانی نەخۆشخانە دەکەن، هەروەها خۆراکییەکان ٪٢٠ی ئاستی کۆڵسترۆڵی خوێنیان کەمترە لەگۆشتخۆرەکان, ئەمەش جەڵتەی دڵو مەترسییەکانی شێرپەنجە کەمتر دەکاتەوە.

١٥. هەندێک جوتیار مادە بۆ ئارامکردنەوەی ئاژەڵەکانیان بەکاردەهێنن. هەندێکیش بەشێوەیەکی رۆتینی ئەنتیبایۆتیک بەکاردەهێنن، هەربۆیە هەر کاتێک ئێمە گۆشت دەخۆین مانای وایە ئەو دەرمانانە دەخۆین.

١٦. ئاژەڵانیش هاوشێوەی مرۆڤ بەدەست ئازارو ترسو ناخۆشییەوە دەناڵێنن. چۆنە ئەگەر دوا کاتژمێرەکانی تەمەنت لەبارهەڵگرێکی داخراوداو لەگەڵ سەدان ئاژەڵی تۆقاوی تردا بەسەربەریت، پاشان بەرەو ژورێکی بەخوێن سوربوو پاڵبنرێیت. هەموو ئەو کەسانەی کە گۆشت دەخۆن پشتگیری ئەو ڕێکارییە دەکەن کە ئاژەڵان تێیدا مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت.

١٧. ئەو ئاژەڵانەی تەمەنیان ساڵێک دەبێت زیرەکترن لەو منداڵانەی تەمەنیان شەش هەفتەیە، هەروەها بەرازو مەڕ زۆر لەمنداڵان زیرەکترن.

١٨. ڕووەکییەکان لەچاو گۆشتخۆرەکاندا گونجاوترن. زۆربەی کەسە سەرکەوتوەکانی جیهان لەمەشقی جەستەییدا کەسانی ڕووەکخۆرن.

# منداڵینە پێبکەنن



دایک: کوڕم ئارام، وەرە سپێناغ بخۆ ئاسنی تێدایە.
ئارام: ئاخر دایە گیان هەر ئێستا ئاوم خواردەوە، دەترسم ژەنگ هەڵێنم!

ڕۆژنامەنووس: بۆچی بەر لە هەر یارییەک دەچی بۆ حەمام؟
یاریزان: بۆئەوەی گۆڵی خاوێنو جوان بکەم!

باوک: کوڕم، خۆ تازە لەوانە کانتا کەوتووی دەرنەچووی، بەکەس مەڵێ با ئابڕوومان نەچێ.
کوڕ: باشە بابەگیان، بەهەموویانم وتووە بەکەس نەڵێن.

# ئیشی دەستی 3 بۆق


کەرەستەی پێویست:

١. کاغەزی سەوزو سوورو سپی.
٢. ماجیکی سەوزو ڕەش.
٣. چەسپو مەقەست.

## چۆنێتی دروستکردنی:


**1**

- دوو کاغەزی سەوز وەک بازنە ببڕنو لەسەر یەکی دابنێن. با بازنەکان بەقەد یەک بن، ئێستا ئەوەی سەرەوەیان لەناوەندەوە بنووشتێنەوەو بەشەکەی دیکەی کاغەزەکە بەکاغەزەکەی بنەوە بەچەسپ بلکێنن.



**2**

- لەسەر کاغەزە سوورەکەتان لاکێشەیەک بەپێی قەوارەی کارەکەتان ببڕنو سەرێکی تۆزێک خڕ بکەن، ئینجا بەچەسپ بەناوەڕاستی بازنە نوشتاوەکەیەوە بچەسپێنن.



**3**


- دوو کاغەزی سەوز وەک بازنە ببڕنو لەسەر یەکی دابنێن. با بازنەکان بەقەد یەک بن، ئێستا ئەوەی سەرەوەیان لەناوەندەوە بنووشتێنەوەو بەشەکەی دیکەی کاغەزەکە بەکاغەزەکەی بنەوە بەچەسپ بلکێنن.

**4**

- بۆ چاوەکانی دوو لاکێشەی بچووک بەپێی قەوارەی کارەکەتان ببڕنو لای سەرەوەیان خڕ بکەن، پاشان بەکاغەزی سپی دوو بازنەی بچووک بۆ چاوەکانی دروست بکەنو بەماجیکی ڕەش ناوەڕاستەکەی ڕەش بکەن.

**5**

- بۆ پێیەکانی وەک لەوێنەکەدا دەیبینن، دوو پێی تۆزێک گەورەتر بۆ پێشەوەی دروست بکەنو دوو پێی تۆزێک بچووکتر بۆ دواوەی دروست بکەن، دواتر پێوەیان بچەسپێنن.
دەستتان خۆش بێ ئەوەش بۆق!





**پەیامی یەکەم:**
دایە گیان! بابە گیان! جاڕنامەی جیهانی مافی منداڵان دەڵێ: منداڵ کەسێکە کە تەمەنی لە ١٨ساڵ کەمتر بێ، ئایا ئێوە ئەوە دەزانن؟!

**پەیامی دووەم:**
ئەو وڵاتانەی جاڕنامەی جیهانی مافی منداڵانیان پەسەند کردووە، بەڵێنیان داوە کە مافەکانی منداڵان لەهەموو بوارەکاندا بپارێزن. یانی ئەوەی کە ئێمە چ کچ بین، چ کوڕ بین، لەهەر نەتەوە، ئایین، ڕەگەزو ڕەنگێک بین دەبێ مافەکانمان بپارێزن. مافەکانی منداڵان نابێ بۆ منداڵی هەژارو دەوڵەمەندو تەندروستو کەم ئەندام جیاوازی هەبێ، دەبێ هەموان مافەکانیان وەک یەک بپارێزرێ.






# مەتەڵ



١ . بەپڕی نیوەیە، بەنیوەیی پڕە.
٢ . هەڵدەپەڕێ لاقی نییە، دادەنیشێ قوونی نییە.
٣ . دەیبڕی‌و نایبینی.

مەهاباد سەلاح

**وڵامی مەتەڵەکانی پێشوو:**

١. سەری مرۆڤ (لەشی مرۆڤ)
٢. سێبەر
٣. هێلکە

**سوپاس بۆ ئەم خۆشەویستانە که وڵامی درووستیان بۆ ناردبووینەوە:**

- ژیرۆ کامەران لەسلێمانی.
- کاردۆ دلێر لەهەولێر.
- نیان عەلی لەکۆیە.
- بەهرە شوان لەرانییە.

رۆژێک‌دایکم‌رۆژنامەیەکی هێنابووە بۆ ماڵێ، منیش سەیرم دەکرد، یانی سەیری وێنەکانیم دەکرد. هەرچییێکم کرد نەمتوانی نووسراوەکانی بەباشی بخوێنمەوە، ئاخر هەم زۆر وردو بچووک بوون هەم زۆر جۆرێک بوون. خەریک بوو چاوەکانم دێشان، دایکم وتی: بینایی گیان ئەو رۆژنامەیە بۆ گەورەکانە بۆ تۆ نابێ بەقوربان، سبەی گۆڤارێکی نوێی منداڵانت بۆ دێنمەوە. هەر کە دایکم قسەکەی تەواو بوو، منیش کوتووپڕ چاوم بەوشترێک کەوت، لەسەر سەرەوەی یەکێک لەلاپەڕەکانی رۆژنامەکە "وشترێک‌و سێ هەرەم"م، بینی کە جوان سەیریم کرد، زانیم کە رۆژنامەکە ناوی "نم نم"ە.

زۆر خۆشحاڵ بووم، ئاخر رۆژنامەکە بەشی منداڵانیشی هەبوو، یەک بەخۆم هاوارم کرد: ئە..ی گیان دایەگیان! ئەم رۆژنامەیە بۆ منداڵانیشە، دایکم زۆری پێی سەیر بوو، منیش زۆرم پێ سەیر بوو، هەر لەرێوە هەموو بابەتەکانیم خوێندەوەو دەفتەرو قەڵەمەکەم هێنا تا بۆ وشترەکەو سێ هەرەمەکە چیرۆکێک بنووسم، دەستم کرد بەچیرۆک نووسین، چیرۆکێکی زۆر خۆشم نووسی.

یەکەم جار ویستم چیرۆکەکە بەدایکم دا بنێرم بۆ رۆژنامەی "نم نم"، بەڵام دوای پەشیمان بوومەوە، مەپرسن بۆچی پەشیمان بوومەوە؟ ئەوە نهێنییە!!

چیرۆکەکەم بۆخۆم هەڵگرت‌و ئەم بیرەوەرییە خۆشەم بۆ بەشی منداڵانی "نم نم" نووسی، زۆر زۆر خۆشحاڵم کە رۆژنامەی "نم نم" گرنگی بەمنداڵان دەدات، بەهیوام هەموو منداڵانی کوردستان بەدەستیان بگات‌و بتوانن کەڵکی لێ وەربگرن. دەستتان خۆش بێ. هیوادارم بیرەوەرییەکەم بۆ بڵاو بکەنەوە.

**بینایی ئاسۆ ـ کۆیە**



## هاوڕێیانی نم نم



# بەرپرسێکی کورد کچە هەژارێک دەکاتە «لەشفرۆش»

## «چارەنووسم نادیارەو نازانم رۆژگار بەرەو کوێم دەبات، حەز دەکەم بۆ یەکجاریش بێت کوڕێک ببێتە هاوسەرم»

بەرپرسێکی سەربازیی کورد کە خاوەنی ژنو منداڵە، بەهۆی پارەو سەروەتو سامانی زۆرەوە کچی پیاوێکی هەژاری خزمی خۆی فریو دەداتو دوای ئەوەی فێری خواردنەوەی دەکاتو چەندین جار دەیباتە دەرەوەو لەگەڵی دەخەوێت، وازی لێدەهێنێتو فەرامۆشی دەکاتو لەئێستاش سەرگوزشتەی ژیانی ئەو خاتونە بەجۆرێک بەربڵاوە لەنێو دۆستو ناسیاوانی، کەس ئامادەنییە لێی بچێتە پێشەوەو بیخوازێت.

دییە جەبار لەگەرمیان

هەشت ساڵ بەر لەئێستا، جوانی تەمەن ٢٧ساڵ، بەرپرسێکی پێشمەرگە کە خزمی باوکی دەبێت دەناسێت، بەرپرسەکە لەو کچە نزیک دەبێتەوەو دەیەوێت ئەو هەلە بقۆزێتەوە، کە ماڵی جوان لەخێزانێکی هەژار دەبنو ئەویش دەوڵەمەند دەبێت، «لەخێزانێکی هەژار بووینو دایکو باوکم نەخوێندەوار بوون، هەمیشە خەیاڵیان لای پارە بوو، بۆیە منیش لەسەر ئەو پەروەردەیە گەورە بووم».

جوان، نایەوێت ئەو رۆژانە بێنێتەوە یادی کە لەگەڵ ئەو بەرپرسەدا یەکیان خۆشدەویست، «بەهۆی هەڵەیەکەوە جەهەنمم بۆخۆم هەڵبژارد، دەمەوێت هەموو کچێک چیرۆکی من بخوێنێتەوە تا هەڵەکەی من دووبارە نەکەنەوە».

بەوتەی خۆی، سەردار بەچەند شێوەیەک خۆی لەجوان نزیک دەخاتەوەو پلانی بۆ دادەنێت بۆئەوەی ئەو مەرامەی دەیەوێت سەر بگرێتو جوان بچێتە ژێر چنگی خۆیەوە.

### خێزانەکەم پەروەردەیەکی باشیان نەکردم

ئەو کچە هۆکاری ئەو هەڵەیەی دەگەڕێنیتەوە بۆ پەروەردەی خێزانەکەی کە بەباشی پێیان نەگەیاندووەو پەروەردەیەکی دروستیان نەکردووە، «چوار خوشک بووینو یەک برای بچوکمان هەبوو دایکو باوکیشم نەخوێنەوار بوون، هەر لەمنداڵییەوە ئەوەیان لەمێشکماندا چاند پارە پەرستبینو باوکم لەپێناو بەدەستهێنانی پارەدا سڵی لەهیچ رێگایەک نەدەکردەوە».

هەرچەندە جوان خوێندکاری قۆناخی ئامادەیی دەبێت، بەڵام کاتێک بەرپرسەکە پارەو سەیارە دەخاتە بەردەستیو دەیەوێت لەخشتەی بەرێت، تەنها بیر لەوە دەکاتەوە کە چۆن ببێتە خاوەنی پارەکی زۆر. سەرەتا ئەو بەرپرسە سەربازییە بەوە خۆی لەو کچە نزیک کردوەتەوە کە وەکو خزمێکی دڵسۆزی بەدزییەوە پارەی داوەتیو دوای ئەوە رایکێشاوە بۆ ناو تەڵەکەو گرتویەتیو دواتریش کەوتوەتە داواکاری لێی.

باوکیشی هەرچەندە هەژارو نەخوێندەوار بووە، بەڵام خەریکی ژنی دووەمی بووەو ئاگای لەو بەرپرسەی خزمی نەبووە کە دەیەوێت کچەکەی بەرەو رێگای خراپ ببات، بگرە بەکەسێکی نزیکو خزمێکی دڵسۆزی بەرپرسەکەی دادەنێتو متمانەی تەواوی پێی دەبێت، بەڵام بەرپرسەکە هەوڵی ئەوە دەدات رۆژێک جوان بکەوێتە ژێر دەستییەوەو ئەوەی دەیەوێت بەرامبەری بیکات، «من وامدەزانی پارە هەموو شتێکە، بۆیە لەبەرامبەر پارەدا، هیچشتێکم نەدەوت، بەڵام زۆر هەڵەبووم، کە بەو جۆرە تێگەشتبووم».

### پێنج ساڵ پەیوەندی لەگەڵ بەرپرسێکی کورددا

لەماوی ئەو پێنج ساڵەی جوان لەگەڵ ئەو بەرپرسەدا بەسەری دەبات، بەتەواوی فێری خواردنەوەی مەی دەبێت، هەرچەندە بەرپرسەکە پاسەوانیشی دەبێت، بەڵام ئەوە رێگر نابێت لەبەردەم چونە دەرەوەیاندا، «چەندینجار دەچووینە دەرەوەی شارو پێکەوە دەمانخواردەوەو بەخۆشی رامان دەبوارد»، بەجۆرێک جوان، هیچ کاتێک بیری لەوە نەکردبوویەوە کە رۆژێک بێت ئەو بەرپرسە وازی لێبهێنێت، «دەبوایە بمزانیایە کە ئەو تەنها بەدوای خۆشی خۆیدا دەگەڕێت، چونکە ماڵو منداڵەکەی خۆی فەرامۆش کردبوو، بەردەوام سەرقاڵی من بوو».

بەوتەی جوان، خێزانی بەرپرسەکە خزمێکی نزیکی خۆی بووەو چەند جارێکیش هەوڵی ئەوەی داوە کە تەلاقی بدات، «دوای ئەوەی ئارەزووشی لەمن نەما پشتی تێکردمو ئیتر نەیبینیمەوە».

### ناوی بەلەشفرۆش زڕاو هاوسەرگیری دەوێت

دوای ئەوەی ماوەی ئەو پێنج ساڵە بەئاشکراو نهێنی زۆرینەی هاوڕێو هاوسێو خزمەکانی جوان لەگەڵ ئەو بەرپرسەدا دەیبینن، لەلایان خەڵکییەوە بەباش ناو نابرێتو بەچاوێکی دیکەوە سەیری دەکرێت، هەربۆیە ئەو دەمە جوان خوێندکاری زانکۆ دەبێت، «لەزانکۆ یەک کوڕ بەڕاستی نەبوو ببێت بەهاوڕێم، لەناو خزمو هاوسێکانیشدا بەهۆی ئەو پەیوەندییەوە کەس لێم نزیک نەدەبووەوە، تاسەردار لەژیانم چووە دەرەوە».

بەوتەی خۆی دوای ئەوەی بەرپرسەکە وازی لێهێناوە خەڵک وەک کەسێکی لەشفرۆش یان بەدڕەوشت ویستویانە لێی نزیک ببنەوە، هەربۆیە ئێستا زۆر پەشیمانە لەو کارانەی لەرابردودا کردویەتیو ئەو رۆژە رەشەی ئێستای بۆ دروستکردووە.

جوان لەئێستادا، ئەگەرچی هیچ ئومێدێکی بەژیان نەماوەو بێزارە، بەڵام ئاواتی ئەوەش دەخوازێت رۆژێک بێت بتوانێت بچێتە نێو ژیانی هاوسەرییو خێزانێک بۆخۆی دروست بکات، «ئێستا چارەنووسم دیار نییەو نازانم رۆژگار بەرەو کوێم دەبات، حەز دەکەم بۆ یەکجاریش بێت کوڕێک بێتە ناو ژیانمەوەو ببێتە هاوسەرم».

تێبینی:
جوانو سەردار دوو ناوی خوازراوی نێو ئەم چیرۆکە واقیعییەی یەکێک لەناوچەکانی هەرێمی کوردستانە.

«چوار خوشک بووینو یەک برای بچوکمان هەبوو، باوکم لەپێناو بەدەستهێنانی پارەدا سڵی لەهیچ رێگایەک نەدەکردەوە»

# ئەو کچەی بۆ خوێندن چوو بوو بەپیاوکوژو خرایە زیندان

## «شەو هەر وێنەی ئارۆسم لەبەرچاو بوو، دڵنیا نەبووم کە مردووە یان زیندووە؟»

**لاڤە دوای ئەوەی بەزۆر بەشو دەدرێتو ژیانی هاوسەری پێکدێنێت، بەهۆی نەگونجاندنەوە لەگەڵ یەکدا جیادەبنەوەو دەستدەکاتەوە بەخوێندن، تا توشی ئارۆس دەبێت، دواتر ئەوەندە بێزاری دەکات، ئەویش رۆژێک بەدەمانچە دەیکوژێتو بەهۆی مۆبایلەکەیەوەب دەخرێتە کونجی زیندان.**

شەنگە رەحیم

ئەو کاتەی لەسەر قەڵەوێڵە ئاسنینەکەی ژوری گروتوخانەکە دانیشتبوو بەتەنها، ئەوەی رونکردەوە کە چۆن بەتەنها تەلەفۆنێک خۆی خستووەتە زیندانەوە.

دوای ئەوەی بەزۆری باوکی درایە خزمێکیو ژیانی هاوسەری پێکهێنا، هەر زوو جیابوویەوەو بەرەو خوێندنگە رۆشتەوەو بەوتەی خۆی جگەلەخوێندن هیچ شتێکی تر لەلای ئەو گرنگ نەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەی هەموو رۆژێک هاتوچۆی خوێندنگەی دەکرد، بۆی دەرکەوت کە کەسێک رۆژانە دوای دەکەوێتو چاودێری دەکات، «ئەوەم بۆ دەرکەوت کە ئەم کوڕە شتێکی لەمن دەوێت، بۆیە شوێنم دەکەوێت».

پاش ماوەیەک ئیتر ئارۆس خۆی پێناگیرێتو رۆژێک دەچێتە پێشەوەو بەلاڤە دەڵێت: «من تۆم خۆشدەوێت، ماوەیەکی زۆرە بەدواتەوەم، تکایە گوێم بۆ بگرە»، لاڤەش کە گوێی لەو قسەیە دەبێت یەکسەر هەنگاوەکانی خێراتر دەکاتو دەڕواتو لەکوڕەکە دوور دەکەوێتەوە.

تەنها یەک جار لەگەڵم بخەوە

پاش ئەوەی لاڤە وەڵامی ئەو کوڕە ناداتەوە، لەرێگەی کەسێکەوە ژمارەکەی ئەو کچە پەیدا دەکاتو تەلەفۆنی بۆ دەکاتو جارێکی تر داوای خۆشەویستی لێدەکاتەوە، لاڤەش پرسیاری ئەوی لێدەکات کە چۆن ژمارەکەی ئەوی پەیدا کردووە، بەڵام ئەو کوڕە هیچ شتێک ئاشکرا ناکات، هەربۆیە لەرێگەی پۆلیسەوە سکاڵا لەدژی ئارۆس تۆمار دەکات.

بەوتەی لاڤە ئەو کوڕە پاسەوانی بەرپرسێکی باڵا بووە دوای سکاڵاکەشی هیچ شتێکی بۆ نەکراوە بەرامبەر ئارۆس، چەند جارێکیش چووەتە سەرماڵیانو بەباوکی وتووە: «کچەکەتان هەڵسوکەوتی خراپو بێکەڵک بووە«، بۆیە ئەو کچە لەبەرئەوەی توشی کێشە نەبێت بەتەکسی هاتووچۆ دەکات، «هەرەشەی لەشۆفێری تەکسیەکەم کردو تەرکی خوێندنی پێکردم، لەو ماوەیەشدا هەرکەسێک بهاتایە داوام هەرەشەی لێدەکردو پێیدەوتن هی منە، بۆیە زیاتر لەدوو ساڵ بۆ ماڵی هیچ کەسێک نەچووم».

ئەو ماوەیە لەماڵەوە بێزار دەبێتو بڕیاری ئەوە دەدات کە بچێتە خولێکی شەشەمی ئامادەییو جارێکی تر بخوێنێتەوە، بەڵام ئەو کوڕە وەکو جاران دوای دەکەوێتەوە، «لەترسا دایکم هاتوچۆی لەگەڵدا کردم، بەڵام هاوڕێکانم وتیان ئێمەت لەگەڵداین دایکت بانەیەت».

بەوتەی ئەو کچە ئارۆس دەچێتە سەر خوێندنگەکەو بەمامۆستاکان دەڵێت ئەو کچە دەستگیرانی منەو بەبێ پرس هاتووە، بۆیە لاڤەش ناچار دەبێت قسەی لەگەڵدابکات، «ئەگەر دەتەوێت هاوسەرگیریم لەگەڵدا بکەیت، وەرە داوام»، بەڵام ئەو ئەوەی ناوێتو داوای ئەوەی لێدەکات بۆتەنها یەک جار لەگەڵیدا بخەوێت.

### کەس نەبوو ئەو شتانەی لەگەڵ باس بکەم

ئارۆس، رۆژانە بەبەردەوامی داوای چونە دەرەوە لەلاڤە دەکاتو ئەویش لەترسا لەلای کەس ئەوە باس ناکات، «نەمدەتوانی ئەمە لای کەس باس بکەم، چونکە هیچ کەسێکی نزیکم نەبوو، تابتوانم داوای هاوکاری لێبکەم، تەنها خوشکێکم هەبوو کە نەدەکرا هەموو ئەمانەی لا باس بکەم، هەڵەکەم ئەوەبوو هانام بۆ هیچ رێکخراوێکی ژنان نەبرد، بۆئەوەی کێشەکە گەورە نەبێت».

رۆژێک کچەکە یەک کاتژمێر پێش تەواوبوونی خولەکە دێتە دەرەوە لەخوێندنگەو لەپێشیەوە دوو پۆلیس وەستاون، ئەویش دەچێتە پێشەوەو پێیان دەڵێت ئێوە ئیشتان چییە؟ بۆ لێرە وەستاون»، پۆلیسەکانیش دەڵێن ئێمە ئەرکمان پارێزگاری کردنە لەخەڵک، پاش ئەوە داوایان لێدەکات کە هاوکاری بکەنو بۆ رۆژی دواتر ئارۆس دەستگیر بکەن. رۆژی دواتر کاتێک ئارۆس دوای لاڤە دەکەوێت، یەکسەر پۆلیسەکان کەلەپچەی دەکەنو هەردووکیان دەچنە بنکەی پۆلیسو لەوێ کوڕەکە زۆر لەکچەکە تورە دەبێتو پێیدەڵێت: «تۆ ئەوەندە ئازایت بتوانیت وا لەمن بکەیت، یەک سەعات بچمە زیندانەوەسەرت لەلاشەت لێدەکەمەوە«، هەرچۆنێک بێت لاڤە لەترسا لەسکاڵاکەی خۆش دەبێتو بەرەو ماڵەوە دەڕواتەوە.

### ئارۆس دەکوژرێت، بەڵام چۆن؟

کاتێک ئەو کچە دەچێتەوە ماڵەوە، دایکی دەینێرێت بۆ یارمەتیدانی ماڵ بارکردنی خوشکەکەیو لەوێ دەمانچەکەی زاواکەیان دەبینێتو هەڵیدەگرێت، کە دەگاتە ماڵی خۆیان تەلەفۆن بۆ ئارۆس دەکاتو داوای ئەوەی لێدەکات کە پێکەوە بچنە دەرەوە، «بیرم لەوە کردەوە ئەگەر مەبەستی قسەکردن بێت، بەهیچ شێوەیەک دەمانچەکە دەرناهێنم، ئەگەر خراپیش بوو بەرگری لەخۆم دەکەم»، دەمانچەکە دەکات بەئەژنۆیەوەو سواری ئۆتۆمبێلکەی ئارۆس دەبێت.

دوای ئەوەی دەکەونە رێگا، ئارۆس دەڵێت دەڕۆین بۆ ماڵی خوشکەکەم، لاڤەش رازی نابێت بەوە، بۆیە دەڕۆنە دەرەوەی شار، «دابەزیمو دەمانچەکەم دەرهێنا»، ئیتر یەکسەر فیشەکێک دەنێت بەقۆڵیەوەو دوو فیشەکیش بەسنگییەوەو کە دەزانێت نەمردووە، فیشەکێکی تر دەنێت بەملییەوە. لاڤە هەرچۆنێک بێت خۆی دەگەێنێتەوە ماڵەوەو بەپەلە خۆی دەکات بەحەمام داو ئەو خوێنەی پێوەیەتی دەیشواتو هەر ئەو شەوە دەمانچەکە دەگەێنێتەوە ماڵی خوشکەکەیو دواتر لەماڵەوە دەخەوێت، «شەو هەر وێنەی ئارۆسم لەبەرچاو بوو، دڵنیا نەبووم کە مردووە یان زیندووە؟».

دوای پێنج رۆژ تەرمی ئارۆس دەدۆزرێتەوەو لەڕێگەی دوا تەلەفۆنی کە بۆ ئەو کوڕە کراوەو بەتەلەفۆنەکەی لاڤە بووە، ئەو نهێنیە دەردەکەوێتو لاڤە زیندانی دەکرێت.

تێبینی:
ئەمەی سەرەوە رووداوێکی واقیعی هەرێمی کوردستانەو نم نم رێگەی بەخۆی نەدا ناوی راستەقینەی لاڤەو ئارۆس ئاشکرابکات.



هەندێجار کچان دەبنە قوربانی ساویلکەیی خۆیان فۆتۆ: سۆران نەقشبەندی

# چۆن دەبن بەدایکو باوکێکی نمونەیی؟

و: نارین رەحمان

بۆئەوەی ببیتە دایکو باوکێکی نمونەیی بۆمنداڵەکانتان، پێویستە ڕەچاوی ئەم چەند خاڵەی خوارەوە بکەن تا بتوانن ژیانێکی ئاسودەبۆخۆتان و خێزانەکانتان دروست بکەن و پاشەڕۆژێکی درەوشاوەش بۆ منداڵەکانتان بهێنن، هاوکات ببنە ئەو باوانەی کە نەوەکانتان شانازیتان پێوە بکەن.

**١. دەربڕینی سۆزو خۆشەویستی:**
منداڵەکەت لەباوەش بکە، ماچی بکەو سۆزی بۆ دەرببڕە، منداڵ پێویستی بەمەیە زۆر زیاتر لەوەی کە تۆ هەستی پێدەکەیت، بۆیە هەموو ڕۆژێک بەمنداڵەکەت بڵێ خۆشم دەوێیت تەمەنی هەرچەنێکە، منداڵەکەت بەبێ مەرج خۆشبوێت گوشاری مەخەرە سەر تا ببێت بەو کەسەی تۆ دەتەوێتو بیرت لێکردووەتەوە، بۆئەوەی خۆشەویستی تۆ بەدەست بهێنێت.

**٢ .گوێ لەمنداڵەکانتان بگرن:**
گوێیان لێ بگرنو بەشداری قسەکانیان بکەن، ئەوە پێشان بدەن کە بایەخ بەقسەو وتەکانیان دەدەن، ئەو هەستە لای منداڵەکانتان دروست بکەن کە لەکاتی تووشبونیان بەهەر کێشەیەک روو لەئێوە بکەن هەرچەند گەورە بێت یان بچوک.

**٣. یارمەتیان بدەن تا هەست بەدڵنیایی بکەن:**
وابکە هەست بەدڵنیایی بکەن، بۆنمونە کاتێک کچەکەت یاخود کوڕەکەت لەماڵ دەچێتە دەرەوە هەست بەوە بکات کە کەس ناچێتە ژوورەکەی یاخود کەس دەستکاری تاکەکانیو دەفتەری یادگارییەکەی ناکات، وای لێبکە کە هەست بکات کەسێکی ماڵەکەیە بەتایبەتی بەدانانی وێنەیەکی بەکۆمەڵی خێزانەکە بەدیوارەوە یاخود لەسەر هەر شتێکی تر، لەبەردەم منداڵەکانتدا شەڕەقسەو دەنگەدەنگو شەڕمەکەن، چونکە دەرکەوتووە ئەو منداڵانەی کە دایکو باوکیان لەبەردەمیاندا شەڕە قسە دەکەن شلۆقنو هەست بەترسو ناجێگیری دەکەن.
پێویستە واز لەبەدکاریو قومارکردنو مەشروب خواردنەوەو هەندێک شتی تر بهێنیت کە ئاسایشی دارایی منداڵەکەت دەخاتە مەترسیەوە، سەرەڕای ئەمانە جگەرەکێشان تەندروستی خۆتو ژینگەی منداڵەکەت دەخاتە مەترسیەوە، جگەلەوەی کە زیانی بۆتەندروستی منداڵەکەت هەیە لەوانەیە منداڵەکەشت فێری جگەرەکێشان ببێت دوایی ئەگەر بەمنداڵەکەت وت جگەرە مەکێشە، منداڵەکەشت وتی تۆ بۆچی دەیکێشیت، وەڵامی تۆ چییە؟ جگەرە کاریگەری راستەوخۆو زۆر ترسناکی لەسەر کۆئەندامی هەناسەی منداڵ هەیەو هۆکارە بۆ زوو مردنو تەمەن کورتی.

**٤ .داوابکە یان فەرمان بدە:**
بۆنمونە کاتێک دیاری بکە بۆخەوتنی منداڵەکەت هەموو شەوێک لەو کاتەدا بیری بخەرەوە کە پێویستە بچێت بنوێت، بەم شێوەیە خۆی ڕایەتو پێویست بەپێوتنی تۆ ناکات کاتی خۆی دەزانێتو دەچێت دەنوێت، هەست بەوە دەکەن کە لەلایەن دایکو باوکیانەوە گرنگیان پێدەدرێتو خۆشەویستن تەنانەت ئەگەر لەوکاتەدا نەچنە جێگای نوستن هەر ئەو هەستەیان دەبێت کە دایکو باوکیان پەرۆشن بۆیان، هانیان بدەن بۆبەرپرسیارێتی، بۆنمونە داوایان لێبکەن بۆ پاککردنەوەی ژوورەکەیانو ڕێکخستنی جێگاکەیان هەموو بەیانیەک، تەنانەت ئەگەر زۆریش منداڵ بن هەر هەمان هەستی بەرپرسیارێتیان لادروست بکەن بەوەی کە پێویستە یارییەکانیان کۆبکەنەوەو بیخەنە جێگای خۆی، لەگەڵ گەورەبوونیان بەرپرسیارێتی زیاتریان پێبدەنو فێریان بکەن کامە ڕاستەو کامە هەڵەیە، هەر ئاینێکت هەیە فێری بکەو یاساکانی ئایینی فێربکە.

**٥ . پیایاندا هەڵبدە:**
منداڵەکەت بەراورد مەکە بەکەسانی تر بەتایبەتی خوشک یان برا، بۆنمونە بڵێیت: فلان کەس وایە ئاقڵەو زیرەکە، ژیرە، گوێرایەڵە، تۆ بۆچی وانیت؟ هەموو منداڵێک کەسایەتی خۆی هەیە، پێویستە شوێن خەونەکانی خۆی بکەوێت، باسی لایەنە باشەکانی بکەو پیای هەڵبدە، بەمنداڵەکەت بڵێ ئاساییە ئەگەر لەکەسانی تر جیاوازبیتو وەکو ئەوانی تر نەبیت.

**٦ .بەخشندە بە:**
کاتێک منداڵەکەت هەڵەیەک دەکات پێویستە لەسەرخۆو بەخشندە بیت، ئەگەر دووبارەی کردەوە مۆن بە لەگەڵی، بەڵام نەگاتە رادەی توندوتیژی، ئەگەر لەشوێنێکی گشتی رەفتاری خراپیان کرد بیانبەنە لایەکەوەو لەسەرخۆ سەرزەنشتیان بکەن، نەک لەبەرچاوی خەڵکی تەریقیان بکەنەوە.

**٧. یەکە یەکە کات لەگەڵ منداڵەکانت بەسەربەرە:**
ئەگەر لەیەک منداڵ زیاترت هەیە، پێویستە جار جار لەگەڵ یەکێکیان دابنیشیت لەپارکێک یان مۆزەخانە یاخود کتێبخانە، وایان لێبکە پشت بەخۆیان ببەستن، یارمەتی منداڵەکانت بدە لەکاروباری قوتابخانەو ئەرکی ماڵەوە، سەردانی مامۆستاکانیان بکە بۆقوتابخانەو بۆماڵەوە، تەنانەت ئەگەر ئەمە لەکاتت ببات بۆکارکردن، بیرت نەچێت منداڵ زۆر بەخێرایی گەورە دەبێت، بەم زووانە دەبێتە کەسێکی تەواو بۆیە ئێستا پێویستیان بەتۆیە.

**٨. ببە بەنمونەیەکی گرنگ:**
منداڵەکانت فێری خێرو چاکە بکە، کەسە هەژارو بێلانەکانی پێشان بدە با کەسە ئاوارەکان بناسێت ئەگەر لەتەلەڤزیۆنیش بێت، فێری بەخشندەییان بکە، کاتێک ئەتەوێت منداڵەکانت بۆ کارێک وەکو کاری ناوماڵ یارمەتیت بدەن فەرمان مەکە، بەڵکو داوایان لێبکە ئەگەر دەتەوێت منداڵەکانت گوێت لێبگرن گوێیان لێبگرە، ئەگەر دەتەوێت بەشداریت بکەن بەشداریان بکە، تۆ ئاوێنەی ئەوانیت.

**٩. رێگە بەمنداڵەکانت بدە ئەزمون پەیدا بکەن:**
رێگایان بدە بۆپەیداکردنی ئەزموون، بەڵام مەهێڵە لەسنورو لەکۆنترۆڵی خۆت دەربچن، هەموو کاتێک تۆ بڕیار لەسەر ژیانیان مەیەو تەنها فێریان بکە چۆن ڕەفتار بکەن لەگەڵ رووداوەکانی ژیان، پێویستە فێری کاری خۆیان ببن، فێری جیاکردنەوەی باشو خراپ، ئەگەر یارمەتیان نەدەیت بەرێگای خراپدا دەڕۆنو تۆش تاوانباریت، بەسەربردنی کات لەگەڵ منداڵەکانت زۆر گرنگە، بەهەموو دڵت منداڵەکانت خۆش بوێت.

# چۆن مامەڵە لەگەڵ وڕک گرتنی منداڵان دا بکەین؟

و: دیار ئەکرەم

وڕک گرتن لای زۆرێک لەو منداڵانە بەدی دەکرێت کە تەمەنیان لەنێوان دوو بۆ چوار ساڵان دایە. هەندێجار نەخۆشییەکی پێشینەی هەیەو لەو ساتەدا منداڵ خواستەکانی جێبەجێ نەکرێت دەبینین بەتوندی هاوار دەکاتو دەگریو خۆی دەدات بەزەوی دا، هەندێجاریش لەتوڕەیی دا سەری خۆی دەکێشێت بەم شتو ئەو شت دا.

**لەم بارودۆخەدا چی بکەین؟**
بەتایبەتی ئەگەر ئەم کێشەیە لەپێش چاوی خەڵکیدا ڕوو بدات ، یاخود لەشوێنێکی گشتی دا. منداڵ داوای شیرینی یان ئایس کریم دەکات لەسوپەر مارکێتێک یان لەبازاڕێکی گشتی دا. لەکاتی ڕەتکردنەوەی خواستەکانی لەلایەن کەسانی دیکەوە دەست دەکات بەهاوارکردن. بەمەبەستی شەرمەزار نەبوونیان، دەبینین کەسوکاری خواستەکەی بۆ جێبەجێ دەکەن، تەنها بۆئەوەی بێدەنگ بێو سەرنجی خەڵکیش لەخۆیان دوور بخەنەوە.

**چۆن کۆنترۆڵی وڕک گرتن دەکەین؟**
بەگوێرەی لێکۆڵینەوەو توێژینەوە ئاکارییەکانی منداڵان وەڵامدانەوەی خواستەکانی منداڵ لەکاتی هاوارکردنو پێدانی ئەوەی کە دەیەوێت هۆکاری سەرەکییە لەبەردەوام بوونی ئەم ڕەوشتەدا. منداڵ جارێک ئەمە دەکاتو دەبێتە خوویەک لای. دواتر فێر دەبێت کە ئاسانترین رێگە بۆ بەدەستهێنانی ئەوەی دەیەوێت بریتییە لەهاوارکردنو توڕەیی.

**چی بکەین؟**
١. ئارام بەو هەڵمەچۆ. ئەگەر لەشوێنێکی گشتیت شەرمەزار مەبە. لەیادت بێت هەموو خەڵکان خاوەنی منداڵنو شتگەلێکی لەوجۆرە لەوانیش ڕوو دەدات.
٢. گرنگی بەو پەیامە بدە کە دەتەوێت بیگەیەنیتە منداڵەکەت، ئەوەش بریتییە لەوەی هاوارەکەت هیچ گرنگیدانو توڕەیی منی لێ ناکەوێتەوەو نابێتە هۆی بەدەستهێنانی خواستەکەت.
٣. لەیادت بێت تورە نەبیتو مشتومڕ لەگەڵ منداڵەکەت ئەنجام نەدەیت لەبارەی توڕەبوونی ئەوەوە.
٤. بە تەواوی هاوارکردنەکە فەرامۆش بکەو هەوڵ بدە نیشانی بدەیت تۆ سەرقاڵیت بەشتێکی دیکەوە. ئەگەر بەڕووی دا هەڵشاخایت، ئەوا گوێت لەو نەگرتووەو بەوەش ماف بەمنداڵەکەت دەدەیت گرنگی بەڕەفتاری پێشووی بدات کە ئەمەش دووبارەکردنەوەی ڕەفتاری پێشووی لێدەکەوێتەوە.
٥. ئەگەر منداڵ لەوڕک گرتنو توڕەیی وازی هێنا، ئەم هەلە بقۆزەوەو گرنگی پێبدەو نیشانی بدە کە تۆ ئێستا زۆر خۆشحاڵیت، چونکە ئەو هاوار ناکات. بۆی ڕوون بکەوە چۆن ڕەفتار بکات تاکو ئەو شتەی چنگ بکەوێت کە دەیەوێت، بۆنمونە: پێویستە خواردن بخوات ئینجا شیرینی . ئەو هۆکارەی ئاستەنگە لەبەردەم جێبەجێکردنی خواستی ئەو بریتییە لەوەی پێیدەوترێ (مەترسیدار) کە ئەمەش بەکاری منداڵ نایەت.
٦. ئەگەر تۆ لاوازیت لەبەرامبەر وڕک گرتنی منداڵەکەت لەپێش چاوی خەڵکیدا، ئەوا دووربە لەبردنی منداڵەکەت بۆ سوپەر مارکێت، بازاڕ یان چێشتخانە تاکو ماوەی مەشق پێکردنەکە کۆتایی دێتو ئارامییەکی زیاتر دێتە ئاراوە.
٧. ئەوەش جێگەی بایەخە کە لەو ساتەدا هەست دەکەیت منداڵەکە وڕک دەگرێت، بەر لەوەی دەست بەگریان بکات سەرنجی بۆلای شتێکی سەرنجڕاکێش بەریت لەسەر ڕێگەکە، بۆنمونە: هێمایەکی سور، وێنەیەکی خەندەئامێز، یاخود یارییەکی پەسەندکراو، ...هتد.
لەکۆتایی دا لەیادت بێت خاڵی گرنگ ئەوەیە کە تەنها یەک جار بەسە بۆ ئەوەی منداڵ فێر بکەین ئەگەر هاواری کردو گریا ئێمەش ئەوەمان پێدا کە دەیەوێت ئەوا ئەو ڕەفتارەی جارێکی دی بەردەوام دەبێت.



هەموو منداڵێک زەین تیژە بەمەرجێک... 5 6 7 8 9 10

# کاریگەری ریتم لەمنداڵان دا

ئامادەکردنی: ناسر فەتحی
فوتو: ئاکام شیخ هادی

ریتم لەژیانی منداڵاندا زۆر گرنگترە لەراستکردنەوەی هەڵەکانیان. مەبەست لەریتمئەنجامدانی ڕێکو پێکی ئەو کارە ئاساییانەی رۆژانەو شەوانەن کەوا منداڵەکانمان دەبێ بەڕێوەی ببەن، کارگەلێکی وەک: کاتی خواردنی بەیانی، نیوەڕۆ، شەو، کاتی یاری، کاتی خەوی دوانیوەڕۆیانو شەوان، کاتی حەمام کردنو... هتد، ئەم ریتمە وادەکات منداڵ گەشەیەکی درووستی زەینیو رۆحیو جەستەیی وەربگرێت.
کاتێک منداڵەکەمان ساوایە چاودێری جەستەیی دەکەین، دواتر کە بڕێک گەورەتر دەبێ فێری بەڕێوەبردنی کارەکانی رۆژانەی دەکەین، کاتێکیش کە تەواو گەورە دەبێ واتە لەقۆناغی ساوایی دێتە دەرێ، هەوڵ دەدەین نموونەیەکی شیاوو رێنیشاندەرێکی تێگەیشتوو بین بۆیان.
لەبیرتان نەچێ تەنیا کاتێک کە منداڵەکەتان دەگاتە قۆناخی چوون بۆ قوتابخانە دەتوانێ دەرکی ئەو چیرۆکو قسانە بکات کە نموونەیان لەگەڵ نییە، واتە تا کاتێک منداڵەکەتان دەچێ بۆ قوتابخانە دەبێ بۆ چیرۆکەکانتانو قەسەکانتان نموونەی زیندوو و ئاشکرا بهێننەوە.
راستکردنەوەی هەڵەکانو کارە نەشیاوەکانی منداڵەکانتان ـ دیارە نەشیاو لەروانگەی ئێوەوە و چاوەڕوانی ئێوە لەوەی کە منداڵەکانتان رێک ئەو کارانە بکەن کە بۆخۆتان پێتان درووستە، زۆر باش نییەو ئەو چاوەڕوانییەتان نەبێ باشترە.
لەبیرتان نەچێ کە کردەوە هەڵەکانی منداڵەکانتان لەهەمان کات دا کە ئەنجامی دەدەن بۆیان راست بکەنەوەو دوای مەخەن.
دیارە بەلەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە نابێ چاوەڕوانی ئەوەتان لەمنداڵەکەتان هەبێ کە جارێکی دیکە ئەو هەڵەیە دووپات نەکاتەوە، واتە ئەوە چاوەڕوانییەکی هەڵەیە وابزانن بەیەک جار راستکردنەوەی هەڵەی منداڵەکەتان ئیتر پێویست ناکات جاری دیکە بۆی دووپات بکەنەوە.
لەبەرچاوگرتنو لەبیر مانەوەی ئەم بابەتە یارمەتیتان دەدات کە تووڕە نەبنو بەچەندینجارو بەبێ ماندووبوون کردەوە درووستەکان بۆ منداڵەکانتان دووپاتو چەند پات بکەنەوە.
بۆ پێکهێنانی ئەم ریتمە ئێوە دەبێ هاوکات لەگەڵ ئەوەی سوورن لەسەر ویستەکانتان دەبێ نەرمو نیانو میهرەبانی خۆشتان بپارێزن.
زۆربەی منداڵان لە ئاست ئەم ریتمە رێکو پێکانەی لەناو بنەماڵەکانیاندا هەیە هەڵوێستی ئەرێنی لەخۆیان نیشان دەدەن. منداڵان بەبینینی نموونەو ریتمی رێکو پێک لەژیانیان دا جوانتر گەشەدەکەن. ریتم لەژیانیان دا بەخێرایی دەبێ بەعادەت، ئەویش عادەتێکی چێژ بەخش.
زۆربەی لێکۆڵەرو ئەو پسپۆڕانەی کە بۆ منداڵان کار دەکەن، لەسەر ئەو بڕوایەن کە منداڵان بۆئەوەی گەشەیەکی تەندرووستیان هەبێ، پێویستیان بەجۆرێک ریتمو پێکهاتەی ریتمی هەیە کە لەدەرەوەی دنیای دەروونی خۆیاندا بوونی هەیە. ئەم چوارچێوە بنەماڵەییانەی کە ریتم لەبەرچاو دەگرن پانتایی فێربوون لەمنداڵەکانیاندا گەشە پێدەدەن، هاوکات ریتمیش وادەکات کاتێکی گونجاویان بۆهەموو کارەکانیان بەدەستەوە بێ.
بۆئەوەی ریتم لەمنداڵەکانتان دا پێکبهێنن دەتوانن بەکۆمەڵێک ڕستەی وەک ئەمانەی خوارەوە دەست پێبکەن:
**١. ئێستا کاتی یاری کردنە.**
**٢. ئێستا دەتوانی هەرچییەک پێتخۆشە بیکەی.**
**٣. ئێستا کاتی خواردنە.**
**٤. ئێستا کاتی خەوە ....هتد.**



# شێوازەکانی شیکردنەوەی فیلم

5 4 3



گرنگترین خاڵێک کە دەبێ لەبەر چـــاوی بگرین بــۆ رەخنەگرتن لەفیلم ئەوەیە لەبنەمادا جیاوازییەک لەنێوان رەخنەی فیلمو رەخنەکانی تر لەئارادا نییە.
جۆن سایمۆن

ئا: ژینۆ ئەکبەر

**فیلمو بیرورا**

هەموو فیلمێکـــی هەڵکەوتـــوو زۆرجار بیرورایـــەک لەخـــۆ دەگرێت کـــە ئەم بیرورایە بەشێوەی نمایشکراو ناڕاستەوخۆ دەخرێنەڕوو.

هەندێجار فیلمەکـــە تەنها لەیەک بیرۆکە ســـەرچاوە دەگرێـــت: بیرۆکەیەکـــی فەلســـەفی بۆنموونە لەفیلمی پیانۆژەنەکە بکوژن لەســـاڵی ١٩٦٢ یان بیرۆکەیەکی ئابـــوری ( دەوڵەمەندان هـــەژاران قۆرخ دەکەن ) لەفیلمێک وەکو «ئەوانە فیشەک بەئەســـپەکانەوە دەنێن، وانییـــە؟ ١٩٦٩. مەســـەلەیەکی دەروونی (زۆرجار مرۆڤ لەژێر کاریگەری مەبەستە نەستەکانیدایە) لەفیلمێک وەکو «رۆح» لەساڵی ١٩٦٠، یان بیرۆکەیەکی ئەخلاقی (مرۆڤ لەناخەوە خراپ یان باشـــە ) وەک فیلمی گەنجینەی سیرامادرێ لەساڵی ١٩٤٧.

زۆرجار بیرۆکەی فیلمێک بەهۆی کاریگەری کەسێکەوەیە، بۆنموونە سروشتگەرایی زیاتر لەسەر بنەمای توێژینەوەکانی چارلز داروین بوو؟

ئەو نووســـەرو دەرهێنەرانەی کاریگەری داروینیان لەسەر بوو مرۆڤیان بەشێوەیەک پیشان دەدا کە هەبوونی پەیڕەوی لەبۆماوەو شوێنەواری دەکات. دەکرێ کاریگەرییەکانی دارویـــن لەئەدەبیاتـــی ئەمریکادا لەفیلمی تراژدیایەکی ئەمریکیو خوشـــکە کاری لەبەرهەمهێنانی تیـــۆدۆر درایزێر، فیلمی مەک تەگ لەبەرهەمـــی فرانک نووریسو مەگییە، کچی سەر شەقام لەبەرهەمی ستێفێن کرەینـــێ. تەماح لەبەرهەمـــی ئەریک ون سترۆهایمو دوایین پێکەنین لەساڵی ١٩٢٤ لەبەرهەمی مورنۆو چەند نموونەیەکی ترن لەداروینیزمی کۆمەڵایەتی.

نووســـینەکانی ســـیگمۆند فرۆیـــد کاریگەرییەکـــی زۆری لەســـەر رۆمانو فیلمەکانی ســـەدەی بیســـتەم هەبوو. لە فەرەنســـەدا سالوادۆر دالیو لۆیی بونۆییل بەهاوبەشـــی فانتزیایی ســـورریالیزمی «سەگی ئەندۆلسی»یان لەساڵی ١٩٢٩دا دەرکـــرد. فیلمەکانـــی ژان کوکتـــۆ ی دەرهێنەر وەکو (خوێنی شـــاعیر لەساڵی ١٩٣٢و ئوورفە لەساڵی ١٩٥٠ )و فیلمەکانی ئەلێن رنە بەناوی (هیرۆشیمای خۆشەویستم لەساڵی ١٩٥٩و ساڵی رابردوو لەمارین باد لەساڵی ١٩٦١ ) لەهەندێ بواردا درێژەی ئەم رەوتەیە. ئەوە دۆخێکی راشکاوە ئەگەر رەخنەگرێک دۆزراوە تیۆریەکانی فرۆید بناسێت باشـــتر دەتوانێت ئەو فیلمانەی بارودۆخی بیرورای دەروونناســـیان هەیە هەڵیبسەنگێنێت.

لەهەڵسەنگاندنی بیرورای فیلمێکدا ناکرێ رۆڵی کاریگەرییەکانـــی کارێڵ مارکس لەبەر چاو نەگیردرێـــت، بۆنموونە فیلمە ســـەرەتاییەکانی ســـرگئی ئەیزنیشتاینو پوودفەکین هێمای سەرکەوتنی پرۆلیتاریایە. لەمدواییانـــەدا فیلمەکانی پائولۆ پازولینی بەناوی «ئەنجیل لەروانگەی مەتا لەســـاڵی ١٩٦٤و تیۆرما لەساڵی ١٩٦٩ ) بەشێوەیەکی مەرجدار پاڵپشتی لەبیرۆکەی مارکسیزمی دەکەن، بۆنموونە لە«تیۆرما»دا ئەندامانی بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند کە کارگەیان هەیە نمایش دەکات کە بـــێ ناوەڕۆکنو بەرەو لەناوچوون دەچن.

لەلایەکی تر کرێکارانی کارگەکە پیشان دەدات کە خۆیان دەرخستووەو لەراستییدا بەهۆی ئـــەوەی دەچەوســـێنەوە توورەن، بەڵام کەسێکی نووســـەر دەبێ لەبەر چاو بگرێت هـــەر دەرهێنەرێکی فیلم کە باس لەچەوســـانەوەی ئابوری دەکات بەتەواوی کەسێکی مارکسیزمی نییە، بەڵکو بەئەگەری زۆر کەسێکە رەنجو ئازار دەچێژێت بەهۆی نایەکسانیو شڵەژاوی ژیان.

بیرورای ئایینیش هەر لەسەرەتاوە لەهونەردا کاریگەر بووەو فیلمیش لەم رێسایە بەدوور نەبووە. ژیانـــی ژاندارک بـــۆ «کارێڵ درایەر» سەرچاوەیەکی ئیلهام بوو لەفیلمی گرتینی ژاندارک لەساڵی ١٩٢٨، هەروەها بۆ «ویکتۆر فلمینگ» لەفیلمی ژاندارک لەساڵی ١٩٤٨و پاشان لەفیلمی ساین ژان لەســـاڵی ١٩٥٧ بەرهەمی «پرمینجەر» کەڵکی لێوەرگیراوەو بەدڵنیاییەوە زۆربەی دەرهێنەرانی فیلمی ســـەردەم وەک رۆبەر برسۆن، فدریکۆ فلینی، ئینگمار برگمانو لۆیی بونۆییلو چەند کەسێکی تر ناوەڕۆکی پەیوەنـــدی مرۆڤیـــان لەگەڵ کەنیســـەی کاسولیک بەئەزموون وەرگرتوون.

شێوازی جۆراوجۆر بۆ رەخنە لەبەردەستدایە تا هەڵیبســـەنگێنێت فیلمەکە بریتیە لەچ بیرورایەک. رەنگە رەخنەگر لێرەوە دەست پێبکات کە شوێنەوار چ رۆڵێکی لەفیلمەکەدا هەیە وەک فیلمی نانۆک ی باکوور لەساڵی ١٩٢٢ بەرهەمـــی رۆبێـــرت فلاهێرتیو رووبـــار بەرهەمی پیر لۆرێنتز لەســـاڵی ١٩٣٧ دوو نموونەی بەرچاون لەو فیلمانەی کە شوێنەوار مەسەلەی سەرەکیە بەلایانەوە.

ئەگەر بەبەردەوامی کەســـایەتیەکانی فیلم لەشوێنەوارێکی بێزارکەرو خراپ دا پیشان دەدرێن دەبێ نووسەر هەوڵبدات تا چۆنیەتی کاریگـــەری شـــوێنەوار لەچارەنووســـی ئەکتەرەکان هەڵبســـەنگێنێت. وێناکردنی کەسایەتیەکانی فیلم زۆر گرنگە: کەسایەتی تاوانبار، کەسایەتی دڵســـۆزو میهرەبان لەفیلمەکەدا کێنو بۆچی وان؟ ئەگەر بنکە کۆمەڵایەتیەکانی وەک کەنیسەو قوتابخانەو سوپا لەفیلمەکەدا دەردەکەون بەچ شێوازێک وێناکـــراون؟ روانگـــەی دەرهێنەری فیلم بەرامبەر بەمەبەستەکەی خۆی چییە؟ کەڵکی لەچ جۆرە هێماو دەرخستەیەک وەرگرتووە؟ راستییەکان لەفیلم دا بەچ شێوەیەک پیشان دەدرێن؟ ئایا فیلمەکە راستە یان خەیاڵی؟

دیســـانەوە ناکرێ زۆر لەســـەر ئەم فیلمە جەحت بکەینەوە کە هەڵسەنگاندنی بیرورای فیلمێک یارمەتیدەرە بـــۆ روونکردنەوەی ناوەڕۆکی فیلمەکە، چونکە فیلمەکە پاساوی تایبـــەت بەخۆی هەیەو بەواتایەکی تر فیلم نابێتە جێگری بنەمای فەلســـەفی، ئایینی، سیاسیو ئابوری.

لەسەر مەســـەلەی «فیلمو بیرورا» دەبێ سەرەتا نووسەر باس لەناوەڕۆکی سەرەکی بیرورای فیلمەکە بکات. مانشێتی «هەستی نامۆیی لەفیلمی بیابانی سووری ئەنتونیۆنی» بەشێوەیەکی راشـــکاو ئەوە پیشان دەدات نووسەر دەیەوێ فیلمەکە لەچاوی فەیلەسۆفە بوونگەراکان هەڵبسەنگێنێت بەتایبەتی ئەم فەیلەسۆفانە: نیچە، هایدگێر، یاسپێرێس، ژان پۆڵ سارتو مارسێل.

کەســـێکی رەخنەگر دەبێ رەنگە لەبەشی زۆری بابەتەکەیدا بەشێوەیەکی تێروتەسەل ئـــەو بەشـــانەی کـــە هەســـت دەکات باشترین نمونەی «هەســـتی نامۆیی»ن هەڵیبســـەنگێنێت. دەبـــێ ئەنجامەکانی بەتەواوی لەئاراستەی ئەو بیرورایەو شێوازی کار لەو فیلمەدا بێـــت، بۆنموونە ئەگەری زۆرە ئەنجـــام وەربگرێت کـــە بوونی ئەم بیرورایە رازیکـــەرەو لەبواری هونەرییەوە زۆر گونجـــاوە یان رەنگە واپێوانەی بکات ئەو بیرورایە کێشـــەی بۆ کاری هونەری فیلمەکە هێناوەتە ئارا.

نموونـــەی رەخنەگرانـــەی لای خوارەوە بەشـــێوازی لـــەدەرەوە پیاڕوانییـــن هەڵســـەنگێندراوە: ئـــەم نموونانە چەند رەگەزێک لە روانگەی «فیلمو کۆمەڵگە»و «فیلمو بیرورا» لەخۆ دەگرێت.

تەحەمول نەکردن، توندوتیژیو پووچگەرایی لە فیلمی رۆمەن پولانێسکی

دوو پیاوو کومێدێک

بیرورای نەسەلمێنراو لەبەرهەمە کورتەکەی «رۆمێـــن پولانێســـکی»، «دوو پیاوو کومێدێک» هەمان بیـــروڕای «چارلز داروین»و «سیگمۆند فرۆید»ە.

توێژینەوەی فرۆید لەبـــارەی کاملبوونو رەفتـــاری ئاژەڵانە ئەم ئەنجامەی لێکەوتەوە کە چەمکی لەرادەبـــەدەر خەیاڵی لەبارەی چاکبوونی سروشتی مرۆڤ بێ کاریگەر بـــکات. دوایین لێکۆڵینـــەوەکان لەبارەی سروشـــتی مرۆڤ روونـــی کردووەتەوە کە سروشـــتی مرۆڤ بۆ دەســـتدرێژیو ســـتەم لێکردن لانیکەم بەئەندازەی ناخی سروشتییەکەی بۆ خۆشەویستیو میهرەبانی بەهێزە.

لێکۆڵینەکانـــی فرۆیـــد کـــە زۆربەیان لەســـەر بنەمای ئەو بیرۆکەیە دانرابوو کە زۆرجـــار مرۆڤ دەکەوێتە بەر کاریگەری خۆنەویست، لەلایەن ئەو فەلسەفانەی لەسەر بنەمای رەسەنایەتی عەقڵی سەدەی ١٨و ١٩ پرسیاری لەسەر دروست بوو، بەڵکو رێگای کردەوە بۆ بزووتنەوەی ســـورریالیزمیو پووچگەرای سەدەی بیستەم.

فیلمـــی «دوو پیـــاوو کومێدێـــک» بەرهەمەکەی پولانێسکی کۆمەڵگە بەشێوەی بێ تەحەمول نەکراو، توندوتیژو پووچگەرا وێنـــا دەکات. ئەو ئاژەڵناســـانەی بەدوای بیرۆکەی کاملبوونی داروین دا دەگەڕێن، دەریانخستووە لەبواری مێژووی تایبەتمەندی کۆمەڵگەی ئـــاژەڵان هاوبەشـــی ناوخۆو سنووربەزاندنی دەرەکی لەئارادایە.

ئـــەم تایبەتمەندییە لەبـــارەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی هاوکات لەگـــەڵ تایبەتمەندی گومانی خراپکردن بەرامبەر بەکەســـانی دەوروبـــەر دەردەکەوێـــت. رۆژێکیـــان «پولانێســـکی» بـــۆ یەکەمجـــار لەچاوپێکەوتنێک دا ئاماژەی بەوە کرد کە دوو پیاوو کومێدێک یەکەمین فیلمی بووە کە مەبەستێکی تایبەتی تێدا بەدیکردووە. مەبەســـتی ئەوە بـــووە تەحەمول نەکردنی کۆمەڵگە بەرامبەر بەکەســـێک کە لەگەڵ کەسانی تردا جیاواز بووە پیشان بدات.

قارەمانەکانی پولانێسکی هەر لەسەرەتاوە لەکەســـانی تر جیا دەبنەوە ئەمەش بەهۆی کومێدێکـــی گەورەی دارینـــە کە لەگەڵ خۆیان دا دەیگوازنەوە. ئەم دوو کەسایەتیە بەپێداگری لەسەر گواستنەوەی ئەم کومێدە بۆ هەموو شـــوێنێک لەگەڵ پێشـــوازی نەکردنـــی خەڵک دا روبـــەڕوو دەبێتەوە، بۆنموونە ناهێڵن بڕۆنـــە ناو ئۆتومبێلەوە، لەئوتێلو ریستۆران دەریان دەکەن.

ژنێک گاڵتەیـــان پێـــدەکاتو دەرەنجام گروپێکی سەرسەری لێیان دەدەن. هەڵبەت پولانێســـکی دەیتوانی لەو کومێدە وەکو کەرەســـەی تایبەتی ســـومبولیک کەڵک وەربگرێت، بەڵام وادیـــارە ئەم کومێدەی بۆ پیشـــاندانی جیاوازی ئـــەم دوو پیاوە لەگەڵ کەســـان تری کۆمەڵگەدا بەکاری بهێنێت، لەوانەشـــە ئەم دوو پیاوە «باری کەســـایەتیان»، یـــان لانیکـــەم «باری تاکەکەسییان» لەئەستۆ دەگرن.

وەکو ئـــەو فیلمەکانی تری پولانێســـکی توندوتیـــژی رۆڵێکـــی زۆر گرنگی لەم فیلمەدا هەیە. لەگشت فیلمەکەدا ئەم بۆچوونە کە شارســـتانیەت نییە جیا لەرووتینێکی ناسک بەسەر توندوتیژی ئاژەڵانەی مرۆڤ، بەشێوەیەکی مەرجدار پیشان دراوە. چوار نموونە لەتوندوتیژی لەفیلمەکەدا دەبینرێت کـــە دوو بواری بەشـــێوەی راســـتەوخۆ سەبارەت بەقارەمانی فیلمەکانەو تایبەتمەندی هەر کارەســـاتێک کە دوایـــی روودەدات زیادکردنی توندوتیژیەکەیەتی بەگوێرەی کارەساتەکەی پێشویەتی.

یەکەم دیمەن گروپێکی گەنجی سەرسەری پیشان دەدات کە تا ئاستی نزیکەو مردن لەبەچکە پشـــیلەیەک دەدەن. پاشان بڕیار دەدەن بەو پشـــیلە مردوارەو بووە کچێکی گەنج بترسێنن، بەڵام کاتێک ئەم دوو پیاوە دێنو نێوانجی دەکەن دەست لەو کارەیان بەر دەدەنو رێـــگا بۆ کچە چووڵ دەکەن تا بڕوات.

دوو پیاوی خەمبـــارو خەمۆک هەوڵدەدەن لەئەزموونەکانی خۆیان لەکۆمەڵگە کەڵک وەربگرن ئنجا دەچنە ناو بەرمیلێکی بەتاڵ تا بحەسێنەوە، بەڵام ئەمجارەیان پاسەوانەکە بەداردەســـتەکەی لێیـــان دەداو وەدەریان دەنێـــت. لەئـــاکام دا دوو پیاوەکە شـــار بەجێدێڵنو لەناو رێگادا لەدارســـتانێکەوە تێپەڕ دەبن، دوور لەچاوی ئەوان، بەڵام لەبەر چاوی بینەران کامێراکە تێکۆشانی پیاوێک پیشـــان دەدات کە تا ئاســـتی مردن لێی دراوە. ئەو دیمەنە توندوتیژییەی پولانێسکی پیشانی دەدات ئەم تایبەتمەندییە بەشێکی جیانەکراوەی کۆمەڵگەی ئەمڕۆیە.


ئەم فیلمە پووچگەرایی خۆنەویســـتو بێ واتـــای کۆمەڵگە بەگشـــتی دەدرکێنێت لەرێگای باکگراوەندەوە، بۆنموونە کاتێک ئەو دوو پیاوە لەرســـتۆرانتەکە دەردەکەن لەباکگراوەندەکـــەدا ســـەگێکی گـــەورە لەرستۆرانتەکە لەســـەر مێزی خاوەنەکەی دانیشتووەو قاپێکی گەورەی پڕ لەخواردنی لەبەردەستدایە. لەمێزی تەنیشتی دا پیاوێکی سەرخۆش کە بتڵێکی مەشرۆبی بەدەستەوەیە دانیشـــتووە. دەرکەوانەکە لەرواڵەت تەنها لەبەر ئەوە ناهێڵێت ئەو دوو پیاوە بڕۆنە ناو رستۆرانەکە کە قەبارەی کۆمێدەکەیان زۆر گەورەیە، بەڵام لەدیمەنیەکی تردا بنەماڵەیەکی پڕ حەشیمەت بەکەولوپەلێکی زۆرەوە دێنو پێشوازیان لێدەکاتو بەخێرهاتنیان دەکات. دەرەنجام کاتێک ئەوانە لەئەمبارەکە دەکاتە دەرەوە دیار ئەبێت لانیکەم بەرمیلەکان لەو دوو پیاوە بەبایەخترن.

لەکۆتایـــی فیلمەکـــە ئـــەم دوو پیـــاوە بەکومێدەکانیانـــەوە دێن بۆ کەناری دەریا تا دیسانەوە بگەڕێنەوە بۆ ئەو ئۆقیانووسەی کە لەیەکەم دیمەنی فیلمەکە لەوێوە هاتبوون، چونکە یەکەم شێوازەکانی ژیان لەدەریاوە بەرەو کاملبوون رۆیشتووە، دیمەنی سەرەتاو کۆتایی فیلمەکە لەســـەر بنەمای بیرۆکەی دارووینە. ئەنجام وەرگرتنی پولانێسکی لەم فیلمەدا وەهایە کە شوێنەواری توندوتیژی دەریـــا تارادەیەک باشـــترە لەکۆمەڵگەی بیرکورتو پووچەڵو زاڵمی مرۆڤەکان.

وەک پێشـــتر لـــەم بەشـــەدا ئاماژەمان پێکـــرد، شـــێوازی روانین لەنـــاوەڕۆک لەســـەر بنەمای لێکدانەوەو شـــیکردنەوە، پیاهەڵـــدانو هەڵســـەنگاندنی فیلمەکەیە. کاتێک نووســـەرێک لەم روانگەیە کەڵک وەردەگرێت هـــەم هەوڵدەدات تا چۆنیەتی چەمکی فیلمەکە شیبکاتەوەو لێکی بداتەوە، هەم سەرکەوتنی فیلمەکە وەکو بەرهەمێکی هونەری هەڵدەسەنگێنێت.

## گێژاو
## Girdap

ئا: بێساران فەیرۆز حەسەن



دەرهێنـــەر: تالیـــپ کارا مەحمودت ئۆغلو
فیلمنامـــە: ئەنـــوەر ئایدین، تالیپ کارا مەحموت ئۆغلو
ئەکتەرەکان: ئـــوزان بیلێن، عەلی سورمەلی، فوات ساکا، ئادا ۆوزرکانو...
بەرهەمی تورکیا ٢٠٠٨

**چیرۆکی فیلمەکە**

ئومـــوت، دانیشـــتووی شـــاری ئەنتالیایەو بۆدرێژەدان بەخوێندن لەزانکۆی ئەستەمبوڵ وەرگیراوەو سەرقاڵی دۆزینەوەی شوێنێکە بۆ نیشتەجێبوون.

ئوموت پاش بینینی ئاگادارییەک لەزانکۆ، دواجار لەگەڵ دوو گەنجی تر لەخانوویەکی گونجاودا نیشتەجێ دەبێت، بەڵام پاش ماوەیەکی کورت چەند رووداوێکی نامۆ لەماڵەکەدا روودەداتو بەپێشـــنیازی یەکێک لەهاوماڵەکەی ســـەردانێکی شێخ ئیبراهیم دەکاتو نهێنییەکانی بۆ ئاشکرا دەبێت.

دیدارەکەی لەگەڵ شێخ ئیبراهیم درێـــژە دەکێشـــێتو ئەمـــەش گۆڕانکاریی ریشـــەیی لەرەفتاری ئوموت دروســـت دەکات. ئوموت لەبازنەی هاوڕێیانی شێخ ئیبراهیم لەگەڵ سەلمان دا ئاشنا دەبێت، کە پیاوێکی توندڕەوەو گەنجەکان دژ بەکوفر هـــان دەدات، پاش ئەوەی ئوموت لەگەڵ ئینجیل فرۆشەکانی ئەستەمبوڵ بەشـــەڕ دێت، سەلمان بایەخێکی تایبەت بەئوموت دەداتو دواجار داوای لێدەکات پشـــتێنی بۆمبڕێژکـــراو کە بـــۆ خۆکوژی ئامـــادە کـــراوە لەماڵەکەیانـــدا بشـــارێتەوە، ئوموت کە ئێســـتا لەرووی بیـــرو بڕواوە لەڕابردووی زۆر توندتر بووە، بوونی کەسانی بیانی لەوڵاتەکەیدا وەک جەنگێکی خاچپەرســـتی نـــوێ دەبینێتەوە، هەربۆیە رۆژێکیـــان بڕیار دەدات پشتێنەکە لەخۆی ببەستێو...

تالیپ کارا مەحموت ئۆغلو یەکێکە لەدەرهێنـــەرە بەتواناکانی وڵاتی تورکیا، فیلمی گێژاو ســـێیەمین بەرهەمی ئـــەم دەرهێنەرەیە، بەڵام جیـــاوازی زۆر ریشـــەیی لەگەڵ بەرهەمەکانی پێشوویدا هەیە، ئەویش روانینێکـــی قوڵو هۆشـــیارانەیە بۆ رووداوەکانـــی ئەمڕۆی وڵاتی تورکیا.

ئەنوەر ئایدینو تالیپ کارا مەحموت ئۆغلو ئـــەم فیلمـــە بەگێڕانەوەی رووداوێکـــی ڕاســـتەقینە ناوزەد دەکەن.

فیلمی گێـــژاو چیرۆکی لاوێکی ســـادەی پابەنـــد بەئایینمـــان بۆدەگێڕێتـــەوە کە دواجار بەهۆی چەند کەسێکەوە دەبێتە بۆمبچێنێکی خۆکوژ، دەرهێنەر بەپشت بەستن بە ئایەتێکی قورئان لەهەوڵی ئەوەدایە گەنجەکان ئاگادار بکاتەوە، نەبادا بەناوی خـــواوە هەڵبخەڵەتێن، واتە ئەوەی کە لەفیلمەکەدا بەسەر ئوموت دا دێتو هەڵخەڵەتێنەکانیشی پاش مەرگی ئەو لەو پەڕی شادمانی دا درێژە بەژیانیان دەدەن.

فیلمی گێژاو تیشک دەخاتە سەر بـــاوەڕە پوچو بێبنەمـــا باوەکانی تورکەکان، ئـــەو ململانێیەی کە لەنێـــوان لایەنگرانـــی بیرۆکـــە باوەکانو مۆدێرنیزم لەناوچەکەدا لەئارادایە، لەلایەکی ترەوە دەرهێنەر هـــەوڵ دەدات ســـەرجەمی ئـــەو نەهامەتییەی کـــە بەناوی ئایینەوە لەتورکیا روودەدات بیخاتە ئەستۆی وڵاتانی ئیسلامیی دراوسێو دەستی بێگانە.



# سەدەیەک لەسینەما 9

**بیژەن ئەشتەری**
**و: شوان عەباس بەدری**

لەساڵی ١٩١٥دا، ناوی ئەنجومەنی میلی سانسۆری فیلم کرا بەئەنجومەنی میلی پیاچونەوەی فیلمە سینەماییەکان، هەر لەم ساڵەشدا کۆمپانیای فیلمسازی فۆکس لەلایەن ویلیام فۆکسەوە دامەزراو تۆماس ئینسی سینەماکاریش توانی سیستمی ستۆدیۆیی بەرهەم هێنانی فیلم دابمەزرێنێت.

***

**گرنگترین بەرهەمە سینەمایەکانی ئەم ساڵە**

لەدایک بوونی میللەتێک (دەهێنەر: گریفیس،ئەمریکا)،دەرهێنەر لەچوار چێوەی ئەم فیلمە مێژوویە بیروبۆچوونەکانی خۆی بەبینەر دەگەیەنێت (ماوەی فیلم: سێ کاتژمێر)، غەش (ناپاکی) دەرهێنەر (سیسل بی. دۆمیل، ئەمریکا) ئەم فیلمە باس لەچەند لایەنێکی ژیان دەکات وەک فیداکاریو رەگەزو تاوان بەشێوەیەکی دەروونناسیانە.

***

لەساڵی ١٩١٦دا، جگەلەدامەزراندنی کۆمپانیای فیلمسازی گۆلدین پیکچەرز بەدەستی سامویل گۆلدفیشو ئەدگار ئۆسلۆین، چەند کۆمپانیایەکی تری فیلمسازی وەک ( کریستی فیلم و لاسکی ) دامەزران.

***

**گرنگترین فیلمە سینەماییەکانی ئەمساڵە**

توندڕەوی، (دەرهێنەر: گریفیس، ئەمریکا) ئەم فیلمە حەماسییە ماوەکەی زیاتر لەسێ کاتژمێرەو چوار چیرۆکی جیاواز لەخۆ دەگرێت کە تێکەڵ بەیەک کراون، بەگشتیش بابەتی سەرەکی فیلمەکە باس لەبرایەتیو ئاشتی دەکات. ماچی مەرگ (دەرهێنەر: ڤیکتۆر شۆستروم، سوید) ئەم فیلمە بەجۆرە تێڕوانینێکی نوێی دراماتیکیانە باس لەرووداوێک دەکات کە لەرابردوودا رووی داوەو دەرهێنەر بەشێوەی فلاشباک دەیگێڕێتەوە.

***

لەساڵی ١٩١٧دا، کۆمپانیای فیلمسازی یۆفۆ بەپشتیوانی حکومەتی ئەڵمانی دادەمەزرێتو ئەم کۆمپانیا فیلمسازییە مەزنە دواتر رۆڵێکی گرنگ لەمێژووی سینەمادا دەگێڕێت بەتایبەتیش لەسینەمای ئەڵمانیدا.

***

**گرنگترین فیلمە سینەماییەکانی ئەمساڵە**

شەقامی شەقاوەکان، کۆچەر (ئەم دوو فیلمە چارلی چاپلن کاری دەرهێنانی بۆ کردون، ئەمریکا)لەم دوو فیلمەدا کەسایەتی بچکۆلەی بێلانە لەکەسێکی کاریکاتێرییەوە دەبێت بەکەسایەتییەکی کامڵو مرۆڤانە. بەگشتی چارلی چاپلین ١٢فیلمی بۆ کۆمپانیای فیلمسازی مۆچۆئال بەرهەم هێناوە.

***

لەساڵی ١٩١٨دا، چارلی چاپلن ستۆدیۆیەکی فیلمسازی تایبەت لەهۆلیۆد دادەمەزرێنێو بۆماوەی ٣٤ساڵ لەو شوێنە کاری فیلم ئەنجام دەدات، واتە تا ئەو کاتەی کە بەناچاری خاکی ئەمریکا بەجێدەهێڵێت، هەر لەم ساڵەدا ڤیلادیمێر ئیلیچ لینینی رابەری شۆرشی ئۆکتۆبەری روسیا یەکەمین پەیمانگەی هونەری سینەمایی لەشاری مۆسکۆ دادەمەزرێنێت.

***

**گرنگترین فیلمە سینەماییەکانی ئەمساڵە**

دڵەکانی جیهان (دەرهێنەر: گریفیس، ئەمریکا) ئەم فیلمە باس لەکاریگەرییەکانی جەنگی جیهانی یەکەمو هەڵگیرساندنی ئەو جەنگە لەلایەن ئەڵمانیاوە دەکات. کارمێن (دەرهێنەر: ئەرنێست لوبیچ، ئەڵمانیا)، نغرۆبوونی لوسی تاینا (دەرهێنەر: جیم مەک کەی، بەریتانیا) ئەم فیلمە بەیەکەمین فیلمی ئەنیمەیشنی درێژ لەمێژووی سینەما ئەژمار دەکرێت.

## دوای نۆساڵ دەتوانێ بەچوار زمان گۆرانی بڵێ بەهەموو جۆرە مەقامێکەوە

# "هەندێک سەماکاری دەنگ نەشیاو، سیدی دەردەکەن بەبێ ئەوەی شەرم بکەن"



**ژنە هونەرمەندی کوردی دانیشتوی هۆڵەندا مژدێن عەبدوڵا، لەدیمانەیەکی تایبەتیدا، لەگەڵ نم نم، نهێنیەکانی ژیانی تایبەتی خۆی ئاشکرا دەکاتو باس لەئەزموونی ژیانو خۆشەویستی دەکاتو سورە لەسەر ئەوەی گەر کوڕێکی تێگەیشتوو رۆشنبیر هەبێت ئامادەیە ژیانی هاوسەریی لەگەڵ پێک بهێنێت، ئەوە لەکاتێکدا رەخنە دەگرێ لەو گۆرانیبێژانەی بەبێ خوێندنو شارەزایی سیدی بڵاودەکەنەوە، هاوکات جەخت لەوە دەکاتەوە کە «راستی، ئەگەر ناخۆشیش بێت هەر پێمخۆشترە لەدرۆیەکی جوان».**

**رێژین ئیبراهیم لەسوید**

مژدێن عەبدوڵا، کچە گۆانیبێژێکی کوردەو لەشاری سلێمانی لەدایکبووە، ژیانی منداڵیشی لەو شارەدا بەسەر بردووەو دواتر لەتەمەنی چواردە ساڵیدا چووەتە وڵاتی هۆڵەندا، بەڵام نایەوێت کەس تەمەنی بزانێت، "پێم خۆش نییە هیچ کەسێک تەمەنم بزانێت".

**منداڵێکی هەیەو بێ هاوسەرە**

ئەو هونەرمەندە هەر لەمنداڵییەوە خێزانەکەی بەنازداریی پەروەردەیان کردووەو لەوڵاتی هۆڵەندا درێژەی بەخوێندن داوە، بڕوانامەی زمانی هۆڵەندی بەدەس تهێناوەو پسپۆڕێتی جوانکاری لەئینستیوتی هۆڵەندی وەرگرتووە، دواتر ساڵو نیوێک وانەی لەسەر دەنگو شەش مانگیش لەسەر ئامێری پیانۆ وانەی خوێندووە. لەئێستادا مژدێن، لەکۆلێژی کۆمپیوتەر دەخوێنێتو بەنیازیشە دوای ئەوە لەبورای ستایلدا درێژە بەخوێندن بدات، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ژیانی هاوسەریی لەگەڵ ژەنیارێکدا پێکهێنا، بەڵام زۆری نەخایاندو لێک جیابوونەوە. هەنوکە مژدێن، خاوەنی منداڵێکە بەناوی ئاران کە لەلای باوکی دەژی.

یەکێک لەبیرەوەریەکانی مژدێن لەمنداڵییدا، ئەوە بووە کە باوکی لەپشووی هاویندا بردوونی بۆشاری بەغدا، کە "دەچووینە هۆتێل شیراتۆن، دایکم لەترسی من هەموو میکیاژەکانی دەشاردەوە، چونکە زۆر یاریم پێدەکردن"، هاوکات لەمنداڵییدا ئەو هونەرمەندە، عاشقی دەفەکەی عادل عەزیزی خاڵی بووە، بەتایبەت لەو ساتانەدا کە سەردانی کردوونو گۆرانی بۆ وتوون، "ئێستاش بێژەرێکی زۆر سەرکەوتووەو زۆر ئەزیزە لەلام".

**مژدێن عاشقی کێیە؟**

ئەو هونەرمەندە ئاماژە بەوە دەدات کە لەئێستادا زۆر عاشقی عەشقەو خۆی وتەنی: "هەتا دەمێنم بەئاواتی ئەوەوەم بەخۆشەویستیێکی راست بگەم، ئەگەر نا جارێکی تر، شوناکەمەوە"، بەدەر لەوەش، عاشقی مۆزیکو گۆرانی وتنە، "دەنگم هاوکارمە بۆئەوەی دەربڕینم ئاسان بکاتو پاشان ئەوەی هەستی پێبکەم،ئەینوسم".

مژدێن، خەون بەوەوە دەبینێت کە کوردیش وەکو وڵاتانی جیهان کۆمپانیایەکی هەبێتو کار بۆ هونەرمەندان بکات، بەجۆرێک کۆنسێرتو سیدیو کارەکانی هونەرمەندان لەسەر ئاستی جیهان بەشێوەیەک بڵاو بکاتەوە، "لەبازاڕی هۆڵەندادا بتوانم سیدی بکرم، ئەمە گەورەترین خەونی منە"، هەروەها خەونی ئەوەشی هەیە کە کوڕێکی تێگەیشتوو مۆدێرنی خۆشبوێت کە رێز لەئافرەتو ئەوانیدیکە بگرێت، "ئەگەر ئەو کەسە هونەرمەندیش بێت باشترە، چونکە ئەوە خەونی منە، ئەگەرنا ئەبێت رۆشنبیر بێت بەو مانایەی کە لەهەڵسوکەوتیدا رەنگ بداتەوە، نەک بەناو رۆشنبیر بێت".

**بەدرۆکردن زۆر تورە دەبێت**

مژدێن، جەخت لەوە دەکاتەوە کە پێی خۆش نییە هیچ کەسێک درۆی لەگەڵدا بکات، "درۆم لەگەڵ کراوە بەتایبەتی لەخۆشەویستییدا کە بەو هۆیەوە سەرکەوتوو نەبوومو وازم لێهێنا، هەرچەندە ژەنیارێکی باشیشەو جێی شانازی منە"، بەڵام بۆخۆی بەدرێژایی تەمەنی درۆی نەکردووە، "درۆناشرینترین شتە بەلامەوە کەنەم کردووە، لەژیانیشمدا رەنگی داوەتەوەو لەپەروەردەکردنی مناڵە بچوکەکەشمدا نەمهێشتوە درۆ بکات".

بەوتەی خۆی،ماڵەوەیان شتی زۆری لێدەشارنەوە، بەڵام هیچیەک لەوانە بەدرۆ حساب ناکات، "ئەوان خەمی منیانە کە خەفەت بخۆم، ئەزانن من زۆر بەسۆزم، ئەوە رەچاو دەکەن کە بەناز گەورەیان کردووم"، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئیتر نایەوێت ماڵەوەشیان شتی لێبشارنەوە، "راستی، ئەگەر ناخۆشیش بێت هەر پێمخۆشترە لەدرۆیەکی جوان".

سیدی نوێو سەماکەری دەنگ نەشیاو

مژدێن، پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە بڵاوبوونەوەی ئەلبومی گۆرانی کارێکی هەروا سادەو سانا نییە، هەربۆیە نەیتوانییوە تائێستا ئەلبومێکی تەواوەتی خۆی هەبێت،"ئەبینم وەکو کراسێکی نوێ سیدی دەردەکرێتو لای هەندێک سەماکاری دەنگ نەشیاو، کە دەنگیان نییەو گۆرانی دەڵێن، ئەوەش بەراستی کارەساتە کە شەرم ناکەن لەدەنگیان".

ئەو خاتونە گۆرانیبێژە ئاماژە بەوە دەدات کە ماوەی نۆ ساڵە گۆرانی دەڵێت، هاوکات دەتوانێت هەموو جۆرە مەقامێکیش بچڕێت، "ئەتوانم بەرۆژئاوایش گۆرانی بڵێم بەچوار زمان، هێشتا یەک کلیپم کردووە، لەگەڵ چەند گۆرانییەکی تۆمارکراو چەند کۆنسێرتێکی تەلەڤزیۆن، بەڵام نازانم چۆن بەو نەزانییەوە ئەو کەسانە سیدی بڵاو دەکەنەوە؟"، هەربۆیە بەپێویستی دەزانێت کە ئەو گۆرانیبێژانە کەمێک لەسەر دەنگو موزیک بخوێننەوە ئینجا کار بکەن.

ناوبراو، هۆکاری بڵاونەکردنەوە ئەلبومی خۆی گەراندەوە بۆئەوەی کە تائێستا هیچ کۆمپانیایەک هاوکاریان نەکردووە، "ئێستا خۆم خەرجی کارەکانم دەکەم، ئەگەر دوای ئەو نۆ ساڵ ئەزموونە، شوێنێک هاوکاری بکردمایە رازی بووم ئەلبومێک تۆمار بکەم".

**خوێندن لێناگەڕێ دەنگی بخاتە سەر**

مژدێن، گۆرانییەکی لەسەر ستایی جیهانی R&B وتووەو دەیەوێت کلیپی بۆ بکات، بەڵام لەبەر ئەوەی کەسێکی شیاوی لەو وڵاتە نەبینیوە بۆ ئەو کلیپە، تائێستا کلیپی بۆ ئەو گۆرانییەی نەکردووە، "دەمەوێت، چۆن یەکەم کلیپم چەندین کەس شانازی پێوە کرد کە کاری هونەرمەند هەردی عومەر بوو، ئاواش ئەم کارە جوان دەرچێت، باشتریش نەک کەمتر ئەمە ئەکرێت لەلای ئەم هونەرمەندە بکرێت، بەڵام دەبێت سەفەر بکەم، لەئێستاشدا بەخوێندەوە سەرقاڵم".

مژدێن ئەوەش بۆخوێنەرانی نم نم ئاشکرا دەکات کە لەئێستادا موزیکی دوو گۆرانی تری تۆمار کراوە کە خۆی خەرجی بۆ کردوون، بەڵام هێشتا دەنگی نەخستونەتە سەر، لەسویدەو هێشتا بۆی نەنێردراوەتەوە.

# Walk The Line

# لەگەلەری سەردەم نمایش دەکرێت




**ئا: کاوە حەسەن**

فیلمی walk the line لەدەرهێنانی جیم مانگۆڵدەو ساڵی٢٠٠٥ لەئەمریکا بەرهەمهێنراوە، جواکین فینکس ریس ویزریسپۆن رۆڵی سەرەکی تێدا دەبینن‌و ماوەکەی ١٣٠خولەکە.

کارکردن لەسەر کەسایەتی بەناوبانگ لەبواری سینەمادا لەسەر هەموو چین‌و توێژەکانی کۆمەڵگە، بەراستی بوێری‌و ئازایەتییەکی بێوێنەی دەوێت بەتایبەت گەر هونەرمەندەکە مۆزیکاربێت‌و خۆی تەرخان کردبێت بۆ گۆرانی میللی، ئەم جۆرە فیلمانەش دەرهێنەرێکی دەوێت بەتەواوەتی دەبێت خۆی بۆ تەرخان کردبێت، هەر لەدەستنیشانکردنی ئەکتەرو دۆزینەوەی پسپۆڕێک لەدیزاینی جل‌و بەرگ‌و بەقووڵی بچێتە ناوەڕۆکی ژیانی هونەرمەندەکە تا زاڵ بێت بەسەر گیروگرفتەکانی فیلمەکەیدا.

رووداوەکانی ئەم فیلمە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ ساڵانی ١٩٤٤- ١٩٦٧ کە باس لەهونەرمەندێکی ئەمەریکی (جۆنی کاش) ئەکات، کە خۆی تەرخان کردووە بۆ گۆرانی میللی، بەڵام بەستایلێکی نوێ کار دەکات، ئەم هونەرمەندە لەژیانیدا بێگیروگرفت نەبووە، هەر لەسەرەتای فیلمەکەوەو بۆمان دەردەکەوێت کە رابوردوویەکی تاڵی هەیە لەژیانی خێزانەکەیدا، ئەویش کاتێک کە براکەی لەمنداڵییەوە دەمرێت‌و باوکی دەیخاتە ئەستۆی ئەم‌و پێی دەڵێت گەر تۆ لێی نزیک بویتایە تووشی ئەو کارەساتە نەئەبووین، ئەمە بەشێکی کەمی فیلمەکەیە.

لەراستییدا فیلمەکە لەوێوە دەستپێدەکات کە کاتێت جونی کاش گەیشتۆتە تافی لاوێتی‌و دەیەویت سەرکەوێت بەسەر رابووردوو تەنگ‌و چەڵمەکانی ناو ژیان.

ئەم فیلمە خاوەنی ٢٨خەڵاتی جیهانییە لەوانە: خەڵاتی ئۆسکار بۆ باشترین ئەکتەری کچ‌و خەڵاتی گۆڵدن گلۆپ بۆ باشترین ئەکتەری کوڕ، هەروەها ئەم فیلمە ئەم خەڵاتانەی لای خوارەوەی بەدەستهێناوە: بافتا ـ نەرویج ـ سەندیکای دەرهێنەران ـ بۆستۆن ـ سەندیکای وێنەگران ـ فلۆریدا ـ ئەڵمانیا ـ کانساس ـ لۆس ئەنجلۆس.

خوێنەرانی بەڕێزی نم نم‌و هەر بینەرێکی دیکە کە دەیەوێت ئەم فیلمە ببینێت، دەتوانن ئەم فیلمە سەعات سێی ئێوارەی شەممە ٢٠١٠/٢/٦ لەگەلەری سەردەم لەسلێمانی ببینێت.




# گرانترین ئاپشنەکانی ئۆتۆمبێل لەجیهاندا کامانەن؟

**خۆر فەرهاد**

گۆڤاری فۆربس راپۆرتێکی سەبارەت بەگرانترین ئۆپشنەکانی ئۆتۆمبێلە لوکسەکان بڵاوکردووەتەوە، لەو لیستەدا کە ناوی ئۆتۆمبێلەکانی کۆمپانیاکانی بی ئێم دەبلیو، مارسیدس بێنز، ئائۆدی، کادیلاک، هامەر، ئینفینیتی، جاگوارو لکزز خراونەتە ژێر لێکدانەوەوە لەهەر کامیان گرانترین ئاپشنەکانیان هەڵبژێردراوە.

## جاگوار XJ

کۆمپانیای جاگوار لەلیستی ئەو کۆمپانیای ئۆتۆمبێلسازیانە دایە کە کۆمەڵێک مۆدێلی بەهێزو کەم وێنەی بەرهەمهێناوە کە مۆدێلی XJ یەکێکە لەوان.ئەو کۆمپانیایە کە پێشتر مۆدێلی XFی خستبووە بازاڕەوە، لەئاکامی کۆمەڵێک گۆڕانکاری زۆرXJ یشی ئامادەکردووە بۆ فرۆشتن.

جاگوار لەسەر ئەو مۆدێلەی خۆی مەکینەی ماتۆڕ چارجی V۸ی داناوە کە توانای 510 ئەسپی پێدەبەخشێت. بەو مەکینەیە جاگواری سپۆرتی XJ نیشانی داوە کە دەتوانێت لەباشترین حاڵەتدا لەماوەی 4.7چرکەدا خێراییەکەی خۆی لەسفرەوە بگەیەنێتە ١٠٠کیلۆمەتر لەکاتژمێرێکدا.

ئەو ئۆتۆمبێلە سانروف پانۆرامایەکی جوانی هەیەو لایتەکان LEDsە. لەکاتی سواربوونی لەسەر ئەو ئۆتۆمبێلە خێرا چاوتان دەچێتە سەر کوشنە چەرمو جوانەکانی.

ئەو کوشنانە سیستمی گەرمکەرەوەو فێنککەرەوەی هەیەو بەدانیشتن لەسەر کوشنەکانی پێشەوە دەتوانن چێژ لەماساژۆرەکانی وەربگرن. ئەگەر بەناچاری لەکوشنی دواوە دانیشتووی پێویست ناکات نیگەران بی، چونکە کۆمەڵێکی زۆر تایبەتمەندی کاتبەسەربردنی تێدایەو کاتێکی خۆشتان بۆ دابین دەکات.

کۆمپانیای جاگوار لەسەر ئەو ئۆتۆمبێلە ئۆپشێنێکی لۆکسی خستووەتە بەردەست کە بەچوار هەزار دۆلار دەتوانن ببنە خاوەنی ئەو ئۆپشێنانە، ئەوەش لەکاتێکدایە کە بەشێوەیەکی ستاندارد نرخی ئەو ئۆتۆمبێلە ٧٢هەزارو ٥٠٠دۆلارە.

بەپێی هەواڵەکان ئەو ئۆپشێنە پێکهاتووە لەکۆمەڵێک بەشی جیاواز وەک تریمی جوانی ناوەوە بەرەنگی سەرنجڕاکێش، کوشنی پێشەوە بەتوانای ماساجو کوشنی دواوە بەتوانای گەرمکردن.

## سیدان مارسیدس بینزی E550

مارسیدس بینزی E550ش ئۆتۆمبێلێکی ئەڵمانی بێوێنەیە کە چەندینجار لەپیشانگای ئۆتۆمبێلی پاریسدا بەشداری پێکراوە.

لەسەر ئەو ئۆتۆمبێلە مەکینەیەکی V8ی بەهێز دانراوە کە هێزکەی ٣٨٢ ئەسپە.

ئەو ئۆتۆمبێلە کە لانی زۆر دەوری ماتۆرەکەی شەش هەزارو ٥٠٠ دەور لەیەک خولەکدایە، گێرباکسێکی حەوت گێڕی هەیە. لەکۆی کێشی ئەو ئۆتۆمبێلە کە ٢,٠٤تەنە، ٥١٪ی لەسەر تایەکانی پێشەوەو ٤٩٪ی لەسەر تایەکانی دواوەی راوەستاوە.

مارسیدس بینز لەسەر ئەم ئۆتۆمبێلە بەشێوەی ستاندار نرخی ٥٦هەزارو ٣٠٠دۆلاری داناوە، بەڵام بەئۆپشێنەکانەوە نرخەکەی بەرزدەبێتەوە بۆ ٦٣هەزارو ١٠٠دۆلار، ئەم پاکێجە پێکهاتووە لەسیستمی دۆزینەوەی شوێنی مانگی دەستکرد، سیستمی کۆنترۆڵی دەنگ، رادیۆی مانگی دەستکرد، کامێرا بۆ بینینی دواوە، کوشنی پێشەوە گەرمکەری هەیەو لایتەکانی پێشەوە زیوین.

# مەزدای Taiki نەوەی نوێی RXە؟

**گوڵان سەروەر**

رەنگە هیچ کەس بڕوانەکات کە مەزدا دوای کانسپتی زۆر باشی خۆی (Taiki)و هەروەها دوای ئەوەی ئیتر کوپەی خۆشەویستی خۆی واتەRX-8 بەرهەم نەهێنا، پرۆژەیەکی بۆ تێکەڵاوکردنی ئەو دووانە هەیە.

بەپێی هەواڵەکان ئەو ئۆتۆمبێلە نوێیە زیاتر هاوشێوەی RX-7ە تا مۆدێلەکانی دیکەی ئەو کۆمپانیایە. ئەگەرچی دوای ئەوەی کانسیپتەکەی دیکەی ئەو کۆمپانیایە بەناویFurai سەرکەوتوو نەبوو، کۆمەڵێک دەنگۆ سەبارەت بەکوپەیەکی نوێی ئەو کۆمپانیایە بڵاوبووەوە، بەڵام هیچکات نەگەیشتە ئەنجام، ئەوەش لەکاتێکدایە کە هەواڵەکان باس لەدروستکرنی ئۆتۆمبێلێکی نوی دەکەن تا هەموو ئەو شکستانە، لە بیری لایەنگرانی مەزدا ببەنەوە.

لەو ئۆتۆمبێلە نوێیەدا کە لەکۆمەڵەی ئۆتۆمبێلەکانی RX دەبێتو هەروەک باسکرا تێکەڵاوییەک دەبێت لەنێوان هەردوو مۆدێلی Taikiو مۆدێلەکانی RX، کە زۆر بەهێزدەکرێتو هێزەکەی دەگاتە ٣٥٠ئەسپ، هاوکات بەپێی هەواڵەکان نرخی ئەو ئۆتۆمبێلە نوێیەی مەزدا ٢٥هەزار دۆلار دەبێت.

# ئۆتۆمبێلی مەک لارن نمایش دەکرێت



**دروود سامی**

هەفتەی رابردوو تیپی شۆفێری ئۆتۆمبێلی فۆرمولا وانی مەک لارن، ئۆتۆمبێلە نوێیەکەی خۆی نمایشکرد.

دوای ئەوەی ئۆتۆمبێلی تایبەتی فراری لەهەفتەی رابردووتردا نمایشکرا، پێنجشەممەی رابردووش سەرەی مەک لارن گەیشت تا ئۆتۆمبێلی فۆرمۆلا وانی خۆی بۆ بەشداری لەپێشبڕکێی ساڵی ٢٠١٠ نمایش بکات. ئەو ئۆتۆمبێلە کە زۆر جوانەو کلاسێکی جیهانی هەیە، ناوی ئێم پی ٢٥-٤ی لەسەر دانراوە.

دامەزراندنی دوو شۆفێری پاڵەوانی جیهان لەساڵەکانی ٢٠٠٨و ٢٠٠٩ کە هەردووکیان خەڵکی بەریتانیان، مەک لارنی هیودار کردووە تا بتوانێت بەو ئۆتۆمبێلە نوێیە بەهێزەوە بەشداری پێشبڕکێکانی فۆرمولا وان لەساڵی ٢٠١٠دا بکات.

ئۆتۆمبێلەکەی تیمی مەک لارن بەئیلهام وەرگرتن لەئۆتۆمبێلەکەی ساڵی ١٩٨٩ی ئەو تیپە کە دوو شۆفێری بەهێزی ئەوکات واتە ئالن پراستو ئایرتۆن سینا لێیاندەخوری، دیزاین کراوە.

وەرزی نوێی پێشبڕکێکانی فورمولا وانی پاڵەوانی جیهان دەوروبەری یەک مانگی دیکە دەست پێدەکات.

# بەرهەمهێنانی فیات لەئیتاڵیا بۆ دوو هەفتە رادەگیرێت

**دارین شاڵاو**

کۆمپانیای ئۆتۆمبێلسازی فیاتی ئیتاڵیا رایگەیاند کە دوابەدوای کەمبوونەوەی داواکاریی لەسەر فرۆشی بەرهەمەکانی، بەهیوایە بەرهەمهێنانی خۆی بۆ ماوەی دوو هەفتە رابگرێت.

بەپێی هەواڵێکی ئاژانسی هەواڵی فەرەنسا، وتەبێژی کۆمپانیای فیات رایگەیاند، بەرهەمهێنانی تەواوی بەرهەمەکانی کۆمپانیاکەیان لەرۆژی ٢٢ی شوباتەوە تا حەوتی ئادار رادەگرێت، هاوکات لەو ماوەیەدا زیاتر لە ٣٠هەزار کرێکاری کاتیی لەکارەکەیان دەردەکرێن.


دوابەدوای زیادبوونی بەرچاوی فرۆشی فیات لەمانگەکانی کۆتایی ساڵی ٢٠٠٩، جارێکی دیکە فرۆشی ئەو کۆمپانیایە لەماوەی مانگی رابردوودا روبەڕووی کەمبوونەوەیەکی بەرچاو بووەوە، هەربۆیە فیات بەهیوایە بۆ هاوسەنگکردنی بازاڕو بەرهەمهێنان، پرۆسەی بەرهەمهێنانی خۆی بۆ ماوەی دووهەفتە رابگرێت.

فیات کە لەماوەی ساڵی ٢٠٠٩دا، زیانێکی دارایی زۆری روبەڕوو بووەوە، هیوادارە لەساڵی ٢٠١٠دا، هەوڵی قەرەبوکردنەوەی ئەو زیانەی بکات، ئەوەش لەکاتێکدایە کە حکومەتەکانی ئەوروپا بەهیوان بەدرێژەدان بەسیاسەتەکانی هاندان بۆ کڕینی ئۆتۆمبێل، گەشەیەکی رێژەیی بدەنەوە بەپیشەسازی ئۆتۆمبێل لەئەوروپادا.

کۆمپانیای فیات کە لەساڵی ٢٠٠٨دا، ١,٧٢ملیار یۆرۆ قازانجی کردووە، لەساڵی ٢٠٠٩دا، ٨٤٨ملیۆن یۆرۆ زیانی لێکەوتووە، هەربۆیە بەهیوایە بۆزیادکردنی فرۆشی بەرهەمەکانی خۆی، ستراتیژی بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبێلە بچوکو کەم خەرجییەکان بەڕێوەببات.



# چین دەبێتە گەورەترین بازاڕی ئۆتۆمبێلی جیهان



**جیهان ئیبراهیم**

بەشێوەیەکی فەرمی، وڵاتی چین لەساڵی ٢٠٠٩دا بووە گەورەترین بازاڕی ئۆتۆمبێل لەجیهاندا.

بەپێی ئەو ئامارانەی کە بڵاوکراونەتەوە، لەساڵی رابردوودا چین توانیویەتی بەپێشکەوتن لەئەمریکا، ببێتە گەورەترین بازاڕی ئۆتۆمبێلی جیهان، ئەوەش لەکاتێکدایە کە شیکەرەوانی بوارەکە هۆشداریان داوە کە رەنگە فرۆشی ئۆتۆمبێل لەچین ئەمساڵ روبەڕووی کەمبوونەوەیوکی بەرچاو ببێتەوە.

بەپێی راگەیاندنێکی ئەنجومەنی ئۆتۆمبێلسازەکانی چین، فرۆشی ئۆتۆمبێل لەو وڵاتەدا لەساڵی ٢٠٠٩دا گەیشتووەتە ١٣ملیۆنو ٦٤هەزار ئۆتۆمبێل. ئەو رێژەیەش لەچاو ساڵی ٢٠٠٨دا، گەشەی بەرچاوی بەخۆوە دیووە بەرێژەی ٤٦,١٥٪، هاوکات لەساڵی ٢٠٠٨دا، ٩,٤ملیۆن ئۆتۆمبێل لەوڵاتی چین فرۆشراون.

# ئێڵ جی هاندێکی نوێ دروووست دەکات



**شارۆ قادر**

کۆمپانیای ئێڵ جی هەواڵی دروووستکردنی هاندێکی نوێ لەسەر بنەمای ئۆپەرتینگ سیستمی ویندەوزی مۆبایلی 6.5 بەناوی KU2100 بڵاوکردەوە.

بەپێی هەواڵێکی جی ئێس ئێم ئارێنا، هاندی KU2100 ی ئێڵ جی شاشەیەکی لەمسی هەیەو بڕیارە لەم وەرزەدا بڵاوی بکاتەوە. هاندیKU2100 پشتیوانی لەچوار باندی تۆڕی GSMو دوو باندی تۆڕی HSDPA دەکاتو ڕەهەندەکانی 12.9×53.4×109.8دا دروووستکراوەو کێشەکەی ١٢١گرامە.

شاشەی ئەو هاندە سێ ئینجیو لەمسییەو کواڵیتی وێنەکەی 400×240 پیکسلەو پشتیوانی لە ٢٥٦هەزار ڕەنگ دەکات. ئینتەرفەیسی بەکارهێنەری KU2100یش S.Classەو لەجۆرەکانی دیکەی بەرهەمەکانی ئەو کۆمپانیا جیاوازە،

هەروەها پشتیوانی لەکارتی microSD تا ١٦گیگابایت، پەیوەندی Wi.Fi، بلوتۆز بە2DP یەوە، microUSB ، کامێرابی پێنج مێگاپیکسلی بەزوومی ئۆتۆماتیکو کامێرای دووەم بۆ پەیوەندی وێنەی بەشێکی دیکەن لەتایبەتمەندییەکانی ئەو هاندە.

ئەو هاندە نوێیەی ئێڵ جی ئۆپەریتینگ سیستمی ویندەوزی مۆبایلی ٦,٥ی لەسەر دەبێتو پرۆسێسەری ٥٢٨مێگاهەرتزی MSM7201A ، ئێکسلۆرەری WAP 2.0/xHTML، HTML ، GPS بەکاردەهێنێت. پشتیوانی لەفایلە دەنگیو ڕەنگییەکانی MP4/H.263/H.264/ MP3/WAV/eAAC+/ و WMV WMA دەکات.

پاتری ئەو هاندە نوێیەی ئێڵ جی ١٥٠٠ میلی ئامپەری لیتیۆمیی یۆنییە کە لەحاڵەتی ئاساییدا ٣٠٠کاتژمێرو لەحاڵەتی قسەکردندا پێنج کاتژمێر شەحن هەڵدەگرێتەوە.

## بەکارهێنەرانی 3G گەیشتە نیو ملیار کەس



**ئارمەند جەعفەر**

لێکۆڵینەوەکان ئەوە نیشان دەدەن کە ژمارەی بەکارهێنەرانی خزمەتگوزاری 3G لەسەرانسەری جیهاندا گەیشتووەتە نیو ملیار کەس.

بەپێی هەواڵێکی سایتی جێ ئێس ئێم ئارێنا، یەکەمین تۆڕی 3G هەشت ساڵ پێش ئێستا لەلایەن ئۆپەرتەری بەدالەی NTT DOCOMOوە لەبازاڕی ژاپۆندا کەوتە بەردەست، کە ئەمڕۆ ژمارەی بەکارهێنەرانی ئەو خزمەتگوزارییە لەهەموو جیهاندا لە ٥٠٠ملیۆن کەس تێپەڕیوە.لەسەرانسەری جیهاندا زیاتر لە ٣٠٠ تۆڕی UMTS و ٣٥ تۆڕی HSPA بە٢٠٠ملیۆن بەکارهێنەرەوە هەیە، بەدەربڕینێکی دیکە 40%ی بەکارهێنەرانی 3G ئەو توانایەیان لەبەردەست نییە کە لەخزمەتگوزارییەکانی خێرا بۆ گواستنەوەی داتا بەهۆی بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای HSPA سوودوەربگرن.

ئێستا کە تۆڕەکانی 3G گەشەیان کردووە، تۆڕەکانی 4G بەڕێوەیەو کۆمپانیای تلیاسونرا یەکەمین تۆڕەکانی LTE لەچەند مانگ پێش ئێستاوە خستووەتە ژێر تاقیکردنەوەوەو چاوەڕواندەکرێت تا ساڵی ٢٠١٢ ژمارەی بەکارهێنەرانی تۆڕەکانی نەوەی چوارەم لانیکەم بگاتە زیاتر لە٤٠٪.

# لەمۆندیالی ئەمساڵ دا بەکارناهێنرێت؟!



**شکار فەیروز**

فیفا ڕایگەیاند کە هەرچەندە بەهیوایە بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای هێڵی گۆڵ بۆ یارمەتی داوەرەکانی تۆپی پێ بخاتە ژێر لێکۆڵینەوەوە، بەڵام ئەو تەکنۆلۆژیایە لەموندیالی ٢٠١٠دا بەکارناهێنرێت.

بەپێی ڕاپۆرتێکی ئاژانسی هەواڵی ڕۆیتەرز، سێپ پلاتەری سەرۆکی یەکێتی نێودەوڵەتی تۆپی پێ، هەفتەی ڕابردوو لەکۆنفراسێکی ڕۆژنامەوانی لەمسکۆ ڕایگەیاند بڕیاری فیفا دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری ئەو تەکنۆلۆژیایە لەسەر باشترکردنی کاری داوەرەکان.

بلاتەر کە یەکێکە لەو کەسانەی هەمیشە دژی بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیاو بینینەوەی ڤیدیۆکانە بۆ بڕیاردانی داوەرەکانی تۆپی پێ، لەو کۆنفرانسەدا ڕایگەیاند کە بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای هێڵی گۆڵ لەکۆبوونەوەی یەکێتی نێودەوڵەتی تۆپی پێ لەمانگی مارسدا قسەی لەسەر دەکرێت، "لەو کۆبوونەوەیەدا دووجۆر تەکنۆلۆژیای جیاواز قسەی لەسەر دەکرێت".

یەکێک لەو تەکنۆلۆژیایانە پێکدێت لەبەکارهێنانی میکرۆکۆنترۆلەر لەناو تۆپداو ئەوی دیکە تەکنۆلۆژیای "چاوی کراوە"یە کە لەوەرزشی تێنسدابەکاردەهێنرێت.

سەرۆکی فیفا جەختی لەوە کردەوە کە ئەنجامی ئەو کۆبوونەوەیە هەر شتێک بێت، تەکنۆلۆژیای هێڵی گۆڵ لەمۆندیالی٢٠١٠ی ئەفریقادا بەکار ناهێنرێت.

هەندێک لەگەورە بەرپرسانی بەڕێوبردنی یارییەکانی مۆندیال لەو بڕوایەدان کە ڕاگرتنی یاری بۆ سەیرکردنەوەی بەشێک لەفیلمی یارییەکە، دەتوانێت شیرازەی یاری تۆپی پێ تێک بداتو ئەوەی بلاتەر پێدەڵێت "ڕواڵەتی مرۆڤانەی تۆپی پێ"، تێکدەچێت.

بلاتەر، هەمیشە هەوڵی داوە تا هاندەران، ڕاهێنەرەکانو یاریزانەکانی تۆپی پێ هەڵەی داوەریی وەک واقیعێکی ئەو یارییە قبوڵ بکەن.

# ساختەکاری لەیارییەکانی فلەشدا!



**دیاری عومەر**

یارییەکانی فلەش یەکێکە لەکاتبەسەربردنەکانی کۆمپیوتەر کە بەهۆی تایبەتمەندییەکانییەوە لایەنگرێکی زۆری هەیە.

ئەو یاریانە کە هاوکات لەگەڵ سەرنجڕاکێشییەکەیدا، قەبارەیەکی بچوکیان هەیەو جگەلەوەش بۆ کردنەوەی ئەو یاریانە پێویست ناکات گرافیکی بەهێزت هەبێت، هەروەها بەبێ ئەوەی ئینستۆڵی بکەی یاری دەکەن، بەڵام ڕەنگە تائێستا بیرت لەوە نەکردبێتەوە کە ئایا دەتوانی لەو یاریانەدا ساختە بکەی یان نا؟

وەڵامی ئەو پرسیارە پۆزەتیڤە. لەخوارەوەدا ڕێگایەکی سادەی ئەو کارەتان بۆ باس دەکەم:

١. بۆ ئەم مەبەستە دوای کردنەوەی یارییەکە، کلیلی Ctrl+Enterی کیبۆردەکە لێبدەن.

٢. ئەو کارە لەهەندێک لەیارییەکاندا دەبێتە هۆی چوونە ناو قۆناغێکی دیکەی یارییەکەوەو لەهەندێک یاری دیکەشدا دەبێتە هۆی زیادبوونی خاڵ یان ساختەی دیکە. هەڵبەت لە هەندێک یاریشدا ئەو باگە کۆنترۆڵ کراوە.

٣. لەم ناونیشانانەی خوارەوەدا، دەتوانن هەندێک یاری داونلۆد بکەن کە ئەو کلیلانە لەسەریان کاردەکات:

LINK

http://www.tarfandestan.com/files/Sonic.swf
http://www.tarfandestan.com/files/Zyrx.swf
http://www.tarfandestan.com/files/DragTheDot.swf
http://www.tarfandestan.com/files/FunkyPong.swf
http://www.tarfandestan.com/files/Mars.swf
http://www.tarfandestan.com/files/FunnyZoo.swf

# چۆن پرۆگرامەکان بەپۆرتابڵ دەکرێن؟

PORTABLE



**محەمەد ڕەسوڵ کەریم**

لەئێستادا پرۆگرامەکانی Portable یان پۆرتابڵ (هەڵگر) بەهۆی هەندێک تایبەتمەندییەوە کە هەیانە لایانگرێکی بەرفراوانی لەدەوری خۆی کۆکردووەتەوە، ئەمجۆرە پرۆگرامانە ڤێرژنێکی بەرنامەکانی ئاساییین کە پێویستیان بەدابەزاندن نییە.

لەسیستەمەکانی سنووردار کراونو توانای دابەزاندنی بەرنامەیان نییە. بەسوودوەرگرتن لەڤێرژنی پۆرتابڵی بەرنامەکان توانای بەکارهێنانیان بەبێ دابەزاندن دەخاتە بەردەست بەکارهێنەران، هەروەها پرۆگرامەکانی پۆرتابڵ دەتوانن لەفلاش دیسکدا سەیڤ بکرێن تا لەهەر کاتێکدا کە توانای کردنەوەی بەرنامەکانتان بەشێوەی پۆرتابڵ لەبەردەست بێت.

بۆ بەدەستهێنانی ڤێرژنی پۆرتابڵی بەرنامە جیاوازەکان ڕێگەی جیاواز هەیە:

دەتوانن ڕاستەوخۆ لە ئینتەرنێتەوە داونلۆدیان بکەن، یان ئەوەی کە بەسوودوەرگرتن لەپرۆگرمەکانی وەک Thinstall پرۆگرامەکان بکەنە پۆرتابڵ، بەڵام لەو ڕێگەیەی کە لەخوارەوەدا باسمان کردووە دەتوانن پرۆگرامەکان بەهۆی بەرنامەی بەناوبانگی WinRAR بکەنە پۆرتابڵ. بەرنامەی WinRAR لەلایەن زۆربەی بەکارهێنەرانەوە وەک بەرنامەیەکی کۆمپرێسکردن دەناسرێت.

پێش هەر کارێک ئاگاداری ئەو خاڵە بن کە ئەو کارەی باسی دەکەین تەنیا لەکاتێکدا دروووستە کە بەرنامەکەتان لەکاتی ئینستۆڵکردندا فایلەکانی لەفۆڵدەرێکی جیا لەفولدەری ئینستۆڵی خۆیدا کۆپی نەکردبێت.



هەندێک لەپرۆگرامەکان، فایلەکانی ocx و dllی خۆیان لە هەندێک شوێن وەک Windows/System32دا کۆپی دەکەن، هەر ئەوەش وادەکات کە ئەو ڕێگەیەی خوارەوە کارایی خۆی لەدەست بدات، هەروەها دڵنیابن کە پرۆگرامی WinRAR لەسەر ویندەوزەکەتان دابەزێنرابێت.

بۆ بەپۆرتابڵ کردنی پرۆگرامەکان پێویستە ئەم چەند هەنگاوەی خوارەوە بگرنەبەر:

١. بۆ دەسپێکی کارەکە بچنە ناو شوێنی ئینستۆڵی بەرنامەکەوە کە بەگشتی فولدەری Program Filesە.

٢. ئێستا تەواوی فایلو فۆڵدەرەکانی ناو شوێنی ئینستۆڵی بەرنامەکە بەلێدانی کلیلی Ctrl+A سەلێکت ئۆڵ بکەن.

٣. دوای ئەو لەسەر یەکێک لە فایلەکان، کلیکی ڕاست بکەنو Add to archive هەڵبژێرن.

٤. لەو دایلۆگ بۆکسەداو هەر لەتابی Generalدا لەسەر بژاردەی Create SFX Archive کلیک بکەن تا سەحەکەی لێبدرێت.



٥. ئێستا بچنە ناو تابی Filesەوەو بەسوودوەرگرتن لەماوس لەناو بۆکسی Files to addدا کلیک بکەنو ئەو ناونیشانە سەلێکت ئۆڵ بکەنو بەکلیلی Ctrl+C کۆپی بکەن.

٦. ئێستا بچنە ناو تابی Advancedەوەو لەسەر کلیلی SFX Options کلیک بکەن.

٧. لەو پەنجەرە نوێیەی کە کراوەتەوە هەر لەتابی Generalدا، سەحی بژاردەی Create in the current folder لێبدەن. دواتر لەبەشی Run after extractionدا ناوی فایلەکانی کردنەوەی بەرنامەکە ـ زۆربەی جارەکان فۆرماتەکەی exeە ـ بەبێ کەمو کورتی بینوسن، بۆنمونە ئەگەر ناوی بەرنامەکە YahooMessenger.exeیە، ئەو ناوە بەبێ کەمو کورتی بنوسنەوە.

٨. لەهەنگاوی دواتردا بچنەوە ناو تابی Advancedو لەبەشی Delete Files to delete in the داو لە destination folderدا کلیلی Ctrl+V لێبدەن. بەوکارە دەبینن کە ئەو ناونیشانەی لەهەنگاوی پێنجەمدا کۆپیتان کرد لێرە Paste دەبێت.

٩. ئێستا بچنە ناو تابی Modesەوەو سەحی دوو بژاردەی Unpack to temporary folder و Hide all لێبدەن.

١٠. ئێستا بچنە ناو تابی Updateەوەو سەحی بژاردەی Overwrite all files لێبدەن.

١١. ئێستا بچنە ناو تابی Text And Iconەوەو لەسەر کلیلی Browse لەبەشی Load SFX icon from the fileدا کلیک بکەن. ئێستا پێویستە یەک بە ئایکۆن فۆرماتی ico، بۆ ئەو فایلە کە بەهیوان دروووستکەن، هەڵبژێرن.

١٢. لەکۆتاییدا تەواوی پەنجەرە کراوەکان OK بکەن. ئێستا دەبینن لەشوێنی ئینستۆڵی بەرنامەکە فایلێکی نوێ دروووستکراوە، ئەوە هەر ئەو فایلە پۆرتابلەی پرۆگرامەکەیە. دەتوانن ئەو فایلە لەهەر شوێنێک کۆپی بکەنو بەدووجار کلیک کردن لەسەر ئەو پرۆگرام بکەنەوەو بەکاربهێنن.

# ئەستێرەی بەخت

لەرووی داراییەوە گۆڕانکارییەکی باش بەخۆتەوە دەبینیت، باشتر وایە ئەو پرۆژانەی کە دەتەوێت ئەنجامیان بدەیت زیاتر لێی وردبیتەوە. باشترین ڕۆژی هەفتە بۆتۆ هەینییە.

بەهۆی گیروگرفتێکی خێزانییەوە باری دەروونیت لەماوەی ئەم هەفتەیەدا بەرەو خراپبوون دەچێت، هەوڵ بدە زیاتر گرنگی بەتەندروستی خۆت بدەیت. باشترین ڕۆژی هەفتە بۆتۆ دووشەممەیە.

هەوڵ دەدەیت بۆشتێک کە بەدەستی بێنیت، بەس زۆر دڵنیانیت لەسەرگرتنی ئەو شتە، بەڵام تۆ نائومێد مەبەو بەردەوام بە لەسەر هەوڵەکانی خۆت. باشترین ڕۆژی هەفتە بۆتۆ پێنجشەممەیە.

زۆرجار سوود وەرگرتن لەئەزمونەکانی دەوربەرەکەت وات لێدەکات تووشی هەڵەی گەورەتر نەبیت. باشترین ڕۆژی هەفتە بۆتۆ شەممەیە.

خۆت بەدوور مەگرە لەو ئامۆژگاریانەی لەلایان کەسێکی نزیکتەوە پێت دەوترێن، لەماوەی ئەم هەفتەیەدا دەستکەوتی باشت دەبێت. باشترین ڕۆژی هەفتە بۆتۆ چوارشەممەیە.

ئەوەندە هەوڵ بدە بۆ ژیان کە کاریگەری سلبی نەبێت لەسەر تەندروستیت، بەئەنجامدانی کاری زۆرو ئاڵۆزکردنی ژیانت تەنها هیلاکیت بۆدەمێنیتەوە. باشترین ڕۆژی هەفتە بۆتۆ یەکشەممەیە.

هەوڵ بدە زیاتر گرنگی بدەیت بەهاوسەرەکەتو بەهۆی گرفتی کارو ژیانەوە ئەوت بیر نەچێتەوە، چونکە لەوانەیە ئەو فرامۆشکردنە کاریگەری خراپی بۆسەر ژیانتان هەبێت. باشترین ڕۆژی هەفتە بۆتۆ سێشەممەیە.

ئاگاداری ئەوە بە کە لەگەڵ کێ دەگەڕێیتو باسی دڵی خۆت لای کێ دەکەیت، چونکە هەموو کەس شیاو نییە بۆئەوەی تۆ باسی نهێنییەکانی خۆتی بۆ بکەیت. باشترین ڕۆژی هەفتە بۆتۆ پێنجشەممەیە .

ئەگەر پلانرێژی تایبەتت هەبێت بۆ ژیانی خۆت، دڵنیابە چیتر باسی ئەوە ناکەیت کە بڵێیت فریای هیچ ناکەوم، هەندێک خۆت بەدوور بگرە لەتەمەڵی. باشترین ڕۆژی هەفتە بۆتۆسێشەممەیە.

ئەگەر وابیر بکەیتەوە کە ئەم ژیانەی ئێستا هەتەو بەردەوام لەم خۆشییەی ئێستا دەمێنیتەوە، دڵنیابە کە هەڵە دەکەیت، چونکە دنیا دەوران دەورانە. باشترین ڕۆژی هەفتە بۆتۆ دووشەممەیە.

گرنگی زیاتر بدە بەخێزانەکەتو هەوڵ بدە سوود لەو دانیشتنانە وەربگریت کە پێکەوەن، هەوڵ بدە بوتەکانت کەس زویر نەکەیت. باشترین ڕۆژی هەفتە بۆتۆ شەممەیە.

بەخت ڕووت تێدەکات، ئەگەر بەدەستی خۆت پاڵی پێوەنەنێیت، باشتر وایە هەندێک زیاتر بیر بکەیتەوە لەبڕیارەکانت. باشترین ڕۆژی هەفتە بۆتۆ چوارشەممەیە.

# گروپی کۆمپانیاکانی هەڵەبجە پێویستی بەکارمەندە

## گروپی کۆمپانیاکانی هەڵەبجە پێویستی بەم پۆستانەی لای خوارەوەیە :

١ـ جێگری بەڕێوەبەری بەشی کڕین
٢ـ بەڕێوەبەری بازاڕگەری
٣ـ بەڕێوەبەری کارگێری
۴ـ ژمێریاری ( ئەزمونی کارکردنی لەدوو ساڵ کەمتر نەبێت )

**مەرجەکان :**

- دەرچووی زانکۆ یان پەیمانگابێت
- شارەزایی لەکۆمپیوتەردا هەبێت بەتایبەتی ۆردو ئێکزڵ
- شارەزایی هەبێت لەهەرسێ زمانی عەربیو کوردیو ئینگلیزی
- ئەزمونی کارکردنی هەبێت لەبواری ژمێریاریو کەسێکی بەسەلیقەو وردبین بێت
- پێشینەی ساڵێک یان زیاتری هەبێت لەبواری کڕینو بازاڕگێریو گرێبەستو تەندەراتو دەرخستندا
- بتوانێت لەچارچێوەی تیمدا کاربکاتو خۆی یەکلایی بکاتەوە بۆ کارەکەی
- توانای جەستەیی‌و بینایی‌و بیستنی تەواوبێتو بتوانێ دوور لەشوێنی نیشتەجێبون کاربکات
- توانای نوسینی ڕاپۆرتی هەفتانەی هەبێت.

ئەوکەسانەی خوازیارن دەتوانن سیڤی خۆیان بۆ ئەم ناونیشانە بنێرن:
jobs@halabjagroup.com
دواکات بۆ وەرگرتنی سیڤییەکان ڕۆژی ٢٠١٠/٢/١٥یە

ناونیشان: سلێمانی ـ گروپی کۆمپانیاکانی هەڵەبجە، نزیک پردی شەهید خەسرەوخاڵ، گەڕەکی ٤١٢ ڕزگاری تازە.

REKLAM



METROGRAPHY
IRAQ PHOTOGRAPHY AGANCY

# کۆمپانیای نالیا پێویستی بەکارمەندە

کۆمپانیای نالیا بۆ وەبەرهێنانی خانوبەرە پێویستی بە ژمارەیەک کارمەندە بۆ ئەم پۆستانەی لای خوارەوە:
- ژمێریار
- تایپێست
- پەنچەرچی‌و ڕۆنگۆڕ
- لێپرسراوی گەنجینە

ئەو کەسانەی خوازیارن دەتوانن سیڤی خۆیان بەم ناونیشانە بنێرن: سلێمانی ـ گوندی ئەڵمانی ـ ئۆفیسی کۆمپانیای‌نالیا
ژمارە تەلەفونەکانی: ٠٧٧٠١٥٧٤٨٨٠، ٠٧٥٠١٥٧٤٨٨٠

دواکات بۆ پێشکەکەشکردنی سیڤیەکان ڕۆژی ٢٠١٠/٢/٥یە

# وشەی یەکتربڕ


ئا: عوسمان عەلی

**ستونی**

١. نوسەرێکی کوردە.
٢ . لەخاڵەدایە+ ئاوا.
٣ . یاریزانێکی هەڵبژاردەی ئینگلیزە+ پلەیەکی سەربازیە( پ ).
٤ . ڕەزازی( ت ).
٥. شارێکی کوردستانە+ پیتێک.
٦. ناوێکی کچانەیە( پ ).
٧. فەرهاد( ت ) جۆرە ئۆتومبیلێکە( پ )+ سەروبنی لەری.
٨ . نیوەی ڕەوزە+ ناوێکی کوڕانەیە( پ )+
٩شارێکی کوردستانە+ دڵتەنگی( پ ).
١٠........١١. دەرهێنەرێکی کوردە( پ ).
١٢. زیوا( ت )+ ناوی یەکەمی گۆرانی بێژێکی کوردە( پ ).
١٣. باڵندەیەکە
١٤. مانگێکی کوردیە+ زاراوەیەکی کوردیە.

**ئاسۆیی**

١. شاعیرێکی کوردە.
٢. بیکوژێنەوە+ لەهەناودایە+ دوان لەکەو.
٣. ناوێکی کچانەیە+ ژمارەیەکەبەE.+ سەروبنی هەل.
٤. هار( ت )+ باڵەخانە.
٥. کورتکراوەی ناوێکە+ ئیمزا( پ ).
٦. بیابان پیتی ئاخری نیە+ پێداویستی مەتبەخە.
٧. ناوێکی کچانەیە( پ ).
٨. بەسەرەوەیە+ های( ت ).
٩. مەڕی بێ ناوەند.
١٠. گیان( پ )+وەرە بەفارسی+ لەسەردایە.
١١. سلاو بەE+ بەڵێن( ت )+ دوان لەهار.
١٢. ولاتێکی ئاسیایە+ نەرم( پ )+ مریشک( پ )+ ژێر.
١٣. یەن( ت )+ هەوڵ( ت ).
١٤. گۆرانیبێژێکی کوردە.




**وەڵامی وشەی یەکتربڕی ژمارەی پێشوو**

| ١٤ | ١٣ | ١٢ | ١١ | ١٠ | ٩ | ٨ | ٧ | ٦ | ٥ | ٤ | ٣ | ٢ | ١ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ف | ی | د | ی | ف | د | ی | م | ی | ر | ت | م | ی | د | ١ |
| ه | ی | ر | و | س | ■ | ه | ت | ا | م | ه | ت | ■ | و | ٢ |
| ه | م | ی | ح | ه | ر | ن | ی | س | ح | ی | ل | ه | ع | ٣ |
| م | ر | | ■ | ■ | و | ■ | ب | ی | | ■ | ■ | م | ■ | ٤ |
| ی | ی | ■ | س | ■ | س | ■ | ه | ن | ■ | ش | ■ | س | ■ | ٥ |
| ■ | ■ | ■ | ه | ■ | ■ | | | ■ | ■ | ی | ■ | ■ | | ٦ |
| ■ | ک | ■ | د | ■ | ر | ت | ■ | خ | ■ | ر | ■ | س | ک | ٧ |
| ■ | ا | ■ | ■ | ■ | گ | ن | ■ | ل | ■ | ■ | | ر | ر | ٨ |
| ■ | م | ر | ا | ک | ر | ا | ■ | ا | ج | ی | ح | و | ا | ٩ |
| ■ | ه | ا | ■ | ی | ه | ر | ■ | ب | ا | ت | ه | ه | م | ١٠ |
| ■ | ر | ب | ■ | ب | ب | و | ■ | ه | ■ | و | ی | ■ | ی | ١١ |
| ■ | ا | م | ■ | | م | ت | ■ | ر | ا | ■ | ر | ی | ن | ١٢ |
| ■ | ن | ه | و | ر | ه | س | ■ | ه | ا | ق | ا | ن | ا | ١٣ |
| ■ | ی | خ | ا | د | ه | ر | ه | ق | ا | ی | ن | ل | د | ١٤ |

# SMS

پێمخۆشە ڕۆژنامەکەتان بواری وەرزش لەیاد نەکات، بەتایبەت کە وردە وردە لەمۆندیالی ئەمساڵ نزیک دەبینەوەو گەنجان بەشەوقو زەوقێکی زۆرەوە چاوەڕوانی دەکەن، بەو ئومێدەی بتوانن لەوەشدا جیاوازیی خۆتان بسەلمێنن.

**وەرزشدۆستێک لەهەولێر**

ئەو چاوپێکەوتنەی گەلاوێژخانی ژنی ئیبراهیم ئەحمەدم بەلاوە زۆر جوان بوو، بەڵام لەمانشێتەکەی لاپەڕەی یەکەمیدا هەڵەیەکتان کردبوو، هەوڵ بدەن هەڵەی چاپتان کەم بکەنەوەو هەر سەرکەوتوو بن.

**فاروق فەریق لەکەرکوک**

لاپەڕەکانی سینەمای نم نم زۆر لاوازە، خۆزگە زانیاریی‌و بەدواداچوونی وردتان لەسەر کێشەو گرفتە هونەریی‌و شانۆیی‌و سینەماییەکان دەبوو، بایەختان بەبواری ئەدەبی دەدا.

**هونەردۆستێک لەچەمچەماڵ**

چەند ژمارەیەکی ڕۆژنامەکەتانم بینیوە، بەڵام ڕەخنەم لەسەر وێنەی بەرگی ئەو ژمارەیەتان هەبوو کە منداڵێکتان لەگەڵ بابەتی دڕاندنی پەردەی کچێنی دابەزاندبوو، بەهیوای سەرکەوتنو بەردەوامی زیاتر.

**مەریوان حەسەن لەهەڵەبجە**

لاپەڕەکانی منداڵانتان زۆر جوانو نایابە، بەڵام هێشتا نازانرێت بۆ چ تەمەنێکە، ئومێدەوارم بتوانن ئەو لاپەڕانەتان زیاد بکەنو وەک پێشنیازێکیش هەر جارەی وێنەی منداڵێک بلاوبکەنەوە.

**باوکی ژاوێن لەسۆران**

خاوەنی ئیمتیاز:
کۆمپانیای ڕووداو

ڕاوێژکاری یاسایی:
هەوار جەلال

خێزانی نم‌نم
چۆلی ئەسعەد
سامان سیوەیلی
شەنگە ڕەحیم
محەمەد ڕەسول
شاخەوان مەحمود
بەرزان عەلی حەمە
ناسر فەتحی

ناونیشان:
سلێمانی شارێی سالم تەلاری سلێمانی مۆڵ - نهۆمی دووەم
هەموو پەیوەندییەک ڕاستەوخۆ لەڕێی سەرنوسەرەوە دەبێت:
ئیمەیلی سەرنوسەر: shwan@journalist.com
ژمارەی مۆبایل: 07710268004
تەلەفۆنی نوسینگە: 07480151705

## ئا: کەتایۆن محەمەد



### ئاش نۆک

**پێداویستی:**

**نۆک:** دوو پەرداخ
**نیسک:** یەک پەرداخ
**کەشکی هاڕاو:** یەک پەرداخ
**نەعنای وشک:** بەپێی ئارەزوو
**شعرییەی ئاش:** یەک پەرداخ
**سیر:** پێنج دانە
**خـوێو زەردەچـەوە:** بەپێی ئارەزوو

**چۆنیەتی ئامادەکردنی:**

سەرەتا نۆکو نیسکەکە لەناو ئاو دەکوڵێنین، پاشان شعرییەی ئاشەکەی تێدەکەینو ماوەیەکی زۆر کەم لەسەر ئاگر دایدەنێین، دواتر کەشکە هاڕاوەکە تێکەڵ بەئاوەکە دەکەینو بەباشی تێکی دەدەین، دواتر تێکەڵ بەئاشەکەی دەکەین.
لەکۆتاییدا ئەم ئاشە دەکەین ناو قاپو لەناو تاوەیەک سیرەکە لەناو رۆن سور دەکەینەوە، پاشان نەعنا وشکەکە تێکەڵ بەسیرەکە دەکەینو دوای سورکردنەوەی سیرو نەعناکە دەیکەینە سەر ئاشەکەو بەکەشک ئاشەکە دەیرازێنینەوە.



### کوبەی پەتاتە

**پێویستییەکانی:**

**پەتاتە:** یەک کیلۆ
**هێلکە:** سێ دانە
**شعرییە:** دوو پەرداخ
**قیمە:** نیو کیلۆ
**کشمیش:** یەک پەرداخ
**پیاز:** یەک دانە
**کەرەوز:** بەپێی پێویست
**زەردەچـەوەو خـوێ:** بەپێی پێویست

**چۆنیەتی دروستکردنی:**
سەرەتا پەتاتەکان دەکوڵێنینو توێکڵەکەی لێدەکەینەوە. لەناو قاپێک پەتاتەکان دەشێلینو خـوێو زەردە چـەوەو دوو هێلکەی بەساخی نەک بەکوڵاوی تێکەڵ دەکەین، لەناو تاوەیەک رۆنو پیازەکە دەقرچێنینو قیمەکە سور دەکەینەوە، پاشان کەرەوزە وردکراوەکەی تێکەڵ دەکەین، پاش سوربوونەوەی، کشمیشەکەی تێکەڵ دەکەین.
بەرێی دووهێندەی گوێز لەپەتاتەکان هەڵدەگرینو لەناو لەپی دەستمان پانی دەکەینەوە. پاشتر گیراوەی قیمەکەی تێدەکەینو دواتر بەبەشێکی دیکەی پەتاتەکە قیمەکە دادەپۆشینو دەیخەینە ناو سپێنەی هێلکەکەو بەباشی بەهێلکەکە تەری دەکەین، دوای هەموو ئەوانە ئەم کوبەی پەتاتەیە دەخەینە ناو شعرییە وردکراوەکان تاوەکو هەموو بەشی کۆبەکە شعرییەی پیوە دیار بێت، پاش ئامادەکردنی کوبەکان بەم شیوەیە لەناو رۆن سوری دەکەینەوە.

# چی بکەی تا نینۆکەکانت نەقڵیشێت؟

**هەوری فەرهاد**



قڵیشانی نینۆکەکان بەگشتی دەگەڕێتەوە بۆ کەمی ڤیتامین، مادەی کانزاییو مادە خۆراکییەکانی دیکە، بەڵام هەندێک هۆکاری دیکەش کاریگەری خۆیان هەیە، بۆنمونە ئەگەر دەست زۆر لەناو ئاودابێت، دەبێتە هۆی قڵیشینی نینۆکەکان، بەتایبەتی ئێستا کە کەشو هەوا ساردە.
بۆ ئەوەی رێگە لەقڵیشینی نیۆنۆکەکانتان بگرن، پێویستە ئەم چەند هەنگاوەی خوارەوە بگرنەبەر تا لەگەڵ نینۆکەکانتان بەئارامی هەڵسوکەوت بکەن:
١. کاتێک کە بەشێوەی بەردەوام دەستەکانتان لەناو ئاودایە یان مادە کیمیاییەکان زۆر بەکاردەهێنن، سوود لەدەستکێش وەربگرن.
٢. زۆر شت مەشۆن، تا دەستو نینۆکەکانتان لەناو ئاودا نەخوسێنن.
٣. لەچەسب یان بۆیەی نینۆک بۆ چاککردنەوەی نینۆکەکانتان سوودوەربگرن.
٤. مانگی زیاتر لەدووجار ئەسیتۆن بەکارمەهێنن.
٥. هەوڵ بدە کەمتر میکیاج بۆ دەستو نینۆکەکانت بکەی.
٦. دوای هەرجارێک بەکارهێنانی ئاو یان ئەسیتۆن پێویستە لەکرێمی نەرمکەرەوە سوودوەربگرن.
٧. بەشێوەی رێکو پێک نینۆکەکانتان بەردەوام کەم بکەنەوەو بەبڕبەن گۆشەکانی بەشێوە هیلالی رێکو پێک بکەنەوە.
٨. ئەگەر بەو رێگەیانەی سەرەوە بەکارتان نەهات، بچنە لای پزیشکی پێست.



# بۆئەوەی بەژنو باڵایەکی رێکو جوانتان هەبێ

**کەلا عێزەت**

کۆمەڵێک خاڵی سادە هەیە کەزۆر یارمەتیتان دەدات بۆ ئەوەی ئەندامێکی رێکو پێکتان هەبێت، ئەوەشتان لەبیر نەچێتەوە کەبەشی زۆری جوانی ژن یان هەر مرۆڤێک لەرێکوپێکی ئەندامی دایە، هەر بۆیە ئەم بابەتە زۆر یارمەتیتان دەدات.

**چەرەساتو دڵی تەندرووست**
زۆربەمان دەزانین چەرەسات رێژەیەکی زۆری چەوری هەیە، هەر بۆیەش ئەوانەی کە زۆر نیگەرانی کێشیانن، چەرس ناخۆن، بەڵام ئایا دەتانزانی کە چەوری ناو چەرەسات هیچ خراپ نییەو زۆر تەندرووستە؟ لێکۆڵینەوەیەکی نوێی نیشاندەدات کەسانێک کە زۆرترین رێژەی چەرەس دەخۆن، کەمترین ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشی دڵیان هەیە.

**جبز مەخۆن**
جبزەکانیش وەک جبزی پەتاتەن، رەنگە خراپتریش بن. هەر ٣٠گرام جبز نزیکەی ١٥٠کالۆری وزەی هەیە کە بەگشتی ١٠گرامی چەورییە.

# چی پێویستە بۆ دیکۆراتی ماڵو شوقە بچوکەکان؟

**تێشوو ئەحمەد**

هەمیشە ئەو خاڵەت لەبیر بێت کە هەڵبژاردنی زیرەکانەی کەرەستەکانی ناوماڵ یارمەتیت دەدات ژوورێکی بچوک گەورەتر نیشان بدرێت. لەو بابەتەدا کۆمەڵێک خاڵ دەخەمەڕوو تا بەسوود وەرگرتن لێیان بتوانی خانوویەکی بچوک بەشێوەیەک دیزان بکەی کە گەورەتر بێتە بەرچاو.

**رەنگی سپی**
ژوورێکی بچوک بەرەنگێکی ساردو ئارام گەورەتر دێتە بەرچاو. رەنگە روناکو ساردەکان تیشکەکان بڵاودەکەنەوەو بەمشێوەیە ژوورەکە گەورەتر نیشان دەدرێت. رەنگ کردن دیوارو دەرگاکان، یارمەتیتان دەدات



ئەو مەبەستە بگەینە بینەر. لەو وێنەیەی خوارەوەدا دیزاینی ژووەکە بەرەنگی سپی بووەتە هۆی گەورەتر دەرکەوتنی ژوورەکە.

**چنینی کەرەستەکانی ناو ژوورەکە بەشێوەیەکی داهێنەرانە**
لەو وێنەیەی خوارەوەدا کورسیو قەنەفەکان بەشێوەی تایبەت دانراونو زەوی ناو ژوورەکە بەدەرەوەیە هەر بۆیەش گەورەتر لەحاڵەتی ئاسایی دێتە بەرچاو.



**بەرزایی نزم**
هەڵبژاردنی قەنەفەیەک کە بەرزاییەکەی کەم بێت دەتوانێت شیاوترین هەڵبژاردن بێت بۆ ژوورێکی بچوک. سەرکەوتن لەدیزانی ژوورێکی بچوکدا، دەگەڕێتەوە سەر هەڵبژاردی درووستی قەنەفەکان. لەو وێنەیەی خوارەوەدا دوو کورسی بچوک دانراوە کە هەلی گفتوگۆیەکی دۆستانە دەخاتە بەردەست ئەو کەسانەی لەژوورەکەدان.



**داهێنان لەهەڵبژاردنی پەردەدا**
ئەگەر سەرەتای پەردەکەتان لەبن میچەکەوە بێت نەک لەسەر پەنجەرەکانەوە، بنمیچەکەتان بەرزتر دێتە بەرچاو. هەروەها هێلەکانی ستونیو ناسکی ناو پەردەکە ئەو بەرزاییە زیاتر نیشان دەداتو ژوورەکە بەوکارە گەورەتری نیشان دەدرێت.



# تۆدەزانی لەچی ببەستی؟




# لەدایکبووانی بورجی دووانە لەگەڵ کێ هاوسەری بکەن باشە؟!

**کاڵێ مستەفا**

* بورجی دووانە لەگەڵ بورجی کاوڕ: (خراپ) کەسانێکن بەجوڵەی زۆرەوە کە بێ بڕیارو ناسازگارن.
* بورجی دووانە لەگەڵ بورجی گا: (مامناوەند) هۆشێکی زۆر کە زۆر لەگەڵ یەکتر ناسازێن.
* بورجی دووانە لەگەڵ بورجی دووانە: (باش) کەسانێک کە حەز بە راوێژ دەکەنو توانای چارەسەری کێشەکانیان هەیە.
* بورجی دووانە لەگەڵ بورجی قرژاڵ: (مامناوەند) بە روحیەتی بێ قەراری خۆیان کێشە بۆ یەکتر درووست دەکەن.
* بورجی دووانە لەگەڵ بورجی شێر: (زۆر باش) دوو کەسی سەرنجڕاکێشو کۆمەڵایەتی بەکۆمەڵێک هەڵسوکەوتی هاوبەش.
* بورجی دووانە لەگەڵ بورجی فەریک: (مامناوەند) دڵخۆشییەکی زۆر لە پەیوەندییەکانیاندا بوونی نییە.
* بورجی دووانە لەگەڵ بورجی تەرازوو: (زۆر باش) کەمتر تورە دەبن، هونەر دۆستنو زۆر سەرزیندوو شادن.
* بورجی دووانە لەگەڵ بورجی دووپشک: (مامناوەند) بۆ گەیشتن بەخۆشبەختی دەبێت کێشەو گرفتو بۆچوونەکانی یەکتر قبوڵ بکەن.
* بورجی دووانە لەگەڵ بورجی کەوان: (زۆر باش) پڕ لەخۆشەویستیو حەزن بۆ ژیانی هاوبەشیان.
* بورجی دووانە لەگەڵ بورجی گیسک: (باش) خۆراگرو سیاستمەدارو پێکەوە سازگاری باشیان هەیە.
* بورجی دووانە لەگەڵ بورجی سەتڵ: (زۆر باش) بەروحیەتێکی مرۆڤدۆستانە هەمیشە ئامادەی یارمەتیدانی یەکترن.
* بورجی دووانە لەگەڵ بورجی سەتڵ: (خراپ) خەیاڵاویو پڕن لەرازو رەمز کە لەگەڵ یەکتر ناسازێن.



نم نم
له خەڵكەوه بۆ خەڵك
11 www.Nnmnm.com
یەکەمین
رۆژنامەی کوردی
تایبەت بە نابینایان کە
هەموو پێنجشەممەیەک
لەگەڵ ژمارەی نوێی
نم نم بڵاودەبێتەوە



# ئەلیسا تووشی خەمۆکی دەبێت



ژیکاڵ شازاد

بەهـــۆی ئـــەو قەیرانـــە بەردەوامانەی لـــەدوای بڵاوبوونـــەوەی ئەلبوومـــە تازەکەیەوە رووبەرووی بوونەتەوە، خانمە هونەرمەندی لوبنانی ئەلیسا روبەڕووی خەمۆکییەکـــی زۆر بووەتەوە، چونکە هەموو ئەو قەیرانانە دوورنییە کاربکەنە سەر فرۆشی ئەلبوومەکەی.
دیارترین کیشـــەی ئەوەیـــە کە گوایە بیرۆکـــەی پۆســـتەری ئەلبوومەکەی لەوێنەیەکی ئیڤا لۆنگۆریای نمایشکاری جیهانیـــی جلوبەرگـــەوە وەرگرتووە.
کێشـــەی دووەم ئەوەیە کە دابەشکاری مۆزیکـــی گۆرانییەکانـــی روبەڕووی داوایەکی یاســـایی دەبێتـــەوە بەهۆی ئەوەی گوایە ئاوازی هاوبەشـــی خۆیو هونەرمەندێکـــی تـــری بەکارهێناوە بەبێ پرسکردن بەهاوکارەکەی خۆی، لەبەرامبەردا ئەو هونەرمەندەش سکاڵای لەدژی ئەلیسا تۆمارکردووەو بەڵێنیشی پێدراوە کە مافی خۆی بدرێتێ.
کێشـــەی ســـێیەمی خاتوو ئەلیســـا، لێدوانەکانییەتی لەبارەی فەزڵ شاکر کە بووەهۆی تووڕەکردنی دووەمیان.

# هیلاری پێڵاوەکانی ون کرد!



ماردین عیسا

لەرووداوێکی موحریجدا، هیلاری کلینتۆنی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا پێڵاوەکانی لەســـەر پلیکانەکانی کۆشکی ئەلیزێی فەرەنسا ونکرد.
ئـــەو رووداوە لەکاتێکـــدا بوو کـــە هیـــلاری بەڕێوەبـــوو بۆ ســـڵاوکردن لەنیکۆلا سارکۆزی سەرۆکی فەرەنسا لەناو کۆشکی سەرۆکایەتیدا.
پێویســـتە بوترێـــت هیـــلاری کلینتۆنـــی وەزیـــری دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ســـەردانێکی یەک رۆژەی کرد بۆ فەرەنســـاو تێیدا باسی چەند دۆسیەیەکی سیاسیو نێودەوڵەتیی گرنگی کرد لەگەڵ ســـارکۆزیو بەرپرسە باڵاکانی فەرەنسادا.

# ئەستێرەکان ... لەچییەوە بوون بەچی؟!

لاس شێرزاد

زۆربەی هونەرمەندانی ئێستاو دوێنێ پێش دەرکەوتنیان وەک ئەســـتێرەی هونەری، هەریەکـــەو پیشـــەیەکیان هەبـــووەو لەو رێگەیەوە بژێوی ژیانی خۆیان دابینکردووە. هەر لەپیشەســـازییەوە تـــا میللیو کاری حکومی. لێرەدا کارو پیشەی بەشێک لەو هونەرمەندانە دەخەینەڕوو:

*** نەجوا کەرەم:**
مامۆستای سەرەتایی بووە.
*** عاسی رەحبانی:**
پۆلیس بووە لە شارەوانی ئەنتلیاس.
*** فەرید شەوقی:**
فەرمانبەری روپێوی بووە.
*** کاتیا حەرب:** لەکارگەی فرۆشتنی ئارد کاریکردووە.
*** وەلید تۆفیق:**
لەدوکانی ئەلیکترۆنییەوە بۆ دارتاشی.
*** رەزا عەبدوڵڵا:**
شۆفێری تاکسی بووە.
*** نەبیلە عوبێد:**
نمایشکاری جلوبەرگ بووە.
*** کازم ساهیر:**
لەهاویناندا ساردەمەنی فرۆشتووە.
*** هەیفا وەهبی:**
نمایشکاری جلوبەرگ بووە.
*** مادلین تەبەر:**
وەک رۆژنامەنوس کاریکردووە.



# قوربانییەکانی جەنابی سەرۆک بۆدوورکەوتنەوەی لەچاوی پیس

رەهەند ئومێد

لەپێناو پاراســـتنی لەســـیحری ڕەش، ئاســـف علی زەرداری ســـەرۆکی پاکســـتان هەموو رۆژێک بزنێکی ڕەش لەماڵەکەی خۆیدا ســـەردەبڕێت، ئەویش بۆ دوورخستنەوەی "چاوی شەڕ" لەخۆیو ماڵەکەی.
فەرحەتوڵڵا بابار وتەبێژ بەناوی سەرۆک زەرداریەوە رایگەیاند کـــە ســـەربڕینی بزنەکە وەکو خێرەو لەپێنـــاو نزیکبوونەوەیە لەخوداو نەهێشتنی نەهامەتیدا، ئـــەوەش نەریتێکـــی کۆنە لای زەرداریو ماوەیەکی زۆریشە کە ئەو نەریتە پەیڕەو دەکات.



# خانمی یەکەمی وڵات: بەراز بەتامترە لەڤیاگرا؟!

تینوو ئازاد

خاتوو کریستینا کیرشنەری سەرۆکی ئەرژەنتین پێیوایە خواردنی گۆشتی بەراز باشـــترە لەحەبـــی ڤیاگرا بۆ باشکردنی چالاکیی سێکسی.
خانمی سەرۆک لەمیانەی دیدارێکیدا لەگەڵ بەخێوکەرێکی بەرازدا رایگەیاند کە ئەوە زانیارییەکی بێکەڵک نییە کە خواردنی گۆشـــتی بەرازی بچووک بەلەزەتترە لەخواردنی حەبی ڤیاگرا.
کیرشنەر راشـــکاوانە ئاشکرایکرد کە کۆتایی هەفتـــەی رابردوو لەگەڵ مێردەکەیدا لەبـــارەگای حەوانەوەی خۆی لەناوچەی باتاگۆنیای باشـــوور برژاوی گۆشتی بەرازیان خواردووە، هـــاوکات بەزەردەخەنەیەکیشـــەوە روونیکـــردەوە کـــە "بارودۆخەکە زۆرباش بوو، هەمووشـــت بەباشـــی بەڕێوەچوو"!

# جگەرەکەی چەرچڵ حەوت هەزار دۆلاری کرد

چەلەنگ نەوزاد

لەزیادکردنێکی ئاشـــکرادا لەوڵاتی بەریتانیـــا، جگەرەکەی وینســـتۆن چەرچڵی سەرۆک وەزیرانی پێشووی بەریتانیا بەبڕی ٧٢٤٥دۆلار فرۆشرا.
چەرچـــڵ نیـــوەی ئـــەو جگەرەیەی لەکۆبوونەوەیەکـــی حکومەتەکەیـــدا لەساڵی ١٩٤١دا کێشـــاوە، پاشان کـــۆگای یادەوەرییـــە تایبەتـــەکان لەزیادکردنێکدا لەنۆرفۆلک ئەو لەتە جگەرەیەی کڕیوە.
بەرپرسی زیادکردنەکە ئاشکرایکرد کە هەرگیز پێشبینی ئەوەی نەکردووە ئەو لەتە جگەرەیەی چەرچڵ ئەو برە پارەیە بکات!
ناوبراو، پێشـــبینی ئـــەوەی کردبوو ئـــەو جگەرەیـــە کـــە درێژییەکەی ١٠ســـەنتیمەترە لـــە ٥٦٠دۆلار زیاتر نـــەکات، بـــەڵام بەپێچەوانەی پێشـــبینییەکانییەوە زیاتر لەحەوت هەزار دۆلاری کۆکردەوە!

# وەزیرێکی ئیسرائیل لەئیمارات!

رێکەوت جەمیل

رۆژی یەکشـــەممەی رابـــردوو بـــۆ یەکەمجـــار وەزیرێکی ئیســـرائیلی لەوڵاتی ئیماراتی عەرەبی بینرا.
بەمەبەســـتی بەشـــداریکردنی لەکۆنگرەیەکی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی نوێبووەوە لەئەبـــو زەبی، رۆژی یەکشـــەممە عوزی لانـــداو وەزیری ژێرخانی ئیسرائیل گەیشتە ئەو وڵاتە.
لانداو، وتارێکی لەبەردەم کۆنگرەکەدا پێشـــکەش کـــردو بانگهێشـــتی ئامادەبوانیشی کرد بۆ کۆنگرەیەکی هاوشێوە کە مانگی داهاتوو لەئیلات بەڕێوەدەچێت.
لەو سەردانەیدا کە بەیەکەم سەردانی وەزیرێکـــی ئیســـرائیلی بۆئیمارات دادەنرێـــت، نوێنەرانـــی وەزارەتی دەرەوەو پســـپۆرانی وەزارەتـــی ژێرخانی ئیسرائیل هاورێیەتی لانداو دەکەن. ناوبراو بانگهێشـــتکردنی بۆ کۆنگرەکەی ئەبوزەبی بەکارێکی بوێرانە وەسفکرد بۆ وڵاتی ئیمارات.